PAY FOUNDATION
For Education & Development

NED
NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

# لە هەرێمی کوردستاندا
# ئەزموونی دواخستنی هەڵبژاردن دەوڵەمەندترە لە ئەنجامدانی




راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

راپۆرتی حەڤدەهەم

٢٠٢٤

راپۆرتێکە سەبارەت بە دواخستنی هەڵبژاردنی
خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و
هۆکارەکانی

NED
NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

PAY FOUNDATION
For Education & Development

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (١٠٧)

## راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

# لە هەرێمی کوردستاندا
# ئەزموونی دواخستنی هەڵبژاردن دەوڵەمەندترە لە ئەنجامدانی

### راپۆرتێکە سەبارەت بە دواخستنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و هۆکارەکانی

## راپۆرتی حەڤدەهەم

٢٠٢٤

## ستاف کار


سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ڕێکخەری پرۆژە:

**محەممەد کەریم ئەحمەد**

بەرپرسی بەشی کوردی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حەسەن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

چاودێری پرۆژە:

**ڤیان محەمەد قەرەنی**

چاودێری پرۆژە:

**شۆخان مەحمود عەبدولمەجید**

تۆماری داتا:

**تروسکە سەروەر عەبدوڵڵا**

دیزاینەر:

**باڤین سەروەر**



★- دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان **(PAY)**:

-لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٤٠٦) تۆمارکراوە.

-لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا بە ژمارە (٥١٨٦) تۆمارکراوە.

- لە (٢٠٢٤/٣/٥) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراقی فیدراڵ و لە (٢٠٢٤/٥/١٢) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان).

★- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی **(NED)**ی ئەمریکی دەستی پێ کردووە،



**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701564576

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payinstitute.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢٤**

## ناوەرۆك


پێشەكی ..... ٥
پەرلەمانی كوردستان ..... ٨
خولەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ..... ٩
خولی یەكەم ..... ٩
خولی دووەم ..... ٩
خولی سێیەم ..... ١٠
خولی چوارەم ..... ١٠
خولی پێنجەم ..... ١١
دواخستنەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ..... ١٢
١-یەكەم دواخستن ..... ١٢
٢-دووەم دواخستن ..... ١٢
٣-سێیەم دواخستن ..... ١٢
٤-چوارەم دواخستن ..... ١٢
٥- پێنجەم دواخستن ..... ١٢
٦-شەشەم دواخستن ..... ١٣
٨-هەشتەم دواخستن ..... ١٣
٩-نۆیەم دواخستن ..... ١٣
٧-حەوتەم دواخستن ..... ١٣
١٠-دەیەم دواخستن ..... ١٣
١١-یانزەهەم دواخستن ..... ١٤
١٢-دووانزەهەم دواخستن ..... ١٤
١٣-دواخستنێكی تریش قەرزارین بۆ سیانزەهەمین جار ..... ١٤
خشتەی (١): درێژكردنەوەی تەمەنی خولەكانی پەرلەمان ..... ١٥
خشتەی (٢): دواخستنەكانی هەڵبژاردن لە مەرسومەكانی سەرۆكی هەرێمدا ..... ١٥
خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان ..... ١٦
پەرلەمانی كوردستان ئێستا دەبوایە لە چ قۆناغێكدا بێت؟ ..... ١٨
هۆكارەكانی دواخستنی هەڵبژاردن ..... ١٩
یەكەم: هۆكارە رووكەشەكان ..... ١٩
دووەم: هۆكارە حەقیقیەكان ..... ٢٠
سەربوردەی تۆماری دەنگدەران لە هەرێمی كوردستان ..... ٢١
لیژنەی بەدواداچوون لە خولی سێیەمی پەرلەماندا ..... ٢٢
كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم و بێدەنگیی خولەكانی چوار و پێنج ..... ٢٤
هۆكارەكانی خەمساردی لایەنەكان لە پاك نەكردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا ..... ٢٦
سەربوردەی بڕیارەكەی دادگەی ئیتیحادی داهاتووی هەڵبژاردن ..... ٢٧
ئه نجام ..... ٣٢

راسپاردەکان ..... ٣٣

پاشکۆی ( ١ ): یادداشتی ( ٣٩ ) پەرلەمانتار لە خولی سێیەمدا ..... ٣٤

پاشکۆی ( ٢ ): بڕیاری پەرلەمان سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆلینەوە لە تۆماری دەنگدەران ..... ٣٧

پاشکۆ: ( ٣ ): ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی نایاسایی ژمارەی دەنگدەران ..... ٣٨

پاشکۆی ( ٤ ): یاداشتی پەرلەمانتار سەبارەت بە پرسی تۆماری دەنگدەران ..... ٤٧

پاشکۆی ( ٥ ): یاداشتی چەند پەرلەمانتارێك لە خولی چوارەمدا سەبارەت بە گرفتی تۆماری دەنگدەران ..... ٤٨

پاشکۆی ( ٦ ): راپۆرتی ژمارە ( ٩ )ی ئینستتیوتی پەی تایبەت بە پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران ..... ٥٠

پاشکۆی ( ٧ ): راپۆرتی ژمارە ( ٩ )ی ئینستتیوتی پەی تایبەت بە پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران ..... ٥١

پاشکۆی ( ٨ ): راپۆرتی ژمارە ( ٩ )ی ئینستتیوتی پەی تایبەت بە پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران ..... ٥٢

پاشکۆی ( ٩ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقی کردووە ..... ٥٣

پاشکۆی ( ١٠ ): یادداشتی تانەی ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی کردووە ..... ٥٤

پاشکۆی ( ١١ ): وەڵامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی بۆ ئەو تانەکەی ئینستتیوتی پەی ..... ٥٨

پاشکۆی ( ١٢ ): سکاڵای دووەمی ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی کردبوو ..... ٥٩

پاشکۆی ( ١٣ ): سکاڵای ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکانی کردبوو ..... ٧٢

پاشکۆی ( ١٤ ): نوسراوی دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان بۆ سکاڵاکەی ئینستتیوتی پەی ..... ٨٥

پاشکۆی ( ١٥ ): یادداشتی ( ١٨ ) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن ..... ٨٦

پاشکۆی ( ١٦ ): یادداشتی ( ٤٢ ) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ..... ٩٠

پاشکۆی ( ١٧ ): یادداشتی زیاتر لە ( ٢٠٠ ) ڕێکخراو کەسایەتی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ..... ٩٣

پاشکۆی ( ١٨ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی بۆ پەرلەمانتاران سەبارەت بە بانگهێشتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ..... ١٠٢

پاشکۆی ( ١٩ ): سەردانی شاندێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بۆ ئینستتیوتی پەی ..... ١٠٤

پاشکۆی ( ٢٠ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە هەڵبژاردن لە وادەی خۆی ..... ١٠٥

پاشکۆی ( ٢١ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا ..... ١٠٧

پاشکۆی ( ٢٢ ): یادداشتی ( ٣٥ ) ڕێکخراوی کۆمەڵی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار سەبارەت بە ڕێگریکردن لە ساختەکاری ..... ١٠٨

پاشکۆی ( ٢٣ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم ..... ١١١

پاشکۆی ( ٢٤ ): پەیامی ئینستتیوتی پەی لە ( ٣٠ )ەمین ساڵیادی هەڵبژاردنی پەرلەماندا ..... ١١٥

پاشکۆی ( ٢٥ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی بۆ جێنین پلاسخارت نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق ..... ١١٩

پاشکۆی ( ٢٦ ): یادداشتی ( ٦ ) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا ..... ١٢١

پاشکۆی ( ٢٧ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت دواخستنی هەڵبژاردن ..... ١٢٣

پاشکۆی ( ٢٨ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت مەترسییەکانی دواخستنی هەڵبژاردن ..... ١٢٦

پاشکۆی ( ٢٩ ): پەیامی ئینستتیوتی پەی لە ( ٣١ )ەمین ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەماندا ..... ١٢٩

پاشکۆی ( ٣٠ ): نامەی ئینستتیوتی پەی بۆ سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمان ..... ١٣٣

پاشکۆی ( ٣١ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە وەرگرتنی موچەی نایاسایی ..... ١٣٧

پاشکۆی ( ٣٢ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە بڕیارەکەی دادگەی ئیتیحادی ..... ١٣٩

پاشکۆی بەڵام( ٣٣ ): یادداشتی ئینستتیوتی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ..... ١٤٣

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان ..... ١٤٦

## پێشەکی

(٣٢) ساڵ لەمەوبەر، یەکەم پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمدا بەڕێوە چوو و خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە بۆ داهاتوویەکی گەش، بەرەو سندوقەکانی دەنگدان هەنگاویان نا. بەڵام بەداخەوە، بەتێپەڕ بوونی کات ئەم خەونە ئاڵو والایە کاڵ بوویەوە، ئەو دامەزراوە باڵایە ساڵ بە ساڵ لاوازتر، دەستەمۆتر و فەرامۆشکراوتر، رۆژ لەدوای رۆژ سست تر، لە ئەنجامدانی ئەرکە یاساییەکانی کۆڵەوارتر و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا لە چاودێریی دەسەلاتی جێبەجێکردنیشدا بێ دەسەلاتتر بووە. خول لەدوای خول متمانەی لای دەنگدەرانی بەرەو نزمی چووە، بەلگەش بۆ ئەمە دابەزینی بەردەوامی رێژەی بەشداربووان و دەنگدەرانی و لەدەستدانی متمانەیەتی لای خەڵکی کوردستان.

بەپێی یاساو بڕیارە بەرکارەکان، پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق، بەلام لەبری ئەوەی کۆکەرەوەی خەڵکی کوردستان و دامەزراوەی چارەسەری قەیرانەکان بێت، لە کۆتاییەکانی تەمەنی خولی پێنجەمدا ببوو بە دروستکەری قەیرانەکان، کە بە لاوازترین خول ئەژماردەکرێت، سەرباری بەرەو پێشەوە چوونی رەوتەکەو گۆڕانکارییەکانی سەردەم، لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا: کەمترین دانیشتنی ئەنجامداوە و کەمترین یاسای پەسەندکردووە، چاودێریی دەسەلاتی جێبەجێکردنی نەکردووە، زۆرترین پێشێلکاریی پەیڕەوی و زۆرترین یاسا شکێنی کردووە، لە کۆی چوار دەستەی سەربەخۆ کە پەیوەندیدار بوونە پێیەوە یەکی سێ دانەیانی خستووە، نەیتوانیوە یاساکانی خۆی جێبەجێ بکات، بە نایاسایی و بێ پاساوی لۆژیکی تەمەنی خۆی درێژ کردەوەو هەرێمی خستە بۆشایی یاساییەوە، نەك هەر ئەمانە، بەڵکو قەیرانیان دروستدەکرد تا هەڵبژاردن نەکرێت.

لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان دەبوایە هەشت خولی بەڕێ بکردایەو خولی نۆیەمی دەستبەکار بوایە، بەلام سەرباری ئەوەی تەنها پێنج خولی بەڕێکردووەو سێ خولێ قەرزارە، واتە دوانزە ساڵ لە پاشە، کەچی هەڵبژاردنی خولی شەشەمیشی نادیارە و نازانرێت کەی دەکرێت. دەبوایە سەدان یاسای تۆکمەو سەردەمیانەی پەسەند بکردایەو بۆشایی یاسایی لەهەرێمدا نەهێشتایە، دەستورێکی سەردەمیانەی بۆ چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان ئامادە بکردایە. چاودێرێکی لێهاتوو و چاوکراوە بوایە لەهەمبەر دەسەلاتی جێبەجێکردندا. کارێکی بکردایە کەلتوری کاری پەرلەمانی لە هەرێمدا پەرە پێبدابوایە، لە بایەخ و گرنگیی پەرلەمانی زیاتر بکردایە و لای خەڵکی کوردستان خۆشەویستی بکردایە. گومبەزی کۆکردنەوەی لایەنە سیاسیە ناکۆکەکان بوایەو هۆکاری پاراستنی باڵانسی نێوانیان بوایە لەپێناو بەردەوامیدان بە پرۆسەی ئاشتی و خزمەت. هەر بە راستی مەرجەعی خەڵکی کوردستان بوایە لە یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنوسسازەکانیدا، بڕیاردەری هەنگاوەکانی سەرکردایەتی کوردستان بوایە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی لەگەڵ عیراقی فیدراڵدا. بەلام هیچ کام لەوانەی نەکرد، بووە هۆی ئەوەی هەڵبژاردن دوابخرێ، دادگەی ئیتیحادی بڕیار لە نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی بدات و کارەکانی رابگرێت، نەك هەر ئەمە بەڵکو بڕیاری بەمەرجەع بوونیشی لێ بسەنێتەوە.

لە (٣٢) ساڵی رابردوودا پەرلەمان (٨) جار تەمەنی خۆی درێژکردۆتەوە، جگە لەمە (٤) مەرسومی سەرۆکی هەرێمیش کە وادەی هەڵبژاردنیان پێ دیاریکرابوو جێبەجێنەکران و دواخران، ئەوەتا ئێستا مەرسومی پێنجەم

دەردەچێت و ئەگەر ڕەوشەکە بەم شێوازە بەردەوامبێت، لەوەدەچێ سەرۆکی هەرێم ناچار بێت مەسومی شەشەمیش دەربکات.

هێزە سیاسییەکان بۆ دواخستنەکان هەمیشە پاساویان هێناوەتەوە، بەڵام پاساوەکان بنەمای لۆژیکیان نەبووە، چونکە هۆکاری سەرەکی ململانێ و دەستشکانەوەی نێوانیان و لەدەستدانی جەماوەریان بوو، هەربۆیەش بۆ مانەوەیان لەدەسەڵات هانایان بۆ دواخستن بردووە.

ئەگەر وانیە! یەکێ لە پاساوەکانیان لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا تۆماری دەنگدەران بووە بەناوی ئەوەی تۆمارەکە پاك نیەو لەسایەیدا گزی و ساختەکاری دەکرێت، ئەمە ڕاستە کە تۆمارەکە پڕە لە پۆخڵەوات، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی لە پێنج خولی ڕابردووی پەرلەماندا، بەو هەموو فراکسیۆن و دامەزراوانەی هەبوون، گوایە هەموویان ناڕازین لێی کەچی نە پاکیان کردەوە و نە هیچ هەنگاوێکیان لەپێناویا نا، ئێمە لە دامەزراوەی پەی کە ڕێکخراوێکی مەدەنیی سادەو ساکارین، لە دە ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت ئەو تۆمارە پاك بکرێتەوە، لەم پێناوەشدا چەندین ڕاپۆرتمان ئامادەکردووە، دەیان یادداشتمان داوە بە پەرلەمان و حکومەت و کۆمسیۆن و لایەنە سیاسییەکان، چەند وۆرکشۆپ و دیدارێکمان لەمبارەیەوە بۆ کەسانی پسپۆر نوێنەرانی لایەنەکان ڕێکخستووە، بەفەرمی تانەمان لە تۆمارەکەداوەو لە دادگا سکاڵامان تۆمار کردووە، کەچی لایەنە سیاسییەکان کە تەنها لە ساتی هەڵبژاردنەکاندا لێی ناڕازین، پەرلەمان و حکومەت و کۆمسیۆن و دەیان دامەزراووەی تریان بەدەستەوە بووە، هیچ کات هیچ هەولێکیان نەدا تا پاکی بکەنەوەو تۆمارێکی پوخت بۆ خەلکی کوردستان ئامادە بکەن کە ئەرکی سەر شانیان بوو.

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم کە پێنج لایەنە سیاسییەکەی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) پێکیان هێنابوو، ئەرکی دروستکردنی تۆمارێکی بێگەرد یەك لە ئەرکەکانیان بوو، نەك هەر نەیانکرد، بەڵکو هەر فراکسیۆنەکانیش بوون لە پەرلەمان کۆمسیۆنیان بەم دەردەبرد و چوار ساڵ بەنایاسایی گوزەری دەکرد و دواجار پەکیان خست. گەر بە گریمانە بلێین پارتی لەپێناو پاك نەکردنەوەی تۆماری دەنگدەران سور نەبووە لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆنەکە، ئەی چوار لایەنەکەی تر بۆچی هەوڵی پاککردنەوەیان نەدا!؟ هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوە بوون کە نەیاندەویست هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا بکرێت. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە خودی لایەنە سیاسییەکان هیچ کامیان جددی نەبوون لە پاك کردنەوەی، چونکە ئەگەر پاك بکرێتەوە بیانوی دواخستنی هەڵبژاردنیان لەکیس دەچێت، کە باشترین پاساوە هەر کات دەستی بۆ ببەن!

ئێمە لە دامەزراوەی پەی زوو هەستمان بەو جولانە کردبوو کەمەبەستیان دواخستنی هەڵبژاردنە، هەر بۆیە شەش مانگ بەرلە بڕیارەکەیان خاتوو پلاسخارتی ناردەی نەتەوە یەکگرتووەکانمان لەم پێشهاتە مەترسیدارە ئاگادارکردبوویەوەو هۆشداریمان دابوو، داوامانکردبوو فشار بکرێت تا ململانێکان نەبنە مایەی ئەوەی پەنا بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کاری دامەزراوەکان ببردرێت، تا لە پێشەکیدا گرفتەکان چارەسەر نەکرێن.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت نامۆیە بە کەلتوری دیموکراسی و هەڵبژاردن و ڕادەستکردنی دەسەڵات. هەر بۆیە هیچ کام لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە وادەی خۆیاندا ئەنجامنەدراون و لایەنە سیاسیەکان پەیوەست نەبوونە بە یاساوە و ئامادەی ڕادەستکردنی دەسەڵات نەبوون

و بەزەبری هێز و پارەو هاوکاریی دەوڵەتە دراوسێکان هەوڵی مانەوەیان لەدەسەڵاتداوە. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی ئەزموونی پەرلەمانی لە هەرێمدا بە ستراتیجی حزبەکان، خول لە دوای خول بەرەو دواوە بگەڕێتەوە. لەبەرامبەریشدا هێزە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان ئەوەندەی هێزی کاردانەوە بوون هێزی ستراتیجی نەبوون، هەر بۆیەش خاوەنی ئەو پەیام و بەڵێنانەیان نەبوون کە لەوادەی هەڵبژاردنەکاندا بە جەماوەرەکەیان دەدا.

ئەو پاشاگەردانی و گەڕەلاوژەیەی لە هەرێمدا دەگوزەرێت، ئاسۆی بینینی لای تاکی کورد لێڵ کردووە، تا ئاستێك دۆست و دوژمنی لێتێکەڵ ئەبێت و سەرکەوتن و شکست لە یەك جیا ناکاتەوە. پارتی و یەکێتی، وەك دوو هێزی سەرەکی، لەبری پاراستنی شوناسی کورد و سەروەریی نیشتمان، خەریکی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن، دەبێ لەو راستیە بگەن، ئەو شێوازە حوکمرانیەی تا ئێستا لە هەرێمدا پەیرەویان کردووە شکستی خواردوە، بەردەوامبوون لەسەری هەم کۆتایی بە ئەزمونەکە دەهێنێت و هەم لەبەردەم مێژوودا تۆمەتبار دەبن بە لەباربردن و بەفیرۆدانی خەبات و قوربانیدانی قۆناغێکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بۆ دەرباز بوون پێویستمان بە لێبوردەیی و بنیاتنانی سیستمێکی سەردەمیانەی نوێ هەیە، پێویستە ئەو مەترسیانەی ببنە هۆی راچڵەکینی سەرکردایەتی کوردستان و بیکەن بە دەرفەتێك بۆ دەرچوون لەو میحنەتانەی بەسەر خەڵکی کوردستان و ئەزمونەکەیاندا هێناوە. هەر لێرەوە داواکارین لە رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی، میدیاکاران، چالاکوانان، یاسا ناسان، پارێزەران، هەموومان بەیەکەوە ببینە گروپی فشار بۆ جێبەجێکردنی ئەو خواستە یاسایی و جەماوەرییە.

ناکرێ بانگەشەی دیموکراسیەت بکەین و هیچکام لە هەڵبژاردنەکانیش لە ساتی خۆیاندا ئەنجامنەدرێن و هەمیشە دوابخرێن، هەر جارەی بە بیانو و هۆکارێك، هەرجارەی لایەنێك بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆی، پەکی پرۆسەکە بخات و هەرێم بخرێتە بۆشایی یاساییەوە، چونکە لە غیابی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، غیابی یاسا دێتەکایەوە، دامەزراوەکانی تریش پەکیان دەکەوێت و هەرێم زیانمەند دەبێت، بۆیە دەبێت ئەو دامەزراوانە کارا بکرێنەوە، جگە لەوەی هەرێم پێویستی بە شەرعیەتە، پێویستیشی بەو دامەزراوانە هەیە، جگە لەوەی هەڵبژاردن پێویستیەکی دیموکراسیە، دەستەبەری پاراستنی قەوارەکەشە، چونکە بە هەڵبژاردن جارێکی تر دامەزراوەکان نوێ دەبنەوەو دەستبەکار دەکەنەوە، بۆیە ئەگەر هەر هەنگاوێك دەگیرێتەبەر دەبێ لەپێناو دەستەبەری ئەمجارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردندا بێت.

ئەگەر ئەم رەوشەی دەگوزەرێت بەردەوامبێت، تەواوی پرۆسەی سیاسی لە هەرێم و هاوڵاتیانی رووبەڕووی تەنگژەیەکی تر دەبنەوە، بەرەو تونێلێك دەربردرێن کە کۆتاییەکەی نەك هەر ڕوون نیە، بەڵکو مەترسیداریشە، دوور نیە هەرێمی کوردستان بکەوێتە قەیرانێکی ترەوە کە چارەسەرکردنی ئەستەم بێت. لەبەر ئەوە چاکتر وایە هەوڵبدرێ دەرچەیەکی سیاسی و یاسایی بدۆزرێتەوە و هەرێم و خەڵکەکەی لەو تەنگژە پڕ مەترسیە دەرباز بکرێن، بەجۆرێك کەمترین زیانی لێ بکەوێتەوە.

**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**مایسی ٢٠٢٤**

## پەرلەمانی کوردستان

پاش شکستهێنانی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس، لە ١٩٩١/١٠/٢٦ حکومەتی عێراق دەستی کرد بە کێشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە ناوچەکانی کوردستان، ئەوەش بۆشاییەکی یاسایی و کارگێڕی درووست کرد، بەرەی کوردستانیش کە لەو کاتەدا لە حەوت حزب پێکهاتبوو، وەکوو دەسەڵاتی ناوچەکە لە ئاست ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژە سیاسی و ئیداری و یاساییەدا و لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بیری لە دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازاد و دیموکراتییەوە. بۆ ئەمەش سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی (١٥) کەسی لە دادوەر و پارێزەر و مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرە پێکهێنا، ئەم لیژنەیە دوای چەند دانیشتنێك لە نێوان ١٩٩١/١٢/٢٣ تاوەکو ١٩٩٢/١/٢٨ پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد، لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/٢٨ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لەسەر درا و بەناوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق پەسەند کرا. ئەوە بوو یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجامدرا. کە تا ئێستا (١٩٩٢–٢٠٢٤) پەرلەمانی کوردستان پێنج خولی هەڵبژاردنی بەخۆوە بینیوە.

بەپێی پەیرەوی ناوخۆی، پەرلەمانی کوردستان لە هەرێمدا، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە.

هەر بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پەرلەمانی کوردستان، تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستووری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق و لە دیاری کردنی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عیراقی فیدراڵدا ودەبێ نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی دا، لەکاتی خستنە ڕووی هەر حوکم و مادەیەك، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی گەلی کوردستانەوە هەبێت، لەکاتی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عیراق دا، بگەڕێنەوە سەرپرس و ڕای پەرلەمانی کوردستان.

بەپێی پەیرەو پەرلەمانی کوردستان چەند ئەرك و دەستەڵاتێکی هەیە کە بریتین لە:

١–دەرچوواندنی یاسا

٢–بڕیاردان لەسەر ڕێککەوتننامەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەی چارەنووسیی گەلی کوردستان و دەسنیشانکردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵ.

٣–ناولێنانی سەرۆکی وەزیرانی هەرێم و متمانەدان بە ئەنجوومەنی وەزیران و کێشانەوەی متمانە لێیان.

٤–پەسندکردنی بودجەی گشتیی و نەخشەکێشانی گەشەپێکردن و بڕیار لە سەردانیان.

٥–چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

## خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

### خولی یەکەم:

خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە (١٩٩٢/٥/١٩) هەڵبژاردنی بۆ کراو لە (١٩٩٢/٦/٤) یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدا، تا (٢٠٠٥/٦/٤) بەردەوام بوو، تەمەنی ئەم خولە (١٣ساڵ) بوو، (٤) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە ماوەی (٩ ساڵ) لە تەمەنی یاسایی خۆی لایداوە. لەم خولەدا هەریەك لە (جەوهەر نامیق، رۆژ نوری شاوەیس و کەمال فوئاد) سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، لە درێژایی تەمەنیدا (١٦٩) پەرلەمانتار ئەندامێتیان کردووە، لەو ماوەیەدا (١٧٢) یاسا و (١١٨) بڕیارە یاسای دەرکردووە.

سروشتی ئەم خولە ئەوە بوو کە یەکەم خولی هەڵبژاردن بوو، سەرکردایەتی کورد لە سەرەتادا ئەزموونی نەبوو، شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی هەبوو و دوو ئیدارەیی لێ کەوتەوە، دەستراکێشانی لەشکری بێگانە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە بووە مایەی ئەوەی لە ١٩٩٦/٨/٣١ سوپای عێراقی بچێتە ناو پەرلەمانەوەو گۆڕەپانی پەرلەمان وەك پارکی وەستانی تانك و زرێپۆشەکانی سوپای عێراق ببینرێت. دوای رێکەوتنامەی واشنتۆنی نێوان پارتی و یەکێتی ئەم خولەی پەرلەمان قۆناغێکی راگوزەر (خولی گواستنەوە)ی بەخۆوە بینی کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ەوە دەست پێدەکات تا (٢٠٠٥/٦/٤)، لەو ماوەیەدا بەپێی رێککەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتی هەموو سێ مانگ جارێك (رۆژ نوری شاوەیس) لە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو دوو مانگ جارێك (کەمال فوئاد) لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرۆکایەتی پەرلەمانیان دەکرد.

### خولی دووەم:

خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٥/١/٣٠) هەڵبژاردنی بۆ کراو لە (٢٠٠٥/٦/٤) یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدا، تا (٢٠٠٩/٨/٢٠) بەردەوام بوو، تەمەنی ئەم خولە (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) رۆژ بوو، (١) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە بۆ ماوەی (دوو مانگ و شانزە رۆژ) لە تەمەنی یاسایی خۆی لایداوە. لەم خولەدا (عەدنان موفتی) سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، لە درێژایی تەمەنیدا (١١٤) پەرلەمانتار ئەندامێتیان کردووە، لەو ماوەیەدا (٨٨) یاسا و (١٥) بڕیارە یاسای دەرکردووە.

سروشتی ئەم خولە ئەوە بوو کە هەرێمی کوردستان لە کەشێکی ئارامدا بوو، لەئەنجامی پرۆسەی ئازادیدا رژێمی بەعس نەما بوو، لە هەڵبژاردنەکەدا سەرجەم لایەنە سیاسییەکان (جگە لە کۆمەڵی ئیسلامی و حزبی زەحمەتکێشان) بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردبوو، ئەم خولە لە رووی یاسادانانەوە بە چالاکترین خول دادەنرێت، هەر لەم خولەدا پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ئامادە کرا، بەڵام دواتر بەهۆی ململانێی لایەنە سیاسییەکانەوە نەخرایە راپرسییەوە.

**خولی سێیەم:**

خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) هەڵبژاردنی بۆ کراو لە (٢٠٠٩/٨/٢٠) یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدا، تا (٢٠١٣/١١/٦) بەردەوام بوو، تەمەنی ئەم خولە (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١١) ڕۆژ بوو، دەبوایە یەکەم دانیشتنی خۆی لە (٢٠١٣/١١/١) ئەنجام بدات، بەڵام لەوادەی خۆی درەنگتر کۆبوویەوەو شەش ڕۆژ هەرێمی کوردستان لە بۆشایی یاساییدا بوو، (١) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە بۆ ماوەی (دوو مانگ و یانزە ڕۆژ) لە تەمەنی یاسایی خۆی لایداوە. لەم خولەدا هەریەك لە (کەمال کەرکوکی و ئەرسەلان بایز) سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، لە درێژایی تەمەنیدا (١٢٤) پەرلەمانتار ئەندامێتیان کردووە، لەو ماوەیەدا (٧٦) یاسا و (٣) بڕیارە یاسای دەرکردووە.

سروشتی ئەم خولە ئەوە بوو کە سەرەتاکانی ئۆپۆزسیۆنێك سەری هەڵدا، کە بریتی بوون لە (بزوتنەوەی گۆڕان ٢٥ کورسی)، (یەکگرتووی ئیسلامی ٦ کورسی) و (کۆمەڵی ئیسلامی ٤ کورسی)، کە بەهەموویانەوە دەیکردە (٣٥) کورسی ئۆپۆزسیۆن، هەر ئەمەش بوو کە خولی سێیەم جیابکاتەوە لە خولەکانی پێشووی کە گەرموگوڕییەکی زیاتری بە کاری پەرلەمانی بەخشی بوو.

**خولی چوارەم:**

خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٣/٩/٢١) هەڵبژاردنی بۆ کراو لە (٢٠١٣/١١/٦) یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدا، تا (٢٠١٨/١١/٦) بەردەوام بوو، تەمەنی ئەم خولە (٥) ساڵ و (٥) ڕۆژ بوو، (١) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە بۆ ماوەی (یەك ساڵ و پێنج ڕۆژ) لە تەمەنی یاسایی خۆی لایداوە. لەم خولەدا (یوسف محەمەد سادق) سەرۆکی پەرلەمان بوو، بەڵام لە (٢٠١٥/١٠/١٢) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێگری لێکراو ماوەی (دوو ساڵ) پەرلەمان داخرا، لە (٢٠١٧/٩/١٥) دووبارە پەرلەمان بەبێ (یوسف محەمەد)ی سەرۆکی پەرلەمان دەستی بەکارەکانی کردەوە، (جەعفەر ئیمنیکی) کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکرد و (بێگەرد دڵشاد) وەك سکرتێری پەرلەمان، لە درێژایی تەمەنیدا (١١٩) پەرلەمانتار ئەندامێتیان کردووە، لەو ماوەیەدا (٣١) یاسا و (٨) بڕیارە یاسای دەرکردووە.

سروشتی ئەم خولە ئەوە بوو کە سەرۆکایەتی لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە دەکراو ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بوو (یوسف محەمەد) گەنجێکی تازە بوو و جیاواز لە سەرۆکەکانی پێشووتر کە هەمیشە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی یا یەکێتی بوون، لەم خولەدا گرفتی بەسەرچوونی ماوەی یاسایی سەرۆکی هەرێم سەری هەڵدا، هەر ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ململانێ لەنێوان زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان لەلایەك و پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەکی ترەوە دروست ببێت، ئەنجامی ئەوەی لێکەوتەوە کە لە (٢٠١٥/١٠/١٢) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێگە لە (یوسف محەمەد) بگیرێت لە بازگەی پردێ ڕێگەیان پێنەدا بچێتە پەرلەمان لەهەولێر، هەر ئەمەش وایکرد بۆ ماوەی دوو ساڵ پەرلەمان پەکی بخرێت و تا تەواو بوونی خولەکەش پەرلەمان بێ سەرۆك بمێنێتەوە.

سروشتێکی تری ئەوە بوو کە هەر لەماوەی ئەم خولەدا پرۆسەی ریفراندۆم لە (٢٠١٧/٧/٢٥) ئەنجامدرا و دەرەنجامەکانی کاریگەریان لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێم و پەرلەمان هەبوو، ئەمە وایکرد سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی) دەستبەرداری پۆستەکەی بوو و لە (٢٠١٧/١٠/٢٩) دەستی لەکار کێشایەوەو دەسەڵاتەکانی بەیاسایەك بەسەر هەریەك لە سەرۆکایەتییەکانی (ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری)دا دابەشکرا.

## خولی پێنجەم:

خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٨/٩/٣٠) هەڵبژاردنی بۆ کراو لە (٢٠١٨/١١/٦) یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدا، دەبوایە تا (٢٠٢٢/١١/٦) بەردەوام بێت، بەڵام تەمەنی خۆی درێژ کردەوە و دواتر لەلایەن دادگەی ئیتیحادییەوە درێژکردنەوەکەی بە نایاسایی دانراو خولەکە پەکی کەوت، تەمەنی ئەم خولە (٤) ساڵ و (٦) مانگ و (١٣) رۆژ بوو، (١) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە بۆ ماوەی (یەك ساڵ و شەش مانگ)، لە تەمەنی یاسایی خۆی لایداوە. لەم خولەدا هەریەك لە (ڤالا فەرید و رێواز فایەق) سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، لە درێژایی تەمەنیدا (١٢٣) پەرلەمانتار ئەندامێتیان کردووە، لەو ماوەیەدا (٤٤) یاسا و (٥) بڕیارە یاسای دەرکردووە.

سروشتی ئەم خولە ئەوە بوو کە (جگە لە جولانەوەی نەوەی نوێ) هیچ ئۆپۆزسیۆنێکی تر لە پەرلەماندا نەبوو، جیا لە خولەکانی پێشوو کۆمسیۆنی هەرێم لە بری عیراق هەڵبژاردنەکەی ئەنجامدا بوو، بەڵام لە درێژەی تەمەنیدا نەك هەر بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەستا بەڵکو زۆرترین پێشێلکاری یاسایی ئەنجامدا، نەیتوانی یاسای هەڵبژاردن هەموار بکات، تۆمارێکی دەنگدەرانی پوخت دروست بکات، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کە چوار ساڵ بوو بەنایاسایی بەڕێوە دەچوو نەیتوانی کارای بکاتەوە، نەیانتوانی ئامادەکاری بکەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا، هەر بۆیەش بەبێ هیچ پاساوێکی لۆژیکی تەمەنی خۆیان درێژ کردەوە.

## دواخستنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

هۆکاری جیاوازی تەمەنی خولەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەهۆی ململانێی نێوان پارتە سیاسیەکانەوە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدراوەو هەمیشە خولەکانی پەرلەمان تەمەنی خۆیان درێژ کردۆتەوە، هەر وەك لەو خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە پەرلەمان لەماوەی تەمەنیدا (٨) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە، لە خولی یەکەمدا چوار جار و لە هەر چوار خولەکەی تریشدا هەریەکەو جارێك تەمەنی خۆیان درێژ کردۆتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (١).

### ١- یەکەم دواخستن:

لە ڕۆژی (١٩٩٥/٧/٢٥) لە دانیشتنی نائاسایی خۆیدا لە گوندی (دارەبەن)ی هەولێر بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٥) لە خولی یەکەمدا بە سەرۆکایەتی (جەوهەر نامیق) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست و بە پاساوی شەڕی ناوخۆ بۆ ماوەی (یەك ساڵ) تەمەنی خۆی درێژکردەوە.

### ٢- دووەم دواخستن:

لە ڕۆژی (١٩٩٦/٦/٣) لە دانیشتنی نائاسایی خۆیدا لە مەیدانی ئازەڵان لە نێوان (شاوەیس و مەلائۆمەر) بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٦) لە خولی یەکەمدا بە سەرۆکایەتی (جەوهەر نامیق) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست و بە پاساوی شەڕی ناوخۆ بۆ ماوەی (سێ مانگ) تەمەنی خۆی درێژکردەوە.

### ٣- سێیەم دواخستن:

لە ڕۆژی (١٩٩٦/٩/٣) بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (١٩٩٦) لە دانیشتنی نائاسایی خۆیدا لە خولی یەکەمدا بە سەرۆکایەتی (جەوهەر نامیق) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست و بە پاساوی شەڕی ناوخۆ (کە تەنها پارتی و پێکهاتەکان و چەند ئەندامێکی کەمی یەکێتی لەپەرلەمان ئامادە بوون) بۆ ماوەی (دوو ساڵ) تەمەنی خۆی درێژکردەوە.

### ٤- چوارەم دواخستن:

لە ڕۆژی (١٩٩٨/٤/١٤) بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (١٩٩٨) لە خولی یەکەمدا بە سەرۆکایەتی (جەوهەر نامیق) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست و بە پاساوی شەڕی ناوخۆ بۆ ماوەیەکی نادیار (تا هەڵبژاردنی خولی تازەی پەرلەمان) تەمەنی خۆی درێژکردەوە.

### ٥- پێنجەم دواخستن:

لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/١٣) بەپێی بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠٠٩) لە خولی دووەمدا بە سەرۆکایەتی (عەدنان موفتی) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست و بە بیانوی هۆکاری تەکنیکی بۆ ماوەیەکی نادیار (تا هەڵبژاردنی خولی تازەی پەرلەمان) تەمەنی خۆی درێژکردەوە کە (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) ڕۆژی خایاند.

### ٦- شەشەم دواخستن:

لە ڕۆژی (٢٠١٣/٦/٣٠) بەپێی یاسای ژمارە (١٨) ی ساڵی (٢٠١٣) لە خولی سێیەمدا بە سەرۆکایەتی (ئەرسەلان باین) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست و بە بیانووی هۆکاری تەکنیکی تا بۆشایی یاسایی دروستنەبێت بۆ ماوەی (دوو مانگ و یانزە ڕۆژ) تەمەنی خۆی درێژکردەوە.

### ٧- حەوتەم دواخستن:

لە ڕۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٧) لە خولی چوارەمدا بە سەرۆکایەتی (جەعفەر ئیمنیکی) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست بە بیانوی ناهەمواری ئەو ڕەوشە سیاسییەی لە هەرێمدا هاتبوویە کایەوە لەئەنجامی پرۆسەی ریفراندۆم و نەبوونی تۆمارێکی دەنگدەرانی پێویست، بۆ ماوەی (یەك ساڵ و پێنج ڕۆژ) تەمەنی خۆی درێژکردەوە.

### ٨- هەشتەم دواخستن:

ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/٢٤) سەرۆکی هەرێم لە مەرسومێکدا ڕۆژی (٢٠٢٢/١٠/١)ی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان. بەڵام لە ڕۆژی (٢٠٢٢/١٠/٩) بەپێی یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی (٢٠٢٢) لە خولی پێنجەمدا بە سەرۆکایەتی (ڕێواز فایەق) پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی دواخست و بە بیانووی ڕێگری کردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی، دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاك و بێگەرد و ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی، بۆ ماوەی (یەك ساڵ و چوار مانگ) تەمەنی خۆی درێژکردەوە.

### ٩- نۆیەم دواخستن:

ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/٢٦) سەرۆکی هەرێم لە مەرسومێکی تردا ڕۆژی (٢٠٢٣/١١/١٨)ی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان. بەڵام بەهۆی بڕیاری دادگەی فیدراڵی کە لە ٢٠٢٣/٥/٣٠ دەرچوو و درێژکردنەوەی پەرلەمانی کوردستانی بە نادەستوری دانا و هەموو ئەو کارانەش کە پەرلەمان لەدوای وادەی درێژکردنەوەیدا کردبوونی پوچەڵی کردنەوە، بەمەش کۆمسیۆنی هەرێم کە لە ٢٠٢٣/٣/٢٢) کارا کرابوویەوە بە پوچەڵ دانرا، بەمەش ئەم وادەیەش هەڵبژاردن نەکرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (٢).

### ١٠- دەیەم دواخستن:

ڕۆژی (٢٠٢٣/٨/٣) سەرۆکی هەرێم لە مەرسومێکی تردا ڕۆژی (٢٠٢٤/٢/٢٥)ی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان. بیانووی ئەم دواخستنە ئەوە بوو کە پێشتر بەهۆی ململانێی لایەنە سیاسیەکانەوە پرۆسەی سیاسی پەکی کەوتبوو، ئەمجارە گوایە سەرۆکایەتی هەرێم دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، گەشتنە ئەو ئەنجامەی ئەم مێژووە دیاری بکەن بۆ هەڵبژاردن، هەرچەندە وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێم (دڵشاد شەهاب) ئاماژەی بەوەکرد، کە هەموو لایەنەکان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو ڕۆژەدا یەکدەنگن. هەروەها ئەوەشی دووپات کردەوە کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەمە دواهەمین مەرسومە بۆ

دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن لە هەرێم، پێویستە لایەنەکان بە زووی بگەنە ڕێککەوتن لەسەر ئەو ڕێککەوتە، بەڵام دیسانەوە لایەنە سیاسییەکان نەگەیشتنە ڕێکەوتن و دیسانەوە هەڵبژاردن لەم وادەیەدا نەکرا.

### ١١- پانزەهەم دواخستن:

ڕۆژی (٢٠٢٤/٣/٣) سەرۆکی هەرێم لە مەرسومێکی تردا ڕۆژی (٢٠٢٤/٦/١٠)ی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان. بەپێی فەرمانەکە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە، بەڵام دیسانەوە بەهۆی بایکۆتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەڵبژاردنەکە ئەنجامنادرێت.

### ١٢- دووانزەهەم دواخستن:

دیسانەوە لەو مێژووەی دیاریکراوە (٢٠٢٤/٦/١٠) هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت، بەگوێرەی نووسراوێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە ڕۆژی ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٤ بە واژۆی عومەر ئەحمەد سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمسیاران، ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە. تیایدا ئاماژە بەوە دراوە، کە بەهۆی ئەو فەرمانە وەلائییەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق، بەدوای سکاڵاکەی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەریکرد و بەهۆیەوە سەرجەم ڕێکارە تەکنیکی و داراییەکانی تایبەت بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕاگیران، ئەوەش کاریگەری لەسەر کارەکانی کۆمسیۆن کردووە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە لەکاتی دیاریکراودا. لەو ڕوانگەیەوە، کۆمسیۆن داوای لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بە مەرسوومێکی تایبەت ڕۆژێك بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاری بکات. هەر لەو نووسراوەدا، کۆمسیۆن پێشنازی کردووە، کە ڕۆژی ٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دیاری بکرێت.

### ١٣- دواخستنێکی تریش قەرزارین بۆ سیانزەهەمین جار:

سەرباری ئەوەی بڕیارە هەڵبژاردن بۆ مانگی ئەیلول یا تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ دوابخرێت، بەڵام ئەگەر ڕەوشەکە بەم شێوازە بەڕێوە بچێت، لەوە ناچێت لەو وادەیەشدا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت کە هێشتا دیارینەکراوەو بە فەرمی ڕانەگەیەنراوە، ئەگەر هەیە جارێکی تریش دوابخرێت بۆ ساڵی ٢٠٢٥ تا لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەیەکەوە ئەنجام بدرێت.

## خشتەی ( ١ )

## درێژکردنەوەی تەمەنی خولەکانی پەرلەمان

| ز | دواخستن | خولی پەرلەمان | مێژووی دواخستن | یاسا یا بڕیاری دواخستن | ماوەی دواخستن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | یەکەم دواخستن | خولی یەکەم | ١٩٩٥/٧/٢٥ | یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ( ١٩٩٥ ) | ( ١ ) ساڵ |
| ٢. | دووەم دواخستن | خولی یەکەم | ١٩٩٦/٦/٣ | یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ( ١٩٩٦ ) | سێ مانگ |
| ٣. | سێیەم دواخستن | خولی یەکەم | ١٩٩٦/٩/٣ | یاسای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ( ١٩٩٦ ) | دوو ساڵ |
| ٤. | چوارەم دواخستن | خولی یەکەم | ١٩٩٨/٤/١٤ | یاسای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ( ١٩٩٨ ) | تا هەڵبژاردنی خولی تازە |
| ٥. | پێنجەم دواخستن | خولی دووەم | ٢٠٠٩/٥/١٣ | بڕیاری ژمارە ( ٦ ) ی ساڵی ( ٢٠٠٩ ) | ( ٢ ) مانگ و ( ١٦ ) رۆژ |
| ٦. | شەشەم دواخستن | خولی سێیەم | ٢٠١٣/٦/٣٠ | یاسای ژمارە ( ١٨ ) ی ساڵی ( ٢٠١٣ ) | دوو مانگ و یانزە رۆژ |
| ٧. | حەوتەم دواخستن | خولی چوارەم | ٢٠١٧/١٠/٢٤ | یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ( ٢٠١٧ ) | یەك ساڵ و پێنج رۆژ |
| ٨. | هەشتەم دواخستن | خولی پێنجەم | ٢٠٢٢/١٠/٩ | یاسای ژمارە ( ١٢ ) ی ساڵی ( ٢٠٢٢ ) | یەك ساڵ و چوار مانگ |

## خشتەی ( ٢ )

## دواخستنەکانی هەڵبژاردن لە مەرسومەکانی سەرۆکی هەرێمدا

| ز | مێژووی راگەیاندنی مەرسوم | رۆژی دەستنیشانکراو بۆ هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| ١. | ٢٠٧/٧/١٩ | ٢٠١٧/١١/١ |
| ٢. | ٢٠٢٢/٢/٢٤ | ٢٠٢٢/١٠/١ |
| ٣. | ٢٠٢٣/٣/٢٦ | ٢٠٢٣/١١/١٨ |
| ٤. | ٢٠٢٣/٨/٣ | ٢٠٢٤/٢/٢٥ |
| ٥. | ٢٠٢٤/٣/٣ | ٢٠٢٤/٦/١٠ |
| ٦. | پێشبینی دەکرێ لە کۆتایی مایسی ٢٠٢٤ دەربچێت | پێشبینی دەکرێ مانگی ( ٩ ) یا ( ١٠ ) دەستنیشان بکرێ |
| ٧. | پێشبینی دەکرێ مانگی ( ٩ ) یا ( ١٠ ) ی ٢٠٢٤ دەربچێت | پێشبینی دەکرێ هەڵبژاردن بخرێتە ساڵی ٢٠٢٥ لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق |

# خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بە لاوازترین خولی دادەنرێت، دیارە هۆکار گەلێك بوونە مایەی ئەوەی سەرەنجامی بەو رۆژگارە بگات، لەوانە: نەبوونی ئیرادەیەك بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی لای هێزە سیاسیە باڵادەستەکان و خواستیان بۆ بەردەوامیی مانەوەیان لە دەسەلات، سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی هەناسە کورتی پۆپۆلیستکە نەیتوانی گۆڕانکاری بکات و لە ئاستی ئەو پەیامانەیدابێت کە هەڵی گرتبوو، لاوازی کاندیدانی حزبەکان بۆ پەرلەمان، لاوازی و دەستەمۆیی و بەرژەوەندپەرستیی سەرۆکایەتیەکەی، هەموو ئەمانە بوونە مایەی ئەوەی رۆژ بە رۆژ کاری پەرلەمانی بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.

ئەوەتا خولی پێنجەمی پەرلەمان سەرباری بەرەو پێشەوە چوونی رەوتەکەو گۆڕانکارییەکانی سەردەم، لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا:

- کەمترین یاسای دەرکردووە.
- زۆرترین هەڵەو کەموکوڕی لەو یاسایانەدا هەیە کە پەسەندی کردوون.
- کەمترین دانیشتنی ئەنجامداوە.
- کەمترین بڕیارە یاسای پێویستی دەرکردووە.
- هیچ یاسایەکی بودجەی پەسەند نەکردووە.
- کەمترین چاودێریی دەسەلاتی جێبەجێکردنی کردووە.
- زۆرترین پێشێلکاریی پەیڕەوی کردووە.
- زۆرترین یاسا شکێنی کردووە لەکاتێکدا یاساکان خۆیشی دەریکردوون.
- لە کۆی چوار دەستەی سەربەخۆ کە پەیوەندیدار بوونە پێیەوە پەکی سێ دانەیانی خستووە بەوەی نەیتوانیوە یاساکانی خۆی جێبەجێ بکات.
- بە نایاسایی تەمەنی خۆی درێژ کردەوەو لەئەنجامدا هەرێمی خستە بۆشایی یاساییەوە.
- ماوەی چوار ساڵ نەیتوانی هیچ هەنگاوێك بنێت بۆ دروستکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی بێ خەوش، یا هیچنا ئەو تۆمارەی هەیە پاکی بکاتەوە.

نەك هەر ئەمانە، بەڵکو قەیرانیان دروستدەکرد تا هەڵبژاردن نەکرێت، ئەگەر وا نیە بە دانپیانانی خودی سەرۆکی پەرلەمان پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران لەگەل سەرۆکایەتی پەرلەماندا زۆر باش بووە، فراکسیۆنەکانی پارتی و یەکێتی لە هیچ پرسێکدا ناکۆك نەبوون، ئەی بۆچی لەکۆتاییدا ناکۆك بوون و گەیشتە ئاستێك ناکۆکییەکە سەری کێشا بۆ ئەوەی بەیەکەوە تەمەنی پەرلەمانیان درێژکردەوە، ئایا ئامانجی ئەم ناکۆکییە سیناریۆیەك نەبوو تا هەڵبژاردن نەکرێ؟

کاتێکیش لەئەنجامی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەماندابڕیارکەی دادگەی ئیتیحادی دەرچوو بە نەهێشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی لە بەرامبەر ئەو بڕیارە چارەنوسسازە دەرنەبڕی، کە کۆتایی بەتەمەنی خولەکەی هێناو! نە قبوڵی کردووەو نە رەتی کردۆتەوە! سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان کەوتبوونە سوڕی متبوونەوە و بێدەنگیان هەڵبژارد، کە شەرمێکی سیاسیی گەورە بوو، ئەگەر دادگا غەدری

لێکردبوون دەبوایە ڕەتی بکەنەوە، ئەگەر غەدریش نەبوو دەبوایە بەفەرمی پێشوازی لێبکەن و ڕێکارەکانیان دەست پێبکردایە، کەچی بێدەنگیان هەڵبژارد و بەردەوامبوون لەسەر دەوام و وەرگرتنی ئیمتیازاتەکانیان. سەرۆکی پەرلەمان تا دوا چرکە دەیویست لەناو پەرلەمانێکی نایاسایی ماوە بەسەرچووی بێ ئیش درێژە بە کارەکانی بدات، تا ئەو کاتەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان تاک لایەنانە لە (٢٠٢٣/٦/٢٦) دەستیان لەکار کێشایەوەو بەمەش سەرۆکی پەرلەمان ناچار بوو دوای (٣٣) ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیارەکە لە (٢٠٢٣/٧/٢) بە بێدەنگی پەرلەمانی جێهێشت و ماڵئاوایی لە فەرمانبەرانی پەرلەمان بکات و بەمەش کۆتایی بە سیناریۆکە هات.

سەرباری هەموو ئەمانە، لەبەرامبەردا ئەندامانی خولی پێنجەم و سەرۆکایەتیەکەی جگە لەوەی زۆرترین پێشێلکاری یاساییان کردووە، لەڕووی ماددیەوە زۆرترین سودمەند بوونە تا ئاستی ئەوەی بەنایاسایی داهاتی هەرێمیان بەهەدەرداوەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە، ئەوەتا دوای تەواو بوونی تەمەنی یاساییان ماوەی هەشت مانگ بەنایاسایی موچەی پەرلەمانتاریان وەرگرتووە. تا ئێستاشی لەگەڵدابێت (کە ساڵێك و شەش مانگە پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە نەماوە) کەچی زۆرینەی ئەندامەکانی لە خانوو و شوققەکانی پەرلەماندا نیشتەجێن و چۆلیان نەکردووە، ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی تا ئێستاش چەندین ئۆتۆمبێل و مومتەلەکاتی پەرلەمانیان لایەو بەکاری دەهێنن خانوو و شوقەکانیان چۆل نەکردوەو ڕادەستیان نەکردۆتەوە.

# پەرلەمانی کوردستان ئێستا دەبوایە لە چ قۆناغێکدا بێت؟

لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان کە تەمەنی (٣٢) ساڵە، ئێستا دەبوایە هەشت خولی بەڕێ کردبێت و لەم مانگەدا هەڵبژاردن بۆ خولی نۆیەمی بکرێت، بەڵام سەرباری ئەوەی تەنها پێنج خولی بەڕێکردووەو سێ خولٚ قەرزارە، واتە دووانزە ساڵ لە پاشە، لە بری ئەوەی لە ئێستادا هەڵبژاردن بۆ خولی نۆیەمی بکرێت، کەچی هەڵبژاردنی خولی شەشەمیشی نادیارە و نازانرێت کەی دەکرێت.

دەبوایە سەدان یاسای تۆکمەو سەردەمیانەی پەسەند بکردایەو بۆشایی یاسایی لەهەرێمدا نەبوایە، یاسا کۆنەکانی هەموار بکردایەتەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بیگونجاندنایە.

دەبوایە دەستورێکی سەردەمیانەی بۆ چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان پەسەند بکردایە.

دەبوایە چاودێرێکی لێهاتوو و چاوکراوە بوایە لەهەمبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا.

دەبوایە کارێکی بکردایە کولتوری کاری پەرلەمانی لە هەرێمدا پەرە پێبدابوایە، لە بایەخ و گرنگیی پەرلەمانی زیاتر بکردایە و لای خەڵکی کوردستان خۆشەویستی بکردایە.

دەبوایە گومبەزی کۆکردنەوەی لایەنە سیاسیە ناکۆکەکان بوایەو هۆکاری پاراستنی باڵانسی نێوانیان بوایە لەپێناو بەردەوامیدان بە پرۆسەی ئاشتی و خزمەت.

دەبوایە بە راستی مەرجەعی خەڵکی کوردستان بوایە لە یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنوسسازەکانیدا، بڕیاردەری هەنگاوەکانی سەرکردایەتی کوردستان بوایە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی لەگەڵ عیراقی فیدراڵدا.

دەبوایە پارێزەری مافەکانی خەڵکی هەرێم بوایە لە هێنانەکایەی خۆشگوزەرانی بۆیان و فەراهەمکردنی کەشێکی ئارام لە کوردستانێکی ئاوەداندا.

کە هیچ کام لەوانەی نەکرد، بووە هۆی ئەوەی هەڵبژاردن دوابخرێ، بووە هۆی ئەوەی دادگەی ئیتیحادی بڕیار لە نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی بدات و کارەکانی رابگرێت، بووە هۆی ئەوەی دادگە بڕیاری بەمەرجەع بوونی لێ بسەنێتەوە، بووە هۆی ئەوەی تێڕوانینی هاووڵاتیان لەسەری بگۆڕێت بەوەی لە بری ئەوەی پەرلەمانتار بە پارێزەری مافی خەلك و دژەگەندەڵی بناسرێت، کەچی وەك بەرژەوەند پەرست بناسرێن چونکە ببونە پارێزەری ئیمتیازاتەکانی خۆیان و بەنایاسایی موچەیان وەردەگرت.

نەك نەبوونە مایەی ئەوەی مولك و ماڵی گشتی وەربگرنەوە، مولکی گشتیان لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بەکار هێناو تا ئەم ساتەش سود لە مولکی گشتی دەبینن لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان.

## هۆكارەكانی دواخستنی هەڵبژاردن

### یەكەم: هۆكارە ڕووكەشەكان:

پەرلەمانی كوردستان دوابەدوای ئەوەی بەهۆكاری نەگەیشتنە سازانی هێزە سیاسییەكان لەلایەك و لاوازی و بێ ئیرادەیی خۆیەوە نەیتوانی نەخشەڕێگایەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دابنێت و بەڕوو سوری تەمەنی خولەكەی خۆی كۆتاپێبێنێ، ئەوە بوو لە (٢٠٢٢/١٠/٩) بڕیاری درێژكردنەوەی تەمەنی خۆی بۆ ساڵێك و شەش مانگدا، بۆ درێژكردنەوەكە چەند بیانوێكی هێناوەتەوە، كە لە هۆكارەكانی دەرچوونی یاساكەدا هاتبوو، وەك:

١-ڕێگری كردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی.

٢-گەرەنتیكردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەكان.

٣-تەواوكردنی ڕێكسازییە یاسایی و كارگێڕی و هونەرییەكانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی.

٤-دەستەبەركردنی تۆماری بایۆمەتری پاك و بێگەرد.

٥-ڕەخساندنی ژینگەیەكی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەكڕیزی و كۆدەنگی نیشتیمانی.

بەڵام لەڕاستیدا هۆكارە ڕاستەقینەكانی درێژكردنەوەكە لەوكاتەدا هیچ كام لەو بیانوانە نەبوون كە لە یاساكەدا ریزكرابوون، چونكە ئەو بیانوانەی هێنرابوونەوە دەرەنجام بوون نەك هۆكار.

ئەوەبوو بینیمان دوای درێژكردنەوەی تەمەنیشی، پەرلەمان هیچ كام لەو ئەركانەی جێبەجێنەكرد، نە ڕێگری كرد لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، نە گەرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەكانی پێكرا، نە ڕێكسازییە یاسایی و كارگێڕی و هونەرییەكانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی تەواو كرد، نە تۆمارێكی بایۆمەتری پاك و بێگەردی دەستەبەر كردو نە هیچ ژینگەیەكی سیاسی لەباری ڕەخساند بۆ هێنانەدی یەكڕیزی و كۆدەنگی نیشتیمانی. بەپێچەوانەوە نەك هەر ئەوانەی نەكرد بەڵكو دەستەی سەرۆكایەتی ماوەیەكی زۆر دانیشتنە ئاساییەكانیشیان پەكخست.

ئەوەتا لە (٢٠٢٢/١٠/٩) كە بڕیاری درێژكردنەوەی تەمەنی خۆیاندا، ئەگەر بەڕاستیان بوو بۆ ئەو ئامانجانە تەمەنی خۆیان درێژكردبوویەوە كە لە هۆكارە پێویستییەكانی یاساكەدا هاتبوون، دەبوایە بە چڕی كۆبوونەوە بكەن و پرۆژە یاسا ئامادە بكەن و هەوڵی سازانی نێوان لایەنە سیاسییەكان بدەن و كۆمسیۆنیان كارا بكردایەتەوەو هەوڵی پاك كردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان بدابوایە، بێگومان هەموو ئەمانە پێویستیان بە دانیشتنی پەرلەمان هەیە، بەڵام سەرۆكایەتی نەك هەر ئەوەی نەكرد بەڵكو پەكی دانیشتنەكانی خست و لەو ماوەیەدا (٢٠٢٢/١٠/٩-٢٠٢٣/٥/٣٠) كە نزیكەی حەوت مانگە، لەبەر زەرورەتی بابەتەكە دەبوایە پشووی وەرنەگرتایە و بەردەوامبوایە لەسەر كارەكانی، بەمەش بەپێی پەیڕەو و لە حاڵەتی ئاساییدا پێویست بوو (١٠١) دانیشتنەی پەرلەمان ئەنجامبدات، كەچی ئەوان تەنها (٨) دانیشتنیان ئەنجامداوە كە بە هەموو دانیشتنەكان (20:31) بیست كاتژمێر و سی و یەك خولەكی خایاندووەو هیچ كام لە كۆبوونەوەكانیش پەیوەندیان بەو بابەتانەوە نەبووە كە تەمەنی پەرلەمانی لەسەر درێژكرابوویە.

هەرچەندە ئەو كاتە لە گوتاری سیاسی هیچ كام لە لایەنەكاندا ئەوە نەدەبینرا دژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بن، بەڵام لە هەمان كاتدا لە كردارییاندا هیچ هەنگاوێكی جددییان نەنا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەكە. بۆیە ئەوانەی بەرپرسیاری سەرەكیی هاتنەكایەی ئەم ڕەوشەن، پەرلەمانی كوردستان و سەرجەم لایەنە سیاسییەكانن، هەریەكەو بەپێی

قورسایی خۆیان ئۆباڵە مێژووییەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. چونکە ئەوەی لەو ماوەیەدا گوزەراوە، لە بەڕێوەچوونی کۆمیدیایەکی سیاسی بترازێ هیچی تر نەبوو! کە هەردوو لایەنی سەرەکیی پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسیارن! ئەگەر وانیە:

١-بۆچی بەر لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە سازان چارەسەری گرفت و ناکۆکییەکانیان نەکرد؟ تا ماوەی درێژکراوە تەنها بۆ کارە تەکنیکییەکانی کۆمسیۆن بوایە بەمەبەستی هەڵبژاردن.

٢-بۆچی پەرلەمان لە چوار ساڵی تەمەنیدا هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ کاراکردنەوەی کۆمسیۆن؟ هیچنا راستەوخۆ دوای درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی کۆمسیۆنی کارا نەکردەوە؟ چونکە نەنگییەکی گەورەیە بۆ پەرلەمان و لایەنە سەرەکیەکانی نوێنەریان لەو کۆمسیۆنەدا هەیە کە ماوەی چوار ساڵ بەنایاسایی بەرێوەی دەچوو!

٣-بۆچی لە چوار ساڵی تەمەنیدا نە پەرلەمان و نە هیچکام لە لایەنەکان بەبێ جیاوازی، هیچ هەنگاوێکیان نەنا بەمەبەستی دروستکردنی تۆمارێکی بایۆمەتریی پاك و بێگەرد؟ کەچی لەکاتی بەسەرچوودا باسی لێوە دەکەن؟

٤-بۆچی پەرلەمان ئەو ماوە زۆرەی لەبەردەم بوو کاری نەکرد لەسەر سازانی لایەنەکان بۆ هەمواری یاسای هەڵبژاردن تا بەم شێوەیە بە چارەسەرنەکراوی نەمێنێتەوە؟

٥-ئەگەر دوو لایەنە سەرەکییەکە مەبەستیان ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو! بۆچی ئەو هەموو کاتەیان لەبەردەست بوو بەفیڕۆیانداو رێکارەکانیان دەستنیشان نەکرد و هەنگاویان بۆ نەنا؟

بۆ ئەوەی هیچیتر هەڵبژاردن دوانەخرێت و لەوە زیاتر ئەزموونی هەرێم لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستەکانی لەکەدارتر نەبێت، پێویستە: پارتی و یەکێتی بەتایبەت و لایەنەکانی تر بەگشتی، لەزووترین کاتدا کۆبوونەوەیەکی لوتکە بکەن بۆ پێداچوونەوە بەکۆی پرسە ناکۆکەکان و سازانی لەسەر بکەن. بەپێی یاساو ستاندارتی نێودەوڵەتی، هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی پێکهاتەکاندا بکرێت و لە کێشمەکێشمی بەکارهێنان و ئیستیغلالکردن دوور بخرێنەوە.

ئەگەر ئەمانە نەکرێن، سەرباری ئەو هەموو قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییانەی هەن، بەدڵنیاییەوە بارودۆخێکی نائاسایی تر رووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، بەمەش ئۆباڵی شکستەکان و لێپرسراویەتیی مێژوویان دەکەوێتە ئەستۆ.

**دووەم: هۆکارە حەقیقیەکان:**

هۆکارە هەقیقییەکانی دواخستنی هەڵبژاردن بریتی بوون لە:

١-خراپی رەوشی جەماوەریی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان.

٢-ترسی لایەنە سیاسیەکان لە هەڵبژاردن کە دەنگ و کورسیەکانیان کەم بێتەوە.

٣-ململانێی ناتەندروستی لایەنە سیاسیەکان و باوەڕ نەبوونیان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

٤-دەست تێخستنی دەوڵەتە هەرێمییەکان لە کاروباری سیاسی هەرێمی کوردستان.

٥-خراپی دۆخی ئابوری هاولاتیان و تورەبوونیان لە حزبە دەسەلاتدارەکان.

## سەربوردەی تۆماری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان

یەکێك لەپایە سەرەکیەکانی هەموو هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد، بوونی تۆمارێکی دەنگدەرانی پوختە، کە بریتییە لەو بەڵگەنامەیەی ئاماری دەنگدەران لەخۆ دەگرێت و ناوەکانی بەزنجیرە تیادا تۆمار دەکرێت، سەرەڕای ناوی بنەماڵەو ناوی دایك و مێژووی لەدایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوونیشی تێدا دیاری دەکرێت. بەبێ ئەم تۆمارە ناکرێ باس لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسیانە بکرێت. بۆیە پێویستە هاولاتیان بتوانن بەیەکسانی و بەپێی رێ و شوێنە بڕیار لێدراوەکان و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ناویان تۆمار بکرێت و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، هەر وەك لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ، و پەیماننامەی نێودەولەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، و جاڕنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و پاك و دوور لە هەر جۆرە جیاکارییەکدا هاتووە. لەهەمان کاتدا دەبێت مافی تانە لێدانیشیان بۆ فەراهەم کرابێت، لەکاتێکدا ئەگەر بەهەر هۆکارێکەوە بێت رێگایان لێگیرابێت لە تۆمارکردنی ناوەکانیان و بێبەشکرابن لە بەشداریکردن لەهەڵبژاردن.

لەهەڵبژاردنەکانی پێشووتری هەرێمی کوردستاندا هەمیشە تۆماری دەنگدەران لەنێوان قەوارە سیاسیەکاندا جێگەی مشتومڕ و خاڵی ناکۆکی بووە، چونکە تا ئێستا نەتوانراوە ئەم پرسە وا رێکبخرێت کە لەئاستی داواکاری قەوارە سیاسیەکاندا بێت و جێگەی متمانەیان بێت. نەك هەر ئەمە بەڵکو تۆماری دەنگدەران هەمیشە بیانوێك بووە هەر جارەی لای یەکێك لە هێزە سیاسییەکان کە وەك پاساوێك پەنایان بۆ بردووە تا هەڵبژاردنی پێ دوابخەن. بەگێڕانەی مێژووی سەربوردەی تۆماری دەنگدەران لە هەرێمدا ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنرێت.

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەماندا لە ١٩٩٢/٥/١٩ کە بەرەی کوردستانی ئەنجامیدا، بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی کوردستان "هەموو هاولاتیەکی هەرێمی کوردستان مافی دەنگدانی هەبوو، بەمەرجێك هاولاتی کوردستانی عێراق بێت و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت".

لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا هیچ تۆمارێکی دەنگدەران نەبوو، هەر بۆیە هەموو هاولاتیەك مەرجە یاساییەکەی تیادا بووایە دەیتوانی بچێتە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بدات، بۆ ئەوەی کەسی دەنگدەر زیاد لەجارێك دەنگ نەدات و رێگە لەساختەکاری بگیرێت، وێرای ئەوەی بە مەرەکەبێك پەنجەی رەنگ دەکرا، ئەو پێناسەیەی هاولاتی دەنگدەر پێی بوو (احوال مدنی) کونێکی لێ دەکرا تا دووبارە دەنگ نەداتەوە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گزی و ساختەکاری کراو لایەنە سیاسییەکان یەکتریان تۆمەتبار دەکرد و بەڵگەکانیان لە دژی یەکتری دەخستە روو.

هەڵبژاردنی خولی دووەم لەرۆژی ٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کەدوای رووخانی رژێمی بەعس لەکوردستان و عێراق ئەنجام درا. لەم هەڵبژاردنەدا دانیشتوانی کوردستان جیا لەدانیشتوانی ناوچەکانی تری عێراق لەیەك کاتدا دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی سێ ئەنجومەنی جیادا، ئەوانیش: پەرلەمانی کوردستان، کەلەسنووری پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێرو دهۆك) ئەنجامدرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان.

ئەم هەڵبژاردنە بەسیستمی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) بەڕێوەچوو. کە (٢,٢٩٠,٧٣٦) کەس لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان مافی دەنگدانیان هەبوو و تیایدا (١,٧٥٣,٩١٩) کەس بەشداریان لەپرۆسەکەدا کرد کەدەکاتە ڕێژەی (٧٥.٦٪)ی سەرجەم دانیشتوانی هەرێم.

## لیژنەی بەدواداچوون لە خولی سێیەمی پەرلەماندا

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجامدرا، ئەم خولە جیاوازبوو لەخولەکانی تر، بەوەی ئۆپۆزسیۆن سەری هەڵداو چووە پەرلەمانەوە، لەهەرێم (٢,٤٠١,٧٩٥) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیە (١,٨٧٦,١٩٦) کەس بەشدارییان لەدەنگدانەکەدا کرد کە دەیکردە ڕێژەی (٧٨,١٪) سەرجەم دەنگدەرانی هەرێم.

لەم خولەدا بەهۆی گومانی لایەنە سیاسییەکان لەتۆماری دەنگدەران و بوونی ژمارەیەکی زۆری ناوی ساختە لەتۆمارەکە، پەرلەمانتاران لەیاداشتێکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردبوو و (٣٩) ئیمزای بەسەرەوە بوو داوای پاککردنەوەی تۆمارەکەیان دەکرد،[١] لەئەنجامدا لەمانگی تەمموزی ٢٠١٣ دا بە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمان لە (٢٠١٣/٧/٧) لیژنەیەك پێکهات لەنوێنەرانی فراکسیۆنە جیاجیاکان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە،[٢] لیژنەکە دووای دوو مانگ کارکردن لەسەر دۆسیەکە و کۆبوونەوە و بەدواداچوون لەگەڵ لایەنە

---

(١) یادداشتەکە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٣ لەلایەن پەرلەمانتار (گۆران ئازاد)ەوە ئامادەکرابوو و نوسرابوویەوە، ئەو ئەندامانەی واژۆیان کردبوو بریتی بوون لە: گۆران ئازاد محمد (یەکێتی)، د.دانا سعید سوفی (یەکێتی)، کاردۆ محمد پیرداود (گۆڕان)، قادر احمد سمایل (یەکێتی)، گەشە دارا حەفید (یەکێتی)، حمە سعید حمە علی (یەکگرتوو)، د.سەروەر عبدالرحمن عمر (یەکێتی)، رازاو محمود فرج (یەکێتی)، خلیل عوسمان حمدامین (یەکێتی)، کوێستان محمد عبداللە (گۆڕان)، شەونم محمد غریب (یەکێتی)، عمر عبدالعزیز (یەکگرتوو)، ناسك توفیق عبدالکریم (یەکگرتوو)، سەرگول ڕەزا حسن (کۆمەڵ)، هاوراز شێخ ئەحمەد (یەکگرتوو)، بەیان ئەحمەد بەرواری (یەکگرتوو)، عەبدوللای مەلا نوری (گۆڕان)، لوقمان سلێمان (گۆڕان)، پەیام ئەحمەد (گۆڕان)، عەزیمە نجم الدین حسن (گۆڕان)، عەدنان عوسمان (گۆڕان)، فرمان عزەدین مەحمود (گۆڕان)، ڤیان عبدالرحیم عبداللە (گۆڕان)، نەریمان عبداللە قادر (گۆڕان)، شێرزاد عەبدولحافز شەریف (گۆڕان)، سیوەیل عوسمان ئەحمەد (گۆڕان)، سەرهەنگ فەرەج محمد (گۆڕان)، ڕێباز فتاح محمود (گۆڕان)، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر (گۆڕان)، نیشتمان مورشید (یەکێتی)، شۆڕش سەید مجید (یەکێتی)، هاژە سلێمان مستەفا (شیوعی)، تارا عبدالرزاق (یەکێتی)، پێشەوا تۆفیق مغدید (گۆڕان)، دلشاد حسێن (گۆڕان)، د.سەباح محمد بەرزنجی (کۆمەڵ)، فازل حسن اسماعیل (زەحمەتکێشان)، ئاشتی عزیز صالح (گۆڕان)، پەیمان عزەددین (گۆڕان)، ***بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).***

(٢) ئەندامانی لێژنەکە پێکهاتبوون لە:

١-سالم تۆما کاکۆ، لە لیستی پێکهاتەی کریستیان، سەرۆك.

٢-ئامینا زکری سعید، فراکسیۆنی پارتی، ئەندام.

٣-گەشە دارا جەلال، فراکسیۆنی یەکێتی، ئەندام.

٤-عومەر سدیق محمد، لە فراکسیۆنی پارتی، ئەندام.

٥-یشار نجم الدین نورالدین، لیستی تورکمان، ئەندام.

٦-د.سەروەر عبدالرحمن عمر، فراکسیۆنی یەکێتی، ئەندام.

٧-د.ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی، فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەندام.

٨-د.سەباح محمد نجیب، فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، ئەندام.

٩-ئاهەنگ عارف ڕەئوف، فراکسیۆنی گۆڕان، ئەندام.

***بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).***

پەیوەندیدارەکانی وەك: (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، وەزارەتەکانی ناوخۆ و بازرگانی و تەندروستی) راپۆرتی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان نوسییەوە و تیایدا داواکرابوو کە ئەم تۆمارە سەدان هەزار ناوی مردوو و دووبارەو ساختەی تیایەو دەبێت پاك بکرێتەوە، بەپێی یاسا دەبوایە پەرلەمان کۆبوونەوە لەسەر ئەم راپۆرتە بکات و دووای خوێندنەوەی راسپاردەکانی بخرێتە دەنگدانەوە کە ئاخۆ ئەم تۆمارە پێویستە پاك بکرێتەوە یان نا؟ بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتە و گرژی و ململانێی لایەنە سیاسییەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەو کاتە کەمتەرخەمیی کرد و گوێی لە راسپاردەکانی لیژنەکە نەگرت و راپۆرتەکەی پشتگوێ خست و کۆبوونەوەکەی ئەنجام نەدا. لە ئەنجامدا هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەهەمان تۆماری پڕ لە ساختەکاری بەڕێوە چوو، ئەو تۆمارەی کە بەپێی راپۆرتی لیژنەپەرلەمانیەکە سەدان هەزار لە ناوی مردوو و دووبارە و کەسانی دەرەوەی هەرێم خزێنرابوونە ناویەوە. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە ئەو جۆرە لە ساختەکارییە بە یاسایی بکرێت.[٣]

وێرای گزیی و ساختەکارییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا کە شاراوە نەبوون، هەم حزبە سیاسییەکان و هەم رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە چاودێر بوون دەستنیشانیان کردبوون و لەو سەردەمدا باسیان لێوە کرد، تۆماری دەنگدەرانیش بەشێکی سەرەکی و هۆکارێکی ساختەکارییەکە بوو.

بەکورتی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان پڕە لە خەوش و کەموکوڕی و شیاو نیە بۆ هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد، لێرەدا کەموکوڕییەکان لە چەند خاڵێکدا چڕ دەکەینەوە:

١- تا ئێستا ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نیەو نازانرێت هەم ژمارەی دانیشتووانی هەرێم چەندەو هەم چەند کەس مافی دەنگدانی هەیە تا ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار بکرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی جیاجیا هەیە.

٢- تۆماری دەنگدەران لە هەرێم پشتی بە فۆرمی کۆمپانیای خۆراك بەستووە، ئەم فۆرمەش لەساڵی ١٩٩٦ ەوە دروستکراوە، ئەو کەسانەی مردوون لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە دەگمەن نەبێت ناویان لە تۆمارەکە نەسراوەتەوە.

٣- ئەو کەسانەی دانیشتووی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بوون و پێشتر لە هەرێم نیشتەجێ بوون بەڵام دواتر لەئەنجامی رێکارەکانی مادەی (١٤٠) گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان وەك پارێزگاکانی (کەرکوك، موسڵ، سەڵاحەدین، دیالە و قەزای مەخمور) سەرباری ئەوەی ناویان لە تۆماری ناوچەکانی خۆیان هەیە لە تۆماری هەرێمی کوردستانیشدا ناویان هەر ماوەو نەسراوەتەوە.

٤- کاتێك وردبینی لە تۆمارەکە دەکرێت ژمارەیەکی زۆر ناوی دووبارەو سێ بارەی تیایە.

٥- ژمارەیەك لە کوردانی باکور (تورکیا) و رۆژئاوا (سوریا) و رۆژهەڵات (ئێران) فۆرمی خۆراکیان بۆ دروستکراوە، ئەوانەی لەهەرێمدا نیشتەجێن و بەپێی یاسا ئیقامەیان هەیەو رەگەزنامەیان وەرگرتووە ئاساییە، بەڵام بەشێکیان بەساختە ناسنامەی باری شارستانیان بۆ دروستکراوەو (تعداد الفرعی)یان بۆ کراوەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆماری دەنگدەرانەوە کە لەراستیدا مافی دەنگدانیان نیە.

٦- دەنگدەرانی تایبەت (لە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و پێشمەرگە) کە ژمارەیان بە سەدان هەزار دەخەملێنرێت بەشێکیان دوو جار ناویان تۆمار کراوە، هەم لیستی تایبەت بەخۆیان (تۆماری دەنگدەرانی تایبەت) دا هەیە و هەم لە تۆمارە گشتیەکەش ناویان نەسڕاوەتەوەو دووجار دەنگ دەدەن.

---

(٣) ***بۆ دەقی راپۆرتی لیژنەکە کە پێشکەشی پەرلەمانیان کرد، بڕوانە پاشکۆی (٣).***

## کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم و بێدەنگیی خولەکانی چوار و پێنجی پەرلەمان

لە مادەی (٣)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە: "کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێریی پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لەبەرامبەریدا".

کەواتە تەنها پەرلەمان بۆی هەیە لەکاتی سەرپێچی و کەمتەرخەمی و بوونی کەموکوڕیدا بەدواداچوون بۆ کارەکانی بکات و لێپێچینەوە لەگەڵ کۆمسیۆن بکات، وە کۆمسیۆنیش تەنها بەرامبەر پەرلەماندا بەرپرسیارە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت خودی کۆمسیۆن نەیتوانیوە بەکارەکانی خۆی هەڵسێت، یاخود کەمتەرخەم بووە، یا سەرپێچی کردووە، یا ناراستەوخۆ رێگری لێ کراوە، جگە لە هەوڵی چەند پەرلەمانتارێك کە یادداشتیان پێشکەشکردو بەدواداچوونیان کرد،[٤] بەلام پەرلەمان هیچ لێپێچینەوەو بەدواداچوونێکی بۆ نەکردووە.

لە کاتێکدا لەکۆتایی خولی پێشووتریدا پەرلەمان لیژنەی لێکۆلینەوەی سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران دروست کردبوو، سەرباری ئەوەی لیژنەکە کارەکانی خۆی ئەنجامدا، بەڵام بەبیانووی نەبوونی کات و نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن هیچ هەنگاوێك نەنرا، کەچی خولەکانی دواتر (چوارەم و پێنجەم) بەهەمان شێوەی پێشوو هەوڵی پاك کردنەوەی تۆمارەکەیان نەدا، داوایان لە کۆمسیۆن نەکرد تۆمارەکە پاك بکەنەوە، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکردن، پەرلەمان نەك بەئەرکی خۆی هەڵنەسا بەڵکو گوێی لەو ئەندام پەرلەمانانەش نەگرت کە یاداشت و بەڵگەی پێویستیان ئاراستەی سەرۆکایەتیەکەی کردبوو.

سەردەمانێك (لە خولی سێیەمی پەرلەماندا) کە پەرلەمان و پەرلەمانتاران کاریان لەسەر بابەتی پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران کردووە کە خاوەنی کۆمسیۆنی خۆمان نەبووین و ئەرکەکە لەسەر کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق بوو. بەڵام کاتێك کۆمسیۆنێکی تایبەت بە هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٥ دروستکرا، دامەزراوەیەك بوو هەموو لایەنە سیاسیە سەرەکییەکانی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ)ی تیادابوو، کۆمسیارەکان برابەش لەنێوان ئەم حزبانەدا دابەشکرابوون، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە لەم قۆناغەدا نە هێزە سیاسییەکان نوێنەرانی خۆیان راسپارد تا لە کۆمسیۆنەکەدا کار لەسەر ئەم پرسە بکەن و نە پەرلەمان وەك ئەرکی چاودێری خۆی بەدواداچوونی کرد و کاری لەسەر پاك کردنەوەی تۆمارەکە کرد. نەمانبینی هیچ کام لەو حزبانەی قسە لەسەر خراپی

(٤) بەپێی زانیاریی ئێمە پەرلەمانتار (گەشە دارا حەفید) لە رۆژی (٢٠١٥/٦/١٥) یاداشتێکی (١٢٠) لاپەڕەیی پشت ئەستور بە کۆمەلێك بەلگەو دەکۆمێنت داوە بەسەرۆکی پەرلەمان بەمەبەستی بەدواداچوون و کارکردن لەسەر پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بەلام کاری لەسەر نەکرا، هەرچەندە لەرۆژی (٢٠١٥/٧/١) بە ئیمزای جێگری سەرۆکی پەرلەمان یاداشتەکە ئاراستەی لیژنەی کاروباری پەرلەمان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردن و راپرسی کراوە، بەلام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ناوبراو هەمان نوسراوی بەیاداشتی جەختکردنەوەوە لە (٢٠١٧/٧/١٩) ئاراستەی پەرلەمان کردۆتەوە، بەلام دیسانەوە وەك جاری پێشوو بێ ئەنجام بوو. هەروەها لەهەمان مێژوو نوسراوی ئاراستەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و وەزارەتەکانی (تەندروستی، بازرگانی، پێشمەرگە و ناوخۆ) کردۆتەوە، بەلام هیچ کام لەو وەزارەتانە وەلامیان نەداوەتەوە. هەروەها لە ٢٠١٧/١١/٢٩ بۆ جاری سێیەم لەرێگەی پەرلەمانەوە نوسراوی ئاراستەی کۆمسیۆن و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کردۆتەوە، بەلام وەلام نەدراوەتەوە. هەروەها لە رۆژی ٢٩ ٨/ ٢٠١٧ شاندێکی پەرلەمان کە پێکهاتبوو لە پەرلەمانتاران: (ئەبوبەکر هەڵەدنی، گەشە دارا حەفید، بێستون فایەق، سۆران عومەر، عەلی حەمەساڵح، ساڵح فەقێ، د.پەری ساڵح، د.شوان قەڵادزێی، د.شێرکۆ حەمەئەمین)، سەردانی کۆمسیۆنیان کرد و لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٦ لەبارەی سەردان و بەدواداچوونەکەیانەوە یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بێئەوەی هەوڵەکەی ئەوانیش هیچی لێ سەوز ببێت. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە پاشکۆکانی ژمارە (٤) و (٥).

تۆماری دەنگدەران دەکەن، ڕۆژێك لە ڕۆژان نوێنەرەکانیان یادداشتێك، بەیانێك، یا فشارێك بکەن لەناو کۆمسیۆندا بۆ پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، جگە لەوە ڕۆژێك نەمانبینی لە پەرلەمان، لیژنەکان، یا سەرۆکایەتیەکەی یا ئەندامان دانیشتنێك یا ڕاپۆرتێك لەسەر تۆماری دەنگدەران بکەن. کاتێك ئەم بێدەنگیەی هێزە سیاسیەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆن و لیژنەکان و پەرلەمانتاران دەبینین، پرسیاری ئەوە دێتە کایەوە چۆن و لەبەر چی بیانویان لەسەر تۆماری دەنگدەران هەیە ! ؟ ئەگەر پەرلەمان و کۆمسیۆن و لایەنە سیاسیەکان ئەو کارە نەکەن، کێ بیکات و چۆن دەبێن بە خاوەنی تۆمارێکی پاك وەك داوای دەکەن ! ؟

ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە خودی لایەنە سیاسییەکان هیچ کامیان جددی نین لە پاك کردنەوەی تۆمارەکە، چونکە ئەگەر پاك بکرێتەوە بیانوی دواخستنی هەڵبژاردنیان لەکیس دەچێت، کە باشترین پاساوە هەر کات دەستی بۆ ببەن کەس ناتوانێ بڵێ وانیە !

هێزە سیاسیەکان خۆیان نایانەوێت تۆمارەکە پاك بکرێتەوە، چونکە باشترین پاساوی دواخستنی هەڵبژاردنیان لەکیس دەچێ! بە بەڵگەی ئەوەی ئەوەتا لە هەموو خولەکاندا ئەم بیانووە هێنراوەتەوە بەڵام لە هیچکامیاندا کاریان لەسەر پاك کردنەوەی نەکردووە.

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمدا کە ساڵی ٢٠١٥ بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و کۆمسیارەکانی لە ٢٠١٤/١٢/٣ دەستبەکار بوونە، لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا ئەم کۆمسیۆنە تەنها دوو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، یەکەمیان پرۆسەی ریفراندۆم لە ٢٠١٧ و دووەمیشیان هەڵبژاردنی خولی پێنجەم بوو لە ساڵی ٢٠١٨، کە لە هەردوو پرۆسەدا کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم هیچ تۆمارێکی تایبەت بەخۆی نەبووەو لەسەر وێنەیەکی کۆپیی تۆماری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق کاری کردووە کە بەنافەرمی وەدەستی خستبوو!

هەر دوور نەڕۆین یەکێك لەو بیانوانەی لەساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك مەرج داینابوو بۆ بەشداری هەڵبژاردن، پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بوو، هەر ئەمەش ڕەنگی دایەوە لەو سکاڵایەی لە دادگەی فیدراڵی تۆماری کرد کە یەکێك لە خاڵەکانی بوو، کە بووە مایەی ئەوەی چەند جارێك هەڵبژاردن دوابخرێت.

دواتریش کە بڕیاری دادگەی ئیتیحادی دەرچوو سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن و ئەنجامدانی پرۆسەکەو ئەرکەکە بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق سپێردرا، ئەمجارەیان یەکێك لە بیانووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پۆخڵی و خراپی تۆمارەکە بوو کە پێی وابوو ژمارەیەکی زۆر لە دەنگدەرانی ئەو پەنجەمۆریان ناخوێنرێتەوەو بێبەش دەکرێن لە مافی دەنگدان و ئەوەبوو بەو بیانووە بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد و لەئەنجامدا هەڵبژاردن دواخرا.

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین بەرپرسی یەکەم لەئاست ئەم پێشێلکارییە پەرلەمانی کوردستانە بە تەوجیهی لایەنە سیاسییەکان، چونکە تاکە دەزگایە کە بەپێی یاسا بتوانێت لێپێچینەوە لەکۆمسیۆن بکات و حکومەت و دام و دەزگا فەرمیە پەیوەندارەکان بکات و مولزەمیان بکات لەدابینکردنی پێداویستیەکاندا هاوکاریی کۆمسیۆن بکەن و کارئاسانیی بۆ بکەن. بەڵام پەرلەمان بە کاری خۆی هەڵنەستاو ئەرکەکانی خۆی لەم بوارەدا جێبەجێ نەکرد.

جگە لە پەرلەمان، لایەنە سیاسییەکانیش سەرباری ئەوەی ڕاستیەکانیان دەزانی و بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی ساختەکاریی تۆمارەکەیان لەبەردەستدابوو، کەچی لەکاتی پێویستدا هیچ هەوڵێکی پاك کردنەوەی تۆمارەکەیان نەداو بێدەنگ بوون لەئاستیدا، بەدرێژایی چوار ساڵ و پێنج ساڵی تەمەنی پەرلەمان هیچ هەنگاوێکیان نەنا، خەمسارد بوون لەهەمبەر کەموکوڕی و کارە نایاساییەکانی تۆمارەکەدا. تەنها لەوادەی بەرلە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بیریان دەکەوێتەوە تا وەك کارتێك بەکاری بێنن بۆ دەسکەوتنی پۆستی زیاتر و سەپاندنی مەرجەکانیان.

## هۆکارەکانی خەمساردی لایەنەکان لە پاك نەکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا

ئەم هەڵوێستانەی لایەنە سیاسییەکان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١–لەوە دەچێت هەندێك لەحزبە سیاسییە باڵادەستەکان ئەم ناڕوونیەو بوونی ئەم ژمارە زۆرەی ناوی ساختەو مردوو و دووبارەیە لەبەرژەوەندییاندا بێت و لەکاتی هەڵبژاردندا بەکاری بێنن!

٢–پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران کاتی پێویستە، لەکاتی ئاساییدا کاریان لەسەر نەکردووەو لەئێستاشدا بەبیانووی دواخستنی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ئۆباڵەکەی نەکەوێتە ئەستۆیان، هەندێك لەحزبەکان جۆرێك لە موزایەدە دەکەن کە گوایە ڕێگەنادەن هەڵبژاردن دووا بکەوێت!

جگە لەم خاڵانە هۆکارێکی لۆژیکی تر نیە کە هیچ کام لە حزبە سیاسییەکان هەوڵوێستێکیان بەدی ناکرێت. ئەمە لەکاتێکدا کەرازی بوون بەهەڵبژاردن بەم تۆماری دەنگدەرانە بەیاسایی کردنی گزی و ساختەکارییەو ئۆباڵەکەشی لە ئەستۆی هەموو ئەو حزبانەیە کە پێی ڕازین و چەسپاندنی ئەم تۆمارە پڕ لە پۆخڵەواتەیە کەسیستەمی سیاسیی هەرێم و دامودەزگا فەرمی و شەرعیەکانی لەسەر بنیات دەنرێت.

ئەگەر وانیە بۆچی لە خولی سێیەمی پەرلەماندا (٢٠١٣) کاتێك لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئەم مەسەلەیە پێکهات، بڕیاری لیژنەکەو ڕاسپاردەکانی لە ڕاپۆرتێکدا ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، ئەوکاتە سەرۆکایەتی بەدەست پارتی و یەکێتیەوە بوو، هەردوو حزب هاوهەڵوێست ئامادەنەبوون کۆبوونەوەی پەرلەمانی لەسەر بکەن و ڕاپۆرتەکە بخەنە دەنگدانەوە! ئەگەر وا نیە بۆچی هەمان کات حزبەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بێدەنگیان هەڵبژارد و هیچ هەڵوێستێکیان لەسەر ئەم هەموو ساختەکارییەی تۆماری دەنگدەران نەبوو!

ئەگەر وانیە بۆچی لەخولەکانی چوارەم و پێنجەمی پەرلەماندا کە (١٠) ساڵیان لەبەردەستدابوو، نە سەرۆکایەتی پەرلەمان و نە هیچکام لە فراکسیۆنەکان هەوڵی پاك کردنەوەیان نەدا و یاداشتێکیان ئاراستەی لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان نەکرد!

ئەگەر وانیە بۆچی لەماوەی کابینەی هەشتەمدا ئەو حزبانە هەموویان لەحکومەتدابوون، لەکابینەی نۆیەم هەرسێ لایەنی پارتی و یەکێتی و گۆڕان لە حکومەتدا بوون، دەیانتوانی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن، بەڵام نەیانکرد.

ئەگەر وانیەو حزبەکان کەمتەرخەم نین، خۆ هەر پێنج حزب (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) نوێنەریان لە کۆمسیۆن هەیەو کۆمسیۆنەکە سەربەخۆ نیە بەڵکو سەربەخۆیانە! چ ڕۆژێك بانگی نوێنەرەکانیان کرد لەکۆمسیۆن بۆ ئەوەی ئەم تۆمارە پاك بکەنەوەو لەڕێگەی خۆیانەوە فشار دروست بکەن! مەگەر وەڵامی ڕەخنەکان لەسەر بێلایەن بوونی کۆمسیۆن ئەوە نەبوو کە لایەنەکان خۆیان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کادرەکانیانەوە ئەرکی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك بگرنە ئەستۆ! بێگومان بەرپرسیارییەتی ئەم ڕەوشە نایاساییە لەئەستۆی هەر پێنج حزبە بەپێی سەنگ و قورساییان و هیچ کامیان لێی بەدەر نین.

هەر بۆ وەبیر خستنەوە ئێمە لە دامەزراوەی پەی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕاپۆرت و یادداشتمان داوە بە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان، تەنانەت تا ئەو ئاستەی وەك دامەزراوەکەمان بەفەرمی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی تانەمان لە تۆمارەکەدا، لە دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان سکاڵامان تۆمار کرد و بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانمان خستە بەر دەستیان،جگە لەمانە چەندین کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و دیدارمان بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامداوە، بەڵام هەمووی بێ ئەنجام بوو، نە لایەنە سیاسیەکان گوێیان گرت و نە پەرلەمان و کۆمسیۆن و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش کاریان لەسەر کرد. [٥]

---

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆکانی ژمارە (٤) تا ژمارە (٣٠) کە هەوڵەکانی دامەزراوەی پەی لەم بوارەدا دەخاتە ڕوو.

## سەربوردەی بڕیارەکەی دادگەی ئیتیحادی و داهاتووی هەڵبژاردن

هەڵبـژاردنی خـولی شەشـەمی پەرلـەمانی کوردسـتان دەبـوو لـە ڕۆژی (٢٠٢٢/١٠/١) بەڕێوەبچێت، بـەڵام بـەهۆی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر چۆنیەتی هەمواری یاسای هەڵبژاردن و کاراکردنـەوەی کۆمسیۆنی هەڵبـژاردن و ڕاپرسی کوردستان، هەڵبژاردنەکەی لەوادەی خۆی دواخست.

دواکەوتنی هەڵبژاردن لەوادەی خۆی، نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی هـەرێمی ناچـارکرد، بۆ جـاری دووەم مەرسوم دەربکات و وادەیەکی تر بۆ هەڵبژاردن دیاری بکات، بەمەش کۆتاییەکانی ئازاری ٢٠٢٣ مەرسومی دووەمـی دەرکردو ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ی بۆ سازدانی هەڵبژاردن دەستنیشان کرد، لەماوەی مانگی ئازار بۆ تشرینی یەکـەم، لایەنـە سیاسـییەکانی هـەرێم (بەتایبـەتی پـارتیو یـەکێتی) لـە بارەگـای سـەرۆکایەتی هـەرێم بـۆ ڕێککـەوتن لەسـەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن ناو زنجیرەیەك کۆبونەوەیان کرد، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك.

یەکێك لەخاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی لەنێوان پارتیو یەکێتیی کورسی (کۆتـا)ی پێکهاتـەکان بـوو، لـە سـەرەتای گفتوگۆکانـەوە، یـەکێتی داوای دەکـرد هەڵبـژاردنی کوردسـتان هاوشـێوەی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی عێـراق کـە ٢٠٢١ بەڕێوەچوو، بەشێوازی (فرە بازنەیی) بکرێت، چونکە یەکێتی و چەند لایەنێکی تر پێیان وابوو شێوازی (یەك بازنەیی) ئەوەی بۆ پارتی فەراهەمکردووە زۆرینەی پەرلەمانی هەبێت و لەشـێوازی (فـرە بازنـەیی)دا دەنگـەکان دابەشـدەبن و پارتی ناتوانێت زۆرینەی پەرلەمانی بە قەبارەی پێشتر وەدەستبخات، پارتی لەسەر ئەم داواکارییە قایل بـوو، بـەڵام هاوکات لەگەڵ فرە بازنەییدا، یەکێتیی داوای دەکرد کورسی (کۆتـا)ی پێکهاتـەکانیش بەسـەر بازنـەکانی هەڵبژاردنـدا دابەش بکرێت، (٢ بۆ ٤) کورسی لە کۆی (١١) کورسیی پێکهاتەکان بخرێتە سنوری پارێزگای سلێمانی، لەسـەر ئەمـە لەگـەڵ پـارتی نەگەیشـتنە ڕێککـەوتن، بەوهۆیەشـەوە هەڵبـژاردن دواکـەوت و مەرسـومی یەکـەمی نێچـیرڤان بـارزانی هەڵوەشایەوە.

بەهۆی شکستی دانوستانەکانەوە، نێچیرڤان بارزانی بەناچاری مەرسومی دووەمی بۆ سازدانی هەڵبژاردن لـە ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣دا دەرکرد. بەڵام ناکۆکی پـارتی و یـەکێتیی هـەر بـەردەوام بـوو، پەرلـەمانیش نـەیتوانی یاسای هەڵبژاردن هەموار بکاتەوەو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستان کارابکاتـەوە، شکسـتی دانوسـتانەکان سـەریان کێشا بۆ هەڵوەشاندنەوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردسـتان بـەبڕیارێکی دادگـای فیـدراڵی لـە ڕۆژی ٣٠ی ئایاری ٢٠٢٣دا. لەئەنجامدا سەبارەت بە (یاسای هەڵبژاردن) چەند سکاڵایەك ئاراستەی دادگەی ئیتیحادی کران، دوای تاوتوێکردن و بەڕێوەچوونی چەندین دانیشتن، لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٢/٢١)دا دادگای ئیتیحادی بڕیاری خۆی لـەبارەی ئـەو سکاڵایەوە دەرکرد کە (یەکێتیی نیشتمانی کوردسـتان) لەسـەر سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتان، سـەرۆکی هـەرێم و سەرۆك وەزیرانی هەرێم تۆماریکردبوو. سکاڵاکار داوای لە دادگای فیدراڵی کردبوو حوکم بدات بـە نادەسـتوری بـوونی ماددەکانی (١، ٩، ١٥، ٢٢، ٣٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هـەموارکراو، کە تایبەت بوون بە: ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، کورسی کۆتاکان، بازنەی هەڵبژاردن، تۆماری دەنگدەران و لیسـتی پاڵێوراوان. لە ئەنجامدا لـە گرنگترین بڕیارەکـانی دادگـەی ئیتیحـادی بـریتی بـوون لەمانـەی خـوارەوە، کـە دەکرێـت هەندێکیان بە تەکنیکی و ئەوانەی تریش بە سیاسین پۆلێن بکرێن:

١- تانە لە ماددەی (١) ی یاساکە دراوە کەتیایدا هاتبوو "پەرلەمانی کوردستان لە ١١١ ئەندام پێکدێت"، سکاڵاکار نوسیویە هیچ پێوەێك نیە بۆ دانانی کورسیەکان، بۆ ئەمەش پشتی بە برگەی (١)ی ماددەی (٤٩)ی دەستوری عیراق بەستووە کە هاوشێوەی ئەنجومەنی نوێنەران بێت: "یەك کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتوان". لەئەنجامدا دادگە بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی ڕێژەی کورسیەکان بۆ (١٠٠) کورسی، لەکاتێکدا دیار نیە ئاخۆ دادگەی ئیتیحادیش لەکەمکردنەوەی کورسیەکان پشتی بە چ پێوەرێك بەستووە ! ئەگەر بەپێی دەستور بوایە هەر سەد هەزار کەس لە دانیشتوان کورسییەکی بۆ دەستنیشان بکرایە، دەبوایە بکرێت بە (٦١) کورسی گشتی، چونکە بەپێی دوا ئاماری بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بریتییە لە (٦١٠٣٢٧٤) کەس.

٢- تانە لە مادەی (٩) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە گۆڕینی جوگرافیای هەڵبژاردنی هەرێم لە یەك بازنەییەوە بۆ فرە بازنەیی، کە لە چوار بازنە کەمتر نەبێت، ئەم خاڵەشیان کارێکی بەجێیەو بەهۆیەوە نوێنەرایەتی ناوچەکان باشتر بەرجەستە دەبێت و بواری گزی و ساختەکاریش کەمتر دەبێتەوە. بەڵام ئەو چوار بازنەییەی لەلایەن دادگەی ئیتیحادیەوە هێنرایە کایەوە، دەکرا لە پەرلەمانی کوردستانیش بکرێت، لەکاتێکدا هەموو لایەنەکان ڕازی بوون لەسەری.

٣- تانە لە مادەی (١٥) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە پێداچوونەوەو ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران، ئەمەیان کارێکی یاسایی و لەجێیەو جێگەی دەستخۆشیە، سالآنێکە دەبوایە خودی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پێی هەڵسن. لەکاتێکدا ئامادەکردنی تۆمارێکی پاك و بێگەرد ئەرکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمە، ئەو کۆمسیۆنە لە ساڵی (٢٠١٥) دروستبووە، تەنها یەك ڕاپرسی و یەك هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، هەردووکیانی بە تۆماری دەنگدەرانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق کردووە، بە تەکلیف وەری گرتووە، لەکاتێکدا (٩) کۆمسیاری بە پلە وەکیل وەزیر و (١٢) بەڕێوەبەری گشتی و (٥١٨) فەرمانبەری هەیە، ماوەی (٩) ساڵە مانگانە نزیکەی (٩٠٠) ملیۆن دیناری وەك موچەی نەسریە بۆ خەرج دەکرێت، کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت نەتوانراوە تۆمارێکی دەنگدەرانی بێگەرد دروستبکەن، کە ئەو کاتە کۆمسیۆنەکە هیچ کێشەیەکی یاسایی و سیاسی نەبوو، پرسیار ئەوەیە کۆمسیۆنێك کە نوێنەری لایەنی سکاڵاکاری تیادایە، بودجەو توانای مرۆییان هەبووە، بۆچی لەو ماوە دوور و درێژەدا هیچ کارێکیان لەسەر ئەو تۆمارە نەکرد؟ کەچی ئێستا ئەو داوایە لە بەغدا دەکەن؟ ئەوە چ باوەڕ بوونێکە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و چ بەهەدەردانێکی داهاتی هەرێمە؟

٤- تانە لە مادەی (٢٢) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە نادەستوری دانانی لیستی هەڵبژاردن کە ڕێگە بە لیستی تاکەکەسیش بدات، بە مەرجی پاراستنی ڕێژەی ژنان. لایەنە سیاسییەکان دەیانتوانی لە پەرلەمانی کوردستاندا کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن.

٥- تانە لە مادەی (٣٦) ی یاساکە سەبارەت کورسی کۆتاکان، سکاڵاکار داوای دابەشکردنی کورسی کۆتاکانی کردووە بەسەر پارێزگاکاندا، بەڵام دادگا بڕیاریدا بە لابردنی هەر (١١) کورسی کۆتا. بەپێی بڕیارەکە بوونی کورسی کۆتا نادەستورییە، ئەمەش لەگەڵ دەستور و یاسا و واقیعدا وێك نایەتەوە، بەتایبەتی کۆتای مەسیحییەکان، چونکە لەلایەك سیانزە ساڵ بەر لە دەرکردنی دەستوری هەمیشەیی عیراق کۆتای مەسیحییەکان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە

لەپەرلەمانی کوردستاندا هەبووە و لە مادەی (١٤١) ی دەستوریشدا هاتووە: "کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت". لەلایەکی تریشەوە بەپێی یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، (٩) کورسی کۆتا لە ئەنجومەنەکەدا هەیە، کە پێنج لەوانە بۆ مەسیحییەکان تەرخان کراوە، بەمەش ئەو پرسیارە دێتەکایەوە: ئاخۆ نادەستوریبوونی کۆتای مەسیحییەکان لەکوێدایە؟ دادگای فیدراڵی ئەگەر سیستەمی کۆتای کوردستان بە پێچەوانەی دەستوری عێراق دەزانێ، دەبوایە پێشتر کۆتا لەعێراقدا هەڵوەشێنێتەوە، ئینجا بڕیار لەسەر نادەستوری بوونی کۆتا لە کوردستان بدات. کە بڕیارەکەیشی دەرکرد، دەبوایە ئەلتەرناتیڤێکی بۆ مافی پێکهاتەکان پێشنیاز بکردایە و ڕەچاوی کێشە سیاسی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کردبایە، بە جۆرێك چارەسەری یاسایی بکردایە بەبێ ئەوەی مافەکانیان بەیەکجاری فەرامۆش بکات. لەلایەکی ترەوە دەبوایە سکاڵاکاران ئەوەیان بە ئەگەر وەربگرتایە لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکاندا کاریگەری لەسەر پرسی بەیەکەوە ژیان دەبێت کە چەندین ساڵە لە هەرێمدا بەرقەرارە، کاریگەری لەسەر دۆخی شاری کەرکوك دەبێت کە شاری بەیەکەوە ژیانەو کورد تیایدا زۆرینەیە و خواستی سەرکردایەتی کوردستانە کە بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێم. ئەو شەڕەی لە بەغدا کردیان دەکرا لە کوردستان بیانکردایە، ئەو لایەنانەی ملیان نەدەدا کورسی پێکهاتەکان دابەش بکرێ، سەری کێشا بۆ نەهێشتنی یەکجارەکی کورسیەکان وەدەرنانیان لە پەرلەمانی کوردستان. ئەگەر لە کوردستان چارەسەر بکرابوایە و لە دوو پارێزگەدا چڕ نەکرابونایەوە سەری نەدەکێشا بۆ ئەوەی ڕەت بکرێنەوەو نەمێنن.

٦– جگە لەمانە دادگا بڕیاری لە نادەستوریبوونی بڕگەی (٢) لە مادەی (٥٦) یاساکە داوە، کە پەرلەمان دەسەڵاتی بڕیاردانی لە پرسە چارەنوس سازەکانی خەڵکی کوردستاندا نەبێت. لەکاتێکدا ئەم بابەتە لە داواکەدا نەهاتووە، بەپێی ئەمە دەبێت بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانیش هەڵبوەشێنرێتەوە کە تیایدا هاتووە" پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستووری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق". بەپێی ئەم بڕیارە بێت ئیتر لەمەودوا دامەزراوەی پەرلەمان لەبایەخی کەمتریش دەبێتەوەو هیچیتر مەرجەعی خەڵکی کوردستان نابێت! لەکاتێکدا خەباتی سیاسی بەشێکی گەورەی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمدا ئەوە بووە پەرلەمانی کوردستان ببێت بە مەرجەعی باڵا، بۆ نمونە لە پرسەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم، دەستور، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و فیدراڵ و چەندانی تر لەژێر سەقفی پەرلەماندا یەکلایی بکرێنەوە. لەهەمووشی گرنگتر هەمیشە زۆرینەی پەرلەمان و سەرۆکایەتییەکەی لای ئەو هێزانە بووە کە پارتی نەبوون، چونکە سەرۆکایەتی حکومەت لای پارتی و پەرلەمانیش لای لایەنەکانی تر بووە. لە ئێستادا کە مەرجەعیەتی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان وەردەگیرێتەوە، ئەو هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیرانەی چەندین ساڵە شەڕی ئەوەیان دەکرد پەرلەمان مەرجەعی باڵای چارەسەرکردنی پرسە چارەنوسسازەکان بێت، لانی کەم بەپێی بانگەشەکانی ڕابردوویان، دەبوو ئەگەر ئیدانەی ماددەکانی تریش ناکەن، ئیدانەی ئەو ماددەیەیان بکردایەو بهاتنایەتە دەنگ، چونکە گورزەکە بەر ئەوانە کەوتووە، کەچی جگە لەوەی سەبەبکارن، بێدەنگیشن.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بانگەشەی بەمەرجەع کردنی پەرلەمانی دەکرد، بەم کاتێك لەئەنجامی سکاڵاکەی ئەوەوە دادگەی ئیتیحادی برگەی دووەی ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵوەشاندەوەو مەرجەعبوونی لە پەرلەانی کوردستان وەرگرتەوە، یەکێتی بێدەنگ بوو!

بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری و نەوەی نوێ و هەموو ئەو هێزو لایەنانەی کە خیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانی و داوای ئەوەیان دەکرد بەپێی یاسا پەرلەمان دەبێ مرجەعی بالای خەڵکی کوردستان بێت و بۆ هەموو پرسە چارەنوسسازەکان بۆی بگەڕێنەوە، بەم لەئاست هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیەو وەرگرتنەوەی ئەم مەرجەعبوونەی پەرلەماندا بێدەنگیان هەڵبژارد!

پارتی دیموکراتی کوردستان کە بانگەشەی نەتەوەیی بوون و پاراستنی قەوارەی هەرێم دەکات، کاتێك لەئەنجامی بڕیارەکەی دادگەی ئیتیحادیدا پەرلەمانی کوردستان بچوك کرایەوەو کۆمەڵێك دەسەڵاتی لێسەنرایەوە و مەرجەعبوونی پێ رەوانەبینرا بۆ خەڵکی کوردستان، پارتیش هاوشێوەی هێزەکانی تر بێدەنگ بوو، لەکاتێکدا چوو بۆ دادگا (ئەو دادگایەی بە مەحکەمەی سەورەی ناودەبرد)، سکاڵای تۆمارکرد بۆ هەندێك بابەتی لاوەکیی تر کە بەراورد ناکرێن لەگەڵ پرسی بە مەرجەعبوونی پەرلەمان، کەچی لەسەر ئەم بابەتە هیچ دەنگێکیان لێ نەبیسترا و هیچ هەڵوێستێکیان لێ نەبینرا!

ئێمە وەك دامەزراوەی پەی لەسەرەتاوە لە یادداشتێکماندا رامانگەیاند کە دادگا بێیەن نیەو لەبەشێك لە بڕیارەکانیدا نایاسایی و سیاسی بڕیاریداوە، لە جاری یەکەمیدا لەبەرژەوەندی بەرەیەك بڕیاریدا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دواتر بەپێچەوانەوە لە بەرژەوەندی بەرەی دواخستنی هەڵبژاردن بڕیاریداوە، رێك پێچەوانەی بڕیارەکەی پێشووی و لەسەر سکایەکی سەرۆکی حکومەت رێکارەکانی هەڵبژاردنی راگرت! ئەمە لەکاتێکدا بەپێی ماددەی (٩٤)ی دەستور بڕیارەکانی دادگەی ئیتیحادی (بات) پابەند کارن و قابیلی تانەو پێداچوونەوە نین و تەنها دەبێ جێبەجێ بکرێن، چجای هەڵوەشانەوەیان هەڵوەشاندنەوەیان! ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە نە لە جاری یەکەم و نە لەجاری دووەمدا دادگەی ئیتیحادی بێلایەن نەبوو.

هەرچەندە لە سەرەتادا پارتی دادگەی ئیتیحادی بە (دادگەی سەورەی سەردەمی رژێمی بەعس دەچواند)، بەڵام لە (٢٠٢٤/٤/٦) مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی پارتی لە دادگەکەدا سکاڵایەکی لە دژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمارکرد، بە سەرپێچیکردنی برگەکانی دەستووری عێراق تۆمەتباری کردن و داوای کرد دادگاکە بڕیارێکی بەپەلە دەربکات بۆ راگرتنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تاوەکوکاتی یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکەی. لە سکاڵاکەیدا دەڵێت: "کۆمیسیۆن لە دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن، سەرپێچی دەستوور و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی کردووە، چونکە لە دابەشکردنی ژمارەی کورسیی بازنەکان، پشتی بە ژمارەی دەنگدەران بەستووە نەوەك ژمارەی دانیشتووانی ئەو بازنانە، ئەمەش پێچەوانەی دەقی ماددەی ٤٩ی دەستووری عێراقە". هەر لە سکاڵاکەی سەرۆکی حکومەتدا هاتبوو: "ماددەی تانەلێگیراو سەرپێچی برگەکانی دەستووری کردووە، کە تیایدا هاتووە رەچاوی نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتەکانی گەل بکرێت"، دەشڵێت "راستە ئەم برگەیە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، بەڵام بنەمایەکە دەستوور پەسەندی

کردووە و پێویستی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانە لە تەواوی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، بۆیە پێویستبوو کۆمیسیۆن ڕەچاوی هاوسەنگی بکات، بە دیاریکراوی تایبەت بە پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحی".

لەبەرامبەر ئەوەدا لە رۆژی (٢٠٢٤/٥/٧) دادگەی ئیتیحادی لەوەڵامی سکاڵاکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، فەرمانێکی بەپەلەی "وەلائی" دەرکرد بەمەبەستی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی برگەی (دووەم)ی ماددەی (٢) لەسیستمی تۆمارکردنو پەسەندکردنی لیستی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤، کە تێیدا هاتوە: "پەرلەمان لە(١٠٠) کورسی پێکدێت کە بەسەر ئەم بازنانەی هەڵبژاردندا دابەشکراون: پارێزگای هەولێر ٣٤ کورسی، سلێمانی ٣٨ کورسی، دهۆك ٢٥ کورسیو هەڵەبجە ٣ کورسی".

دادگای ئیتیحادی لەنوسراوەکەیدا کە واژۆی سەرۆکی داداگاکەی لەسەرە ئاماژە بەوەکراوە، تائەوکاتەی سکاڵاکەی سەرۆك وەزیرانی هەرێم یەکلایی دەکرێتەوە، جێبەجێکردنی برگەکە ڕادەگیرێت ئەمەش بەمەبەستی دورکەوتنەوە لەدەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی کە لەداهاتودا چارەسەرکردنی قورس دەبێت. لە فەرمانەکەیدا دادگای ئیتیحادی، کۆمیسیۆنی پابەند کرد بۆ گۆڕانکاری لە دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە فەرمانەکە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنەکە دەبێت. بەمەش دادگای ئیتیحادی سیستمی تۆمارکردنی لیستی کاندیدەکانو پەسەندکردنیانی ڕاگرت تاوەکو یەکلاکردنەوەی سکاڵاکە.

هەرچەندە دواتر سەبارەت بە سکالاکەی مەسرور بارزانی، دادگەی ئیتیحادی لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٢٤/٥/٢١) خۆیدا سکالاکەی لەسەر هەڵبژاردن و راگرتنی کارەکانی کۆمسیۆن رەت کردەوە. کە لە بنچینەدا مەبەستی بارزانی لەم سکالایەی راگرتنی هەڵبژاردن بوو و ئامانجەکەیشی پێکا. چونکە هاوکاتی ئەم بڕیارە لەلایەن دەستەی دادەوەری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە بڕیارێکی تر دەرچوو و پێنج کورسی کۆتا بۆ پەرلەمانی کوردستان گەڕێندرایەوە، کە لە چوارچێوەی (١٠٠) کورسیی پەرلەمانی کوردستان (٩٥) کورسیی گشتی، (٥) کورسی بۆ پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان تەرخاندەکرێت و کۆمسیۆنی بەم بڕیارە پابەند کرد. بڕیارەکەش لەسەر سکاڵایەکی (یوسف یەعقوب مەتا) سەرۆکی حزبی یەکێتی بەیت نەهرێن بووە کەداوای کردووە ماف بۆ پێکهاتەکان بگەڕێندرێتەوە. بەپێی ناوەڕۆکی بڕیارەکە، کورسی پێکهاتەکان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن دابەشدەکرێت و دابەشبوونی کورسییەکانیش بەمشێوەیە دەبێت: دوو کورسی بۆ بازنەی هەولێر ، دوو کورسی بۆ بازنەی سلێمانی، یەك کورسیش بۆ بازنەی دهۆك. بەپێی ئەمەش دەرەنجام دەبێ کۆمسیۆن بڕیاری دواخستنی هەڵبژاردن بدات و رایبگەیەنێت کە ناتوانێت لە وادەی دیاریکراودا هەڵبژاردن ئەنجامبدات چونکە کاتی لەبەردەست نەماوە بۆ کورسی کۆتاکان لیستەکان تۆمار بکات و ناوی کاندیدان وەربگرێت، هەر بۆیە هەڵبژاردنەکە دوادەخرێت.

بەمەش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم دیسانەوە ناچار دەبێت مەرسومی پێشووی هاوشێوەی مەرسومەکانی پێشووتر هەڵبوەشێنێتەوەو مەسومی (پێنجەم) دەربکات و وادەیەکی نوێ تر دەستنیشان بکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان کە وا پێشبینی دەکرێت مانگی (٩) یا (١٠) ئەمساڵ بێت، هەرچەندە لەوە ناچێ لەو وادەنوێیەشدا کە هێشتا دەستنیشان نەکراوە هەڵبژاردن بکرێت و پێدەچێ سەرۆکی هەرێم مەرسومێکی تریش قەرزار بێت!

## ئه نجام

١- سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت نامۆیە بە کەلتوری دیموکراسی و هەڵبژاردن و رادەستکردنی دەسەڵات.

٢- پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمدا هیچ کامیان لە وادەی خۆیاندا ئەنجامنەدراون و لایەنە سیاسیەکان پەیوەست نین بە یاساوە.

٣- ئەزموونی پەرلەمانی لە هەرێمدا بە ستراتیجی حزبەکان، خول لە دوای خول بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە.

٤- هێزە سیاسییە باڵادەستەکان ئامادەی رادەستکردنی دەسەڵات نین و بەزەبری هێز و پارەو هاوکاریی دەوڵەتە دراوسێکان دەیانەوێت لەدەسەڵاتدا بمێننەوە.

٥- هێزە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان پێگەیشتوو نین و هەناسە کورتن، هێزی ستراتیجی نەبوون بەڵکو هێزی کاردانەوەی بوون، هەر بۆیەش خاوەنی ئەو پەیام و بەڵێنانەیان نەبوون کە لەوادەی هەڵبژاردنەکاندا بە جەماوەرەکەیان داوە.

٦- تۆماری دەنگدەران هەمیشە بیانوێک بووە بۆ هێزە سیاسییەکان و وەك پاساوێك هەڵبژاردنیان پێ دواخستووە.

٧- هەر جارەی یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی (پارتی) و (یەکێتی) بە بیانوی جیاجیاوە پەکی پرۆسەی هەڵبژاردنیان خستووە.

٨- لە زۆرینەی هەڵبژاردنەکاندا دوو هێزە سەرەکییەکە لەپێناو وەدەستهێنانی زۆرترین کورسی هەوڵی ساختەکاریان داوە.

٩- فشاری هێزە نێودەوڵەتییەکان تەنها روکەش بووە بۆ درێژەدان بەو دەسەڵاتەی هەیە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

## راسپاردەکان

١- ڕێککەوتنێکی سیاسیی لوتکەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت لەسەر دەستنیشانکردنی وادەیەکی گونجاو بۆ هەڵبژاردن لە زووترین کاتدا.

٢- لەو ماوەیەدا تۆمارێکی دەنگدەرانی پوخت ئامادە بکرێت و لەناوی ساختەو دووبارەو مردوو پاك بکرێتەوە.

٣- گرفتی کورسی کۆتاکان بە ڕێککەوتن چارەسەر بکرێت بە جۆرێك لە خزمەتی خودی پێکهاتەکاندا بێت، نەك پرۆسەی دابەشکاری و بەکارهێنانیان لەپێناو بەرژەوەندی لایەنە دەسەلاتدارەکان.

٤- لایەنە سیاسیەکان دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی و ئەقڵیەتی پۆپۆلیستی، کاندیدی بەهێز دەستنیشان بکەن بۆ پەرلەمان، بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاربەدەستە باڵاکانیان.

٥- گێڕانەوەی شکۆ و بڕیار بۆ دامەزراوەی پەرلەمان و بەفیعلی کردنی بە مەرجەعی باڵای سیاسی و یاسایی خەڵکی کوردستان تا لە پرسە چارەنوسسازەکاندا ڕۆڵی هەبێت.

٦- ڕێککەوتنێکی یەکلاکەرەوە بکرێ لەسەر چارەنوسی کسیۆنی هەلـژاردن و راپرسی ەرێم، ئەگەر هێزە سیاسییەکان باوەڕیان بەو کۆمسیۆە هەیە، دەبێ لەدوای هەڵبژاردنی خولی شەشەم، یەکەم کاری پەرلەمان کاراکردنەوەو ڕێکخستنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی بێت تا جارێکی تر گرفت بۆ هەڵبژاردن دروست نەبێت. خۆ ئەگەر باوەڕیشیان پێی نیەو بە لاوازی دەزانن و پێیانوایە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق هەڵبژاردنیان بۆ بەڕێوە ببات، ئەوە هیچی تر ناکرێت ئە کۆمسیۆنە بمێنێ و مانگانە لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان چەندا ملیار دیناری لێ خەرج بکرێت.

## پاشکۆی (١)

## یادداشتی (٣٩) پەرلەمانتار لە خولی سێیەمدا کە داوای پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران دەکەن




**بەڕێزان/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**

**بابەت/ خستنەڕوی بەڵگە لە سەر زیادبونی ئاماری دانیشتوان و دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گوماناوی.**

سڵاو و ڕێز...

دوای ئەوەی لە مانگی ڕابردودا ژمارەیەك پەرلەمانتار پشت بەستن بە مادەکانی (٤٧ و ٤٨و ٤٩و ٥٠) لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان داوای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیمان کرد لە سەر زیاد بونی ئاماری دانیشتوان و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گوماناوی، لە بەرامبەردا لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بە زارەکی داوامان لێ کرا بۆ ئەو مەبەستە بەڵگە پێشکەش بکەین.

لە سەر بنەمای داواکاریەکەی بەڕێزتان بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەکان، هاوپێچ لە گەڵ ئەم نوسراوەدا بەڵگەکانمان دەخەینە ڕوو..

هاوکات جارێکی دیکە داوا دەکەینەوە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە لە لایەن پەرلەمانەوە، وە جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە پێویستە پێش هەڵبژاردنەکان ئاماری ڕاست و دروستی دانیشتوان و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان ساغ بکرێتەوەو بسەلمێنرێت، لە پێناو ڕێگری لە ساختەکاری و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد.

**<u>هاوپێچ بەڵگەکان:</u>**

**یەکەم:** پێشکەشکردنی (CD) ناوی زیاد لە (٩٤) هەزار کەس کە ناوەکانیان لە لیستی دەنگدەرانی دانیشتوانی هەردوو شاری هەولێر و دهۆك دووبارە بووەتەوە، لە کاتێکدا پێشتر ئەمانە لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠) فۆرمی خۆراك و نفوسیان گەڕێنراوەتەوە بۆ کەکوك و موسڵ.

**دووەم:** وێنەی فۆرمی خۆراك کە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا دروستکراوە.

سێیەم: بەڵگە لە سەر ئەوەی خەڵکانێك لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دامەزرێنراون کە ~~ناسنامەی~~ ڕەگەزنامەی وڵاتانی دیکەیان هەیە (واتە هەر لە ئەسڵدا هاوڵاتی هەرێمی کوردستان نین).

چوارەم: خستنە ڕووی پێناسەی کەسی بۆ دانیشتوانی هەندێك لە گوندانەکانی سنور، کە ناسنامە و فۆرمی خۆراك بۆ دانیشتوانەکەی دروست کراوە لە گەڵ ناوی هەندێك لە گوندەکان لەوانە(بیسکان، گرانە، رزێ، کەلیوك..).

[redacted]

پێنجەم ~~[redacted]~~: بەڵگەی تریش...

**ناو واژۆی ئەندامانی پەرلەمان:**

١- گۆران ئازاد محمد
٢- دانا سعید صوفی
٣- کاردۆ محمد پیرداود
٤- شادا محمد سالم
٥- گەشە دارا حفید
٦- محمد سعید احمد علی
٧- سروە عبدالرحمن
٨- ڕازاو محمود فرج
٩- خلیل عثمان
١٠- کوێستان محمد عبدالرحمن
١- شیرین کریم
١- عمر عبد العزیز
١- ناسك توفیق عبدالکریم
١- گوڵ رضا حسن
١- هاوڕاز شیخ احمد
١- بیانا احمد بو عارف
١- عبدالله محمد نوری
- لقمان اسماعیل

[illegible] السلام [illegible]

- عطية نجم الدين حسن
- عدنان عوسمان
- خليل عثمان محمد امين
- فرمان عزالدين محمود
- ڤيان عبدالرحيم عبدالله
- نوري عباس عبدالله قادر
- شيرزاد عبدالحافظ شريف
- اسماعيل عمر الاسعد
- سروهنگ فرج احمد
- د. ريباز فتاح محمود
- [illegible] عبدالكريم عبدالقادر
- نيشتمان فرشيد
- شورش حسن احمد
- هالة سليمان مصطفى
- تارا عبدالرزاق
- پيشه وا توفيق [illegible]
- دلشاد حسين
- صباح محمد نجيب [illegible]
- فاضل حسن اسماعيل
- ئاشنا عزيز صالح
- بيريمان كمال الدين

## پاشكۆی (٢)

### بڕیاری ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە پێكهێنانی لیژنەی لێكۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەران

**بڕیار ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٣**

**بڕیاری سەرۆكایەتی پەرلەمان**

پشت بەستن بە حوكمی برگە (ب) لە مادده/٤٨ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی/١٩٩٢ی هەمواركراو و پشت بەستن بەو داخوازییەی كە لەلایەن ژمارە یەك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە بۆ لێكۆڵینەوە لەسەر ئەوەی لەم دواییە لەسەر زیادەی نایاسایی ژمارەی دەنگدەران لە هەرێم روویداوە، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لە لە رێكەوتی ٢٠١٣/٧/٧ بڕیاری دا لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە بۆ مەبەستی ناوبراو بەم شێوەیەی خوارەوە پێك بێت، بەمەرجێك ئەركەكەی لە ماوەی پانزده رۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە ئەنجام بدات.

| | |
|---|---|
| ١- سالم توما كاكو | سەرۆك. |
| ٢- ئامینە زكری سعید | ئەندام. |
| ٣- گەشە دار جلال | ئەندام. |
| ٤- عمر صدیق محمد | ئەندام. |
| ٥- یشار نجم الدین نورالدین | ئەندام. |
| ٦- سەروەر عبدالرحمن عمر | ئەندام. |
| ٧- احمد ابراهیم ورتێ | ئەندام. |
| ٨- صباح محمد نجیب | ئەندام |
| ٩- ئاهەنگ عارف رؤوف | ئەندام |

د. حسن محمد سوره
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق

# پاشکۆ: (٣)

## ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی نایاسایی ژمارەی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (١) ی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٧/٧ بە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم لەسەر داواکاری (٣٩) پەرلەمانتار سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران، لیژنە رۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/٨ کاتژمێر ١١ ای پێش نیوەڕۆ یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی دانانی میکانیزمی کارکردنی لیژنە و چەند بڕیارێکی دا:.

١ – دەست نیشانکردنی بەڕێز (د. احمد وەرتی) وەکو بڕیاردەری لیژنە.

٢ – سەردان و کۆبوونە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣ – وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێدانی دەسەڵات بە لیژنە بۆ ئاراستەکردنی نوسراو و یاداشت (کە دواتر ئەو رەزامەندیە وەرگیرا)( کۆنووسی ژمارە ١).

* ڕاپۆرتی لیژنە لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:.

١ –سەردان و کۆبوونەوەی لیژنە.

٢ – بەڵگەنامە و نوسراوی رەسمی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣ – دەرەنجامەکان.

٤ - ڕاسپاردەکان

## بەشی یەکەم / کۆبوونەوە و سەردانەکان:.

### کۆبوونەوە و سەردانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم:.

١ – رۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/٨ کاتژمێر (٢) ی پاش نیوەڕۆ لیژنە میوانداری بەڕێز (عەلی قادر) بەڕێوەبەری گشتی دەستە و بەڕێز (د . مازن عبدالقادر خضر و بەهێز طلعت علی) ی کرد (کۆنووسی ژمارە ٢).

### سەردانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم:.

ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٣/٧/٩ کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ لیژنە (سەرۆك و ئەندامانی) سەردانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کرد و لە لایەن بەڕێز (عەلی قادر ) بەڕێوەبەری گشتی دەستە پێشوازیمان لێکرا، سەرەتا بەڕێزیان کورتە باسێکی لە کاری کۆمسیۆن باس کرد و دواتر هەندێك لە بەشەکانی دەستەمان بەسەر کردەوە لە نزیکەوە لە بەڕێوەچوونی کارەکانی دەستەمان بینی و پاشان لیژنە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێزیان و چەند بەرپرسێکی دیکەی دەستە ئەنجامدا و ئەمانەی خوارەوە باسکران، بەڕێز ( عەلی قادر ) لەسەرەتای قسەکانیدا گوتی ئەوەی ئەمڕۆ من دەیلێم تەنها ڕوونکردنەوەیە و وەڵامی رەسمی کۆمسیۆن نیە، پاشان بەڕێزیان دەربارەی هەندێ لە پرسیارەکانی لیژنە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە. (کۆنووسی ژمارە ٣)

## زاراوەکان

١ - کۆمسیۆن/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەپیاسای ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە و تەنها لەبەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرپرسیارە.

کۆمسیۆن پێك دێت لە:

أ- ئەنجومەنی کۆمسیاران.

ب- بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن.

٢ - تۆماری سەرەتایی دەنگدەران/ تۆماری ناوی دەنگدەرانە بۆ مەبەستی نوێکردنەوەی ناوی دەنگدەران بەکاردەهێنرێت، لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان پشتی پێ نابەسترێت.

٣ - تۆماری کۆتایی دەنگدەران/ ئەم تۆمارە دروست دەبێت لە پاش ئەنجامدانی پرۆسەی نوێکردنەوە و سکاڵا و تانە لێدان و شیکردنەوەی داتاکان و ئامادەکردنی تۆمارەکە بەشێوەی (pdf) و لەدوای ئەوە هیچ گۆڕانکاری لەسەر ناکرێت و بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان پشتی پێ دەبەسترێت.

**پ/ ئەو ژمارەو ئامارە جیاوازانەی کە لە لایەن هەندێك لە بەرپرسان و کارمەندانی کۆمسیۆن باسیان لێ دەکرێ، ڕاتان بەرامبەر ئەمە چییە ؟**

عەلی قادر: تەنها ئەو ژمارە و ئامارانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی کۆمسیۆنەوە بڵاودەکرێتەوە ڕەسمین و جێگەی متمانەن، هەر ژمارەیەکی تر لە لایەن هەر بەرپرسی ئۆفیس یان کارمەندێکەوە بڵاو بکرێتەوە پشتی پێ نابەسرێت بۆ هیچ کردارێك.

**پ/ لە پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران چەند کەس سەردانی بنکەکانی کردووە و بە چ مەبەستێك بووە؟**

### عەلی قادر:

٥٥٦٩٧٠ کەس سەردانی بنکەکانی کۆمسیۆنی کردووە.

٨٥٤٦٢ کەس بە مەبەستی گواستنەوە لە بنکەیەك بۆ بنکەیەکی تر سەردانی کردووە.

٨٦٠٠ کەس بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان.

٤٤٠ کەس بە مەبەستی سڕینەوەی ناوێك کە مردووە.

دەربارەی دەنگدەری تایبەت وتیان (١٧٦.٣٤١) ناویان لە ( وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگە و کاروباری کۆمەڵایەتی ) بۆ هاتووە، وە هەر کەسێك ناوی لە تۆماری دەنگدەران نەبێت ئەوا ناویان ناخرێتە ناو تۆماری دەنگدەرانی تایبەت.

### کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی:.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٣/٧/١٠ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ لیژنە لەگەڵ بەڕێز د. ڕێکەوت وەزیری تەندروستی بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری بەشی ئاماری وەزارەت خاتوو (ابتهال کورگیس) کۆبووەوە، لیژنە بە دیاریکراوی پرسیاری لەسەر ژمارە و ناوی لە دایك بوان و مردوان هەبوو.

بەڕێز وەزیری تەندروستی ئامار و ناوی لە دایکبوونی هەر سێ پارێزگاکەی خستە بەردەستی لیژنە و هەر بە ئامادەبوونی لیژنە نوێنەری کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەڕێز ( ئاری ) ژمارە و ناوی سیانی مردوانی ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ ی وەرگرت. (کۆنووسی ژمارە ٤).

### ژمارەی مردوان بەپێ ی پارێزگا

| الاعوام | اربيل | دهوك | السليمانية | المجموع |
|---|---|---|---|---|
| 2001 | 2265 | 1198 | 5231 | 8694 |
| 2002 | 2240 | 1297 | 5987 | 9524 |
| 2003 | 2500 | 2500 | 6730 | 11730 |
| 2004 | 3069 | 2987 | 6023 | 12079 |
| 2005 | 2820 | 2541 | 6432 | 11793 |
| 2006 | 3082 | 3510 | 6480 | 13072 |
| 2007 | 3365 | 3211 | 7057 | 13633 |
| 2008 | 3275 | 4957 | 6898 | 15130 |
| 2009 | 3495 | 5972 | 7084 | 16551 |
| 2010 | 4333 | 5359 | 7040 | 16732 |
| 2011 | 4997 | 6706 | 8275 | 19978 |
| 2012 | 8077 | 7037 | 8671 | 23785 |
| 2013 | 3283 | 1260 | 1341 | 5884 |

### احصائية باعداد الولادات وحسب المحافظة

| الاعوام | المحافظات | | | |
|---|---|---|---|---|
| | اربيل | دهوك | سليمانيه | مجموع |
| 1997 | 30312 | 21357 | 32252 | 83921 |
| 1998 | 33860 | 28536 | 34625 | 97021 |
| 1999 | 39685 | 26381 | 40122 | 106188 |
| 2000 | 33647 | 20924 | 38225 | 92796 |
| 2001 | 43583 | 26481 | 44269 | 114333 |
| 2002 | 41978 | 22662 | 30155 | 94795 |
| 2003 | 41506 | 25332 | 31702 | 98540 |
| 2004 | 42030 | 31143 | 41259 | 114432 |
| 2005 | 36873 | 36361 | 38902 | 112136 |
| 2006 | 40590 | 37605 | 41667 | 119862 |
| 2007 | 39764 | 40596 | 42472 | 122832 |
| 2008 | 40406 | 40867 | 41572 | 122845 |
| 2009 | 45813 | 46931 | 48734 | 141478 |
| 2010 | 46316 | 45146 | 48566 | 140028 |
| 2011 | 46652 | 48687 | 59779 | 155118 |
| 2012 | 43890 | 50833 | 50461 | 145184 |

لە کۆتایی بەڕێز (د. ڕێکەوت) وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەکرد کە ڕێژەی منداڵبوون و مردنی هەرێم بە ئاسایی دەبینین.

## سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم:.

ڕۆژی پێنج شەمە ٢٠١٣/٧/١١ لیژنە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کردو لەگەڵ بەڕێز ( لیوا نزار ) بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم کۆبووەوە و ئەو پرسیار و بەدواداچونانەی لیژنە هەیبوو بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.

بۆ وردەکاری نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم ژمارە (١١١٩١) لە ٢٠١٣/٧/٢٢ وێنەیەکی هاوپێچە لەگەڵ ڕاپۆرت.

## پ/ سەرژمێری لقی ( تعداد فرعی ) لە کوردستان کراوە و بە چ یاسایەك کراوە ؟

لیوا نزار: لە دوای ڕاپەرین و کشانەوەی دەزگا ئیدارییەکانی حکومەتی ناوەندی ئەو کات، حکومەتی هەرێم وەکو واقع حال چەند جارێك سەرژمێری لقی کردووە و بەپێ ی یاسای ژمارە ٦٥ ی عێراقی ساڵی ١٩٧٢ ، بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بووە، وە سەرژمێری لقی لە هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٠) بەدواوە نەکراوە.

**پ/ ئایا ڕەگەزنامە بە کەس دراوە؟ لە چ کاتێك بووە ؟ حکومەتی فیدراڵی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کارەی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

لیوا نزار: لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٨ لە لایەن هەر دوو ئیدارەی هەرێم ( هەولێر، سلێمانی ) (٢٩٠٥) دوو هەزار و نۆ سەد و پێنج ڕەگەزنامە بە هاوڵاتی غەیرە عێراقی دراوە، (٢١٣٦) دوو هەزار و سەدو سی وشەش ڕەگەزنامە لەلایەن ئیدارەی سلێمانی و (٧٦٩) حەوت سەدو شەست ونۆ ڕەگەزنامە لەلایەن ئیدارەی هەولێر دراون بە غەیرە عێراقی، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٨ دەسەڵاتی پێدانی ڕەگەزنامە تەنها لەلایەن وەزیری ناوخۆی فیدراڵی جێ بەجێ دەکرێت، بۆ بەرێکردنی کاری ئەو (٢٩٠٥ ) کەسە یاداشتی لێکگەیشتن لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم هەیە، بە مەبەستی پەسندکردنی ئەو رەگەزنامە عێراقیەی کە دراوە بەو کەسانە بەڵام تا ئێستا پەسند نەکراوە کە دەبێ بەپێ ی ئەم مەرجانە بێت:

١ – بەرێگەی شەرعی هاتبێتە کوردستان.

٢ – داهاتی گونجاوی هەبێت.

٣ – ئەو ماوەیە هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمار نەکرابێت.

**پ/ لەسەر چ بنەمایەك بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون ( ئیقامە ) دەدرێت بە ئاوارەی کوردستانی سوریا؟**

لیوا نزار: هەر کەسێك داوای ئیقامە بکات پێویستە لە تۆماری un ناونووس کرابێت و بەڵگەنامەی هەبێت.

**پ/ لە نێو ئەو بەڵگەنامانەی کە داوا دەکرێت بۆ ڕەگەزنامە، کۆبۆنی خۆراك یان کارتی زانیاری پشتی پێ دەبەسترێت ؟**

لیوا نزار: چەند بەڵگەنامەیەك داوا دەکرێن بۆ ڕەگەزنامە، یەکێك لەو بەڵگەنامانە کارتی زانیارییە و کۆبۆنی خۆراك وەکو بەڵگەنامە لەلای فەرمانگەی ڕەگەزنامە بەکارناهێنرێت.

**پ/ بۆ پاراستنی ناسنامە و تۆماری هاوڵاتیانی کوردستان چی کراوە ؟**

لیوا نزار: لە بەرێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی هەرێم لە ناو چوار هارد دیسك تۆمار و ناسنامەی هەموو خەڵکی کوردستان پارێزراوە و کەس ناتوانێت هیچ زیاد و کەمی لێ بکات، لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەم پرۆسەیە ئەنجامدراوە. (کۆنووسی ژمارە ٥) .

**کۆبوونەوە لەگەڵ بەرێوەبەری فەرمانگەی دروستکردنی کۆبۆنی خۆراك (هەولێر، سلێمانی، دهۆك):.**

رۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/١٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ لیژنە لەگەڵ هەریەك لە بەرێزان ( نەوزاد صابر) بەرێوەبەری دابەشکردنی خۆراك و بەرێز ( دارا دزەیی ) بەرێوەبەری رێکخستنی پسولەی خۆراك لە هەولێر و خاتوو ( بەیان أحمد) بەرێوەبەری رێکخستنی پسولەی خۆراك لە سلێمانی و بەرێز ( حسین عبدالخالق ) بەرێوەبەری رێکخستنی پسولەی خۆراك لە دهۆك لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا لیژنە ئەم پرسیارانەی خستەڕوو دەربارەی پسولەی خۆراك.

**پ/ ڕێكاری ڕێكخستنی پسولەی خۆراك چۆنە ؟**

**وەڵام /**

١- هاوڵاتی هەڵگری ناسنامەی باری شارستانی بێت.

٢- هاوڵاتی دانیشتووی هەرێمی كوردستان بێت .

٣- هاوڵاتی داواكار خاوەنی پسولەی خۆراك نەبێت و ئەمەش لە ڕێگەی كۆمپیوتەر و زانیارییەكانی فەرمانگە پشت ڕاستدەكرێتەوە.

٤- هاوڵاتی داواكار پێویستە لەبەردەم لیژنەی جەرد و ژماردن ئامادە بێت.

٥- پشتگیری موختارو سەرۆكی یەكەی ئیداری پێ بێت.

**پ/ چۆن ناوی مردوو لە پسولەی خۆراك دەسڕێتەوە ؟**

**وەڵام /**

١- كەس و كاری هاوڵاتی مردوو خۆیان زانیاری بدەن.

٢- لە ڕێگەی بەیان وەفات.

٣- لە ڕێگەی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەكان.

**پ/ هاوڵاتیانی ئاوارەی ئێران و سوریا و توركیا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت ؟**

ئەوانەی پەنابەرن و لە كوردستان لە دەرەوەی كەمپەكانی (un) دەژین، خۆراكیان پێ دەدرێت بەڵام لە تۆماری خۆراك ڕەمز و نیشانە لە سەر ناوەكانیان هەیە و بە عێراقی ناونوس ناكرێن، بۆیە ناتوانن بەشداری هەڵبژاردن بكەن چونكە ناویان لە تۆماری دەنگدەران نییە.

پاش ئەوەی لیژنە داوای ژمارە و لیستی ناوی غیرە عراقی كرد ، فەرمانگەی دروستكردنی پسولەی سلێمانی ژمارە و لیستی ناوەكانی ناردوە، بەڵام هەولێر و دهۆك تەنها ژمارەكەیان ناردووە.

**پ/ سیستەم و ڕێنمایی بەڕێوەچوونی كاروباری فەرمانگەكانی ڕێكخستن و دابەشكردنی خۆراك لە هەرێم وەك یەكن ؟**

**وەڵام /**

١ - دابەشكردنی خۆراك و پسولەی خۆراك لە ساڵانی نەوەدەكانەوە كاری لەسەر دەكرێت، بۆیە تا ئێستاش حكومەتی فیدراڵی زۆربەی فەرمان و ڕێنماییەكانی ڕاستەوخۆ بۆ فەرمانگەی پارێزگاكان دەنێرێت نەك بۆ وەزارەتی بازرگانی هەرێم هەرچەندە لە نێوان هەردوو وەزارەت هەماهەنگی و پەیوەندی هەیە.

٢- لە هەمان كاتدا وەزارەتی بازرگانی هەرێم لەگەڵ فەرمانگەی پسولە و دابەشكردنی خۆراك لە پارێزگاكانی هەرێم ڕاستەوخۆ مامەڵەدەكات.

٣– فەرمانگەكانی دروستكردنی پسولە و دابەشكردنی خۆراك لە هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیان جۆرێك لە سەربەخۆییان هەیە.

**پ/ گواستنەوەی پسولەی خۆراك لە نێوان پارێزگاكانی هەرێم و ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم ( ماددەی ١٤٠ ) چۆنە ؟**

**وەڵام /**

پاش ئەوەی برێك پارە خەرج دەكرا بۆ گەڕانەوەی خەڵكی ناوچەكانی ماددەی ١٤٠، ژمارەیەك لە هاوڵاتی دانیشتوی هەر سێ پارێزگای ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك ) بە هۆی ئەم پرۆسەیە پسولەی خۆراكیان گواستەوە بۆ ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم، دواتریش بە فەرمانی حكومەتی هەرێمی كوردستان گــــەڕانەوەی پسولەی خۆراكی ئەو هاوڵاتیانە بۆ هەرێم قەدەغە كراو ئێمەش پێوەی پابەند بووین.

**★ لە هاوپێچەكەدا نوسراوی فەرمی فەرمانگەكانی خۆراك لە هەرسێ پارێزگادا بە ژمارە و ئامار خراوەتە ڕوو. (كۆنووسی ژمارە ٦)**

**كۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردرنەكان:.**

سەعات (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٣/٧/١٦ لیژنەكەمان لەگەڵ وەفدی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراقدا كۆبۆوە كە پێكهاتبوون لە بەڕێزان (سەربەست مصطفی) سەرۆكی ئەنجومەنی كۆمسیاران و (میقداد حسن صالح) سەرۆكی ئیدارەی هەڵبژاردن و (سیروان احمد رەشید) ئەندامی ئەنجومەن كە بۆ وەڵامدانەوەی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەكە سەبارەت بە زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم سەردانی پەرلەمانیان كردبوو. كۆبوونەوەكە ماوەی زیاتر لە (٢) دوو سەعات و نیوی خایاند و ئەندامانی لیژنە پرسیارەكانیان لەسەر دەنگۆ و گومانەكان لەسەر زیادبوونی ژمارەی نائاسایی دەنگدەران و ناوی دووبارە و لێكچوو و چۆنیەتی تۆماری نوێی دەنگدەران و سڕینەوەی مردوان ئاراستەی ئەندامانی وەفدەكە كرد. ئەندامانی وەفدی كۆمسیۆن ڕوونكردنەوەی خۆیان دا سەبارەت بەو گومان و دەنگۆیانە و ڕێكار و ڕێ و شوێنەكانی كۆمسیۆن و مامەڵە كردنیان لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا و بڕیاریاندا كە زانیاری زیاتر بنێرن بۆ پەرلەمان، سەبارەت بە (٩٤٠٠٠) دەنگی دووبارە وتیان تەنیا (٦٤٥) ناو تا ئێستا دووبارە هەیە و میكانیزمی سڕینەوەی پێویستە بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق.

ئێمە وەك لیژنە بەڕەسمی سیدی ناوەكانمان ئاراستە كردوون و چاوەڕێین وەڵاممان بدەنەوە. دەربارەی ژمارەی مردوان بەپێ ی ئاماری تەندروستی هەرێمی كوردستان لە هەرێمدا لە ساڵی (٢٠٠٩ – ٢٠١٣) (٨٢,٩٣٠) كەسە بەڵام تا ئێستا (٤٤٠) كەس ناوی سڕاوەتەوە لە تۆماری دەنگدەران كە لە ئەنجامی سەردانی كەس و كاریان بۆ بنكەكانی هەڵبژاردن سڕاوەتەوە و پێمان دراوە. وە میكانیزمی سڕینەوەی ئەو داتایەی پێویستە بۆ سڕینەوەی ناوی مردوان لە تۆماری دەنگدەران لەناو فۆڕمی شهادەی وەفاتی هەرێمدا بە تەواوی بوونی نییە وەك ئەو ئالیەتەی كە لە بەغداد بەكاردێت بۆ سڕینەوەی مردووەكان بە پێ ی وتەی (مقداد حسن صالح) سەرۆكی دائیرەی ئینتیخابی.

سەبارەت بە پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی وتیان یاداشتی لێكگەیشتن هەیە لە نێوان وەزیری ناوخۆی عێراق و هەرێم لەسەر پەسند كردنی ڕەگەزنامەی عێراقی بەو كەسانەی كراوە كە ژمارەیان (٢٩٠٥) كەسە. چونكە تۆماری ئێستا تۆمارێكی سەرەتاییە و پشتی پی نابەسترێت بۆ هەڵبژاردن تا تەواوبوونی تۆماری دەنگدەران، وەفۆڕمی نوێ لە وەزارەتی بازرگانی وەرنەگیراوە دوای (٢٠٠٧) و موالیدەكان ئۆتۆماتیكی زیاد دەبن هەر كەسێك تەمەنی بگاتە (١٨) ساڵ. وە هیچ فۆڕمێكی تازە بۆ هاووڵاتیانی بیانی وەرنەگیراوە، پرسیار كرا كەسێ داتای جیاواز لە لایەن كۆمسیۆن لە هەولێر دراوە بە لایەنە سیاسیەكان، وتیان ئەو داتایانە رەسمی نین، سەبارەت بە زیادبوونی ئێستای ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمیش پێیان

وابوو كە زیادبوونێكی ئاساییە و نائاسایی نیەبەپێ ی نوسراوی فەرمی كۆمسیۆن ئێستا ژمارەی دەنگدەر لە پارێزگای هەولێر (٩٩١.٩٦٠) دەنگدەرە، بەڵام لە لیژنەوە پێیان ڕاگەیەنرا كە نزیكەی هەشت هەزار كەس زیاتر نوسراوە و كۆمسیۆن بەڵێنیاندا بە دواداچون بكەن و بە رەسمی وەڵامان بدەنەوە. لە بارەی دەنگدەرانی تایبەتیش وتیان لیژنەیەكی تایبەت پێكهاتووە بۆ دروستكردنی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان (وەزارەتی ناوخۆ / پێشمەرگە/ ئاسایش) ، ئەوەی پەیوەندیداریشە بە گواستنەوەی ناوی دەنگدەران لە نێوان خودی یەك پارێزگادا شتێكی ئاساییە و گۆڕانكاری ناوخۆییە.

**★ ژمارەی دەنگدەران لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ نوێ كردنەوە:.**

| المحافظة | عدد الناخبين/٢٠٠٨ | عدد الناخبين/٢٠٠٩ | عدد الناخبين/٢٠١٠ | عدد الناخبين الحالى |
|---|---|---|---|---|
| دهوك | ٥٠٧٧٩٣ | ٥٦١٨٤٩ | ٥٦٠٨٢٠ | ٦٥١.٣٦٨ |
| اربيل | ٨٥٢١٨١ | ٨٩٨٧٣٥ | ٩٢٠٠٦٧ | ٩٩١.٩٦٠ |
| سليمانيه | ١٠٢٦٨٨٧ | ١٠٥٨٢٠٩ | ١١٠٣٠٩٢ | ١.١٩٥.٩٦١ |
| المجموع | ٢٣٨٦٨٦١ | ٢٥١٨٧٩٣ | ٢٥٨٣٩٧٩ | ٢٨٠٣٢٨٩ |

**★ لیستی ژمارەی دەنگدەری تایبەت:.**

| وەزارەت یان دەزگا | هەولێر + دهۆك | سلێمانی | كـــۆ |
|---|---|---|---|
| ئاسایش | ٨٣١٤ | ٨٥٥٥ | ١٦٨٦٩ |
| ناوخۆ | ١٨٥٦٠ | ٢٦١٠٦ | ٤٤٦٦٦ |
| وەزارەتی پێشمەرگە | | | ٨٥٠١٦ |
| وەزارەتی بەرگری عێراقی | | | ٩٣٤ |
| پاسەوانی حدود | | | ٦٣٢٨ |
| وەزارەتی كار | | | ٢٣٧ |
| كۆی گشتی | | | ١٥٤٠٥٠ |

## بەشی دووەم / هاوپێچ

**بەڵگە نامە و نوسراوی ڕەسمی لایەنە پەیوەندیدارەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:.**

١ – ئاماری مردووان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠١ – تاوەکو مایسی ٢٠١٣).

٢ - ناوی مردووان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١١ – تاوەکو مایسی ٢٠١٣).

٣ – ئاماری لە دایکبووان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٧ – ٢٠١٣).

٤ – نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم بە ژمارە (١١١٩١) لە ٢٠١٣/٧/٢٢.

٥ – ژمارەی دەنگدەرانی تایبەتی ناوخۆ کە لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگیراوە.

٦ – نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پسولەی خۆراکی سلێمانی ژمارە (٧٥٧٣) لە ٢٠١٣/٧/٢١

٧ – نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پسولەی خۆراکی دهۆك لە ٢٠١٣/٧/٢١

٨ – نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پسولەی خۆراکی هەولێر لە ٢٠١٣/٧/٢١

٩ – نوسراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە خ/ لە ١٩٢٥/١٣ لە ٢٠١٣/٧/١٨

١٠ – ئیمەیلی (سەربەست مستەفا) سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران سەبارەت بە ژمارەی ناوی لێکچوو لە نێوان پارێزگاکانی (سەلاحەددین ، دیالە ، کەرکوك) و پارێزگای سلێمانی.

١١- ژمارەیەك نوسراو کە فەرمانگەی ڕەگەزنامەی سلێمانی بۆ خەڵکی غەیرە عێراقی کردووە بۆ وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی .

١٢ – ژمارەیەك نوسراو و بەڵگەنامە کە بەڕێز (د. سەروەر عبدالرحمن ، گەشە دارا) پێشکەشی لیژنەیان کردووە.

١٣ – نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شارستانی ژمارە (١٠٥٥٠) لە ٢٠١٣/٧/٨

١٤ – کۆنووس و نوسراوکانی لیژنە.

## بەشی سێ یەم: دەرەنجامەکان:

لیژنە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی دا گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١ – کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەنیا زانیاری پێویستی (٤٤٠) کەسی مردووی لایە بۆ سڕینەوە کە کەس و کاریان سەردانی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان کردووە، بۆ سڕینەوەی ناوەکانیان لە کاتێکدا ژمارەی مردووان بە پێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی هەرێم (٨٢.٩٣٠) کەسە لەساڵی (٢٠٠٩) تا مانگی (٥) ی (٢٠١٣) مردوون. وە بەپێی هەمان ئامار لە ساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٨) ژمارەی مردووان (٩٥.٦٥٥) کەسە.

٢ – لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان ناوی لێکچوو زۆرە و بەپێ ی نووسراوی کۆمسیۆن لە تۆماری دەنگدەران (١.٨٢٨.٦٩١)ناوی لێکچوو لەسەر ئاستی عیراق هەیە، وەبەپێی گوتەی کۆمسیۆنیش ئەو (٩٤٠٠٠) ناوەی (٣٩)پەرلەمانتارەکە بەسیدی و لەڕێگەی یادداشتێکەوە پێشکەشیان کردبوو لە نیوان پارێزگەکانی (هەولیر/دهۆك) لەگەل (موسل/کەرکوك)، لەگەل ژمارەی (٨٠.٤٨٧) کەس کە بەڕێز سەربەست ئامێدی لە ٢٠١٣/٧/٢١ بە ئیمەیل بۆ لیژنەی ناردووە لەنێوان پارێزگاکانی (سلێمانی) لەگەل (کەرکوك/تکریت/دیالە)، کۆمسیۆن بەناوی لێکچویان دادەنێت.

٣–ناوی دووبارە لە تۆماری دەنگدەرانی هەرێم دا هەیە، و بەپێ ی گوتەی خودی کۆمسیۆنیش لە کۆبوونەوەی (٧/١٦) لەگەڵ لیژنە ناوی (٦٤٥) دەنگدەر دووبارەیە و تا تۆماری دەنگدەرانیش لە قۆناغی شیکردنەوە تەواو دەبێت ئەگەری زیادبوونیش هەیە.

٤- نەبوونی میکانیزمی گونجاو و پێویست لە نێوان دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

## بەشی چوارەم: راسپاردەکان:

لیژنە ئەم راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

١ – چارەسەرکردنی ناوی لێکچوو.

٢ – سڕینەوەی ناوی دووبارە.

٣ – سڕینەوەی ناوی مردووان.

٤ – ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق.

٥ – دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ کارکردنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گۆڕینەوەی زانیاری تەواو بە مەبەستی نوێکردنەوە و بوونی تۆماری دەنگدەرانی پاک.

٦ – دانانی میکانیزمێکی گونجاو بە هەماهەنگی لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ وردبینی کردن و سڕینەوەی ناوی ئەوکەسانەی کە مافی دەنگدانیان نییە (مردوو و دووبارە)، وە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان.

٧ – پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

٨ – بەڕێزان (د. سەروەر عبدالرحمن، ئاهەنگ عارف، د. صباح محمد، گەشە دارا) لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی کاری لیژنەکەدان تا ئەو کاتەی لیستی تۆماری دەنگدەران دەکرێت بە (PDF)، و بەراوردی ئەو گۆڕانکاریانە بکرێت.

(د.صباح بەرزنجی لەگەل درێژکردنەوەی ماوەی کاری لیژنەکەبوو و پێشتر لەکۆبوونەوەی رەسمیدا بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامان (ئاهەنگ عارف)ی تخویل کرد لەجیاتی خۆی).

٩ – بەدواداچوون بکرێت بۆ سەرژمێری لقی (تعداد فرعی)و پێدانی ڕەگەزنامە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا و وردەکاریەکانی ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

**لەگەڵ ڕێزماندا ...**

یشار نجم الدین نورالدین
ئەندام

سەروەر عبدالرحمن عمر
ئەندام

ئاهەنگ عارف رؤوف
ئەندام

آمنة زكري سعيد
ئەندام

گەشە دارا جلال
ئەندام

عمر صديق محمد
ئەندام

صباح محمد نجيب
ئەندام

احمد إبراهيم وەرتی
بڕیاردەری لیژنە

سالم توما کاکو
سەرۆکی لیژنە

١٣

## پاشکۆی ( ٤ )

### یاداشتی پەرلەمانتار ( گەشە دارا حەفید ) لە خولی چوارەمدا کە پێشکەشی پەرلەمانی کردووە سەبارەت بە پرسی تۆماری دەنگدەران

Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil

NO:
DATE:

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر
ژمارە:
ڕۆژ: 2015/6/15

٣١١٩ ژمارە
٢٠١٥/٦/٢٢ بەروار

بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

ب / تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان

پاش سلاو ڕێز...

تۆماری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستاندا پڕە لە گرفت، لە ناوی دووبارەو چەند بارەو نەکوژانەوەی ناوی مردوان و بەجۆرێك کە جێگەی پشت پێبەستن نیە بۆ هەڵبژاردنەکان و بەردەوام جێگەی تانەو تەشەری لایەنە سیاسیەکانیش بووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕێگە بۆ گزی و ساختەکاری خۆش بکرێت.

لەپێناو پاك کردنەوەی ئەم تۆمارەدا لە خولی ڕابردوودا بە بڕیاری ژمارە (1)ی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/7/7 لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە (9) ئەندامی پەرلەمان لە لیستە جیاجیاکان پێکهات و دوای لێکۆڵینەوەی ورد و بەدواداچوون و دانیشتن لەگەڵ لایەن و دامودەزگا پەیوەندارەکان، ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەڵام بەداخەوە هیچ کارێك بە ڕاپۆرتەکە نەکرا. کە بەپێی دەکۆمێنتەکانی ئەوکاتە زیاتر لە (95.000) مردوو ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا نەسراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەپێی دەکۆمێنتەکان دەیان هەزار کەس ناویان دووبارەو سێبارەو تەنانەت هەیە بیست بارەش بۆتەوە.

ئێستاش کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2014ی پەرلەمانی کوردستان دروستبووە، چەند هەڵبژاردنێکیشمان لەبەردەمدایە، بۆیە داواکارم یەکەم کارێك کە کۆمسیۆن بیکات و هەنگاوی بۆ بنێت پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بێت لەو هەموو نارێکییە دەرباز بکات بۆ ئەوەی بتوانێت سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بکات و دوور بێت لە گومان و گزی و ساختەکاری.

بۆ ئەم مەبەستە داواکارم لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەران پێکبێت و کۆمسیۆنیش لەلایەن پەرلەمانەوە بە فەرمی ڕابسپێردرێت کە ئەم کارە جێبەجێ بکات.

| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
| 61017196 | 6506923 | احمد مصطفى عمر | 1975 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017197 | 6506923 | سهيلة فرزاد بهزاد | 1973 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017198 | 6506923 | سالار ناصر احمد | 1973 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017199 | 6506923 | سهيلة قادر غغ | 1974 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
| 61017277 | 6506941 | جمشيد عمر كريم | 1974 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017278 | 6506941 | جمال امير حمد | 1973 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017279 | 6506941 | جمال احمد نادر | 1974 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017280 | 6506941 | جمال كاميل حسن | 1975 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017281 | 6506941 | جمال قادر ابوبكر | 1978 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| ژمارەی دەنگدەر | فۆرمی خۆراک | ناوی سیانی | لەدایك بوون | پارێزگا | بنکەی دەنگدان | ناوی بنکە | بنکەی تۆمار |
| 61017353 | 6506957 | خليل علي مظفر | 1980 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017354 | 6506957 | خبات اسعد مصطفى | 1974 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017355 | 6506957 | خليل حسين قادر | 1974 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017356 | 6506957 | خليل رضا ناصر | 1974 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |
| 61017357 | 6506957 | حسين قادر جليل | 1974 | سليماني | 126510 | ثانوية ڕۆنكين للبنات | مركزالمدينة - 5 |

لەگەڵ ڕێزدا

**د.سەروەر عبدالرحمن عمر**

**سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٨/٩/٣**

## پاشکۆی (١٤)

## نوسراوی دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو سکاڵایەی ئینستتیوتی پەی تایبەت بە تۆماری دەنگدەران تۆماری کردبوو



هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان
دەستەی دادوەری هەڵبژاردن

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة تمييز إقليم كوردستان
الهيئة القضائية للانتخابات

Kurdistan Region - Iraq
Judicial Council

ژمارە/ ٩١٣

بەروار ٥/٩/٢٠١٨

بۆ/کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسی / ئەنجومەنی کۆمسیاران

ب/داواکردنی بەراییەکان

گشت بەراییەکان بریارتان لـــــە (٢٩ / ٨ /٢٠١٨) تایبەت بە سکاڵاو تانەی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان مـــــان بۆ بنێرن لەگەڵ را دەربرینی خۆتان بە هـاوپێچ وێنەیەك لە تانەکەتان بۆ دەنێرین ....لەگەڵ رێزدا .

سەرۆك
علي عـــولا أحمد

## پاشکۆی (١٥)

## یادداشتی (١٨) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کە ئینستتیوتی پەی ئامادەی کردبوو سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن

**بەڕێزان/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**

**بابەت/ پێشێلکاریی هەنگاوەکانی هەڵبژاردن**

لە رووی یاساییەوە رۆژی (٢٠١٧/١١/٦) تەمەنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی دێت، بۆیە پێویستبوو بەپێی یاسا بەلایەنی کەم بەر لە (٦٠) رۆژ، واتە دوو مانگ بەر لەتەواوبوونی وادەی پەرلەمان، ئەوەبوو هەریەك لە بەرێزان (مەسعود بارزانی) بەناوی سەرۆکایەتی هەرێم لە رۆژی (٢٠١٧/٦/٨) و (د.یوسف محمد) بە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە (٢٠١٧/٥/٢٩) لە دوو نوسراوی جیادا داوایان لە کۆمسیۆن کرد رۆژی هەڵبژاردن دەستنیشانبکرێت، بەڵام بەهۆی دەسنیشان نەکردنی وادەی هەڵبژادن لەلایەن کۆمسیۆنەوە، هەر بەرێز بارزانی لە (٢٠١٧/٧/١٩)بە نوسراوێك بۆ کۆمسیۆن رۆژی (٢٠١٧/١١/١)ی دەستنیشانکرد و کۆمسیۆنیش لە رۆژی (٢٠١٧/٨/١٤) وەڵامیدایەوەو کە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەن هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدەن. بەپێی یاسا دەبوایە تائێستا هەموو ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان تەواو بوونایە و ئێستا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێبکردایە، بەڵام ئامادەکارییەکان لە وادەی یاسایی خۆیاندا نین. (جا هۆکارەکەی لەبەر سەرقاڵی کۆمسیۆنەوە بێت بە پرۆسەی راپرسیەوە یا هەر هۆکارێکی تر).

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئێوارەی رۆژی (٢٠١٧/١٠/٤) لە ماڵپەری کۆمسیۆن راگەیاندنێك بە مێژووی (٢٠١٧/١٠/٢) بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە:

١-ماوەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نێوان لایەنە سیاسیەکان لە رێکەوتی (٢٠١٧/١٠/٣ تا ٢٠١٧/١٠/٦) دەبێت.

٢-ماوەی پێشکەشکردنی کاندید بۆ پەرلەمانی کوردستان لەرێکەوتی (٢٠١٧/١٠/٩ تا ٢٠١٧/١٠/١٣) دەبێت.

٣-هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان لە (٢٠١٧/١٠/١٥ تا ٢٠١٧/١٠/٢٩) دەبێت.

لەهەمان نوسراودا هاتووە کە: "بەلەبەرچاوگرتنی کەمیی کات و ئەو وادانەی کە دیاریکراون جێگیرن و گۆرانکارییان بەسەردا نایەت". جێگەی سەرنجە لەم بڕیارەدا یاسا شکێنی کراوەو پێوەرەکان لەبەرچاو نەگیراون، لێرەدا بەچەند خاڵێك دەیخەینەڕوو:

**یەکەم: سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:**

١-پێشتر کۆمسیۆن پەیرەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ ی دەرکردووە بەناوی (پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان-عێراق) کە ئەمەش بەلای کەمەوە دوو مانگی پێویستە، لە خاڵی (١)ی بەشی چوارەمی هەمان پەیرەوەدا

هاتووە کە دوای ئەوەی تۆماری دەنگدەران نویٚ دەکرێتەوە و دەخرێتە روو بەمەرجێك بەلایەنی کەمەوە(١٥) رۆژ بەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بێت، بەپێی ئەمە دەبێت تا (٢٠١٧/١٠/١٤) پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران تەواو بێت، ئەمە لەکاتێکدا کە تەنها (٦) رۆژی ماوەو کۆمسیۆنیش هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووەو تا ئێستا نە رایگەیاندووەو نە هیچ بنکەیەکی بۆ ئەم مەبەستە کردۆتەوە. بەپێی ئەمە لەوە دەچێت کۆمسیۆن خۆی لەو پەیرەوە بواردبێت کە هیچ کاتێکی بۆ دانەناوە، دیارە ئەمەش نایاساییە.

٢-ماوەی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی کە (٣ تا ٢٠١٧/١٠/٦)ی بۆ تەرخانکراوە، ئەم کاتە کەمەو جگە لەوەی خودی کۆمسیۆن راگەیاندنەکەی رۆژێك درەنگتر بلاوکردۆتەوە، ئەمەش کارێکی نایاساییە.

٣-ماوەی پێشکەشکردنی کاندید (٩ تا ٢٠١٧/١٠/١٣) ی بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، چونکە لە برگەی (٢)ی مادەی (٢٢)ی یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: "لیستی پاڵێوراوەکان لەماوەی (١٥) رۆژ لەبەرواری راگەیاندنی وادەی هەڵبژاردن پێشکەش بە کۆمسیۆن دەکرێت و هەموو بەڵگەنامەیەکی پێوە دەلکێنرێ کە لەمادەی بیست و یەکەمدا داواکراون". ئەمە لەکاتێکدایە کە وادەی هەڵبژاردن لە (٢٠١٧/٨/١٤) لەلایەن کۆمسیۆنەوە راگەیەنراوە، کە نەك (١٥) رۆژ بەلکو (٥٦) رۆژی بەسەردا تێپەریوە. جگە لەمە تەنها ماوەی (٥) رۆژ بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی لیستی ناوی کاندیدەکان دانراوە، ئەمەش کاتێکی کەمە و لەگەل هیچ ستانداردێکدا وێکنایەتەوە. جگە لەمە لە ماوەی تەنها یەك رۆژدا کۆمسیۆن کە تەنها رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٤)ی لەبەردەمە چۆن دەتوانێت لیستی نزیکەی (٣٠) قەوارە سیاسی کە زۆرینەیان هەریەکەیان (١٠٠) کاندیدیان هەیەو لیستی کۆتاش کە هەریەکەی (٥) کاندید لەخۆدەگرێت پێداچوونەوەو راستاندنیان بۆ بکات؟ چونکە رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٥) بانگەشەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات!

٤-ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن (١٥ تا ٢٠١٧/١٠/٢٩) ی بۆ تەرخانکراوە، کە (١٤) رۆژ دەخایەنێت و ئەو ماوەیەش لەگەل پێوەرەکان وێك نایەتەوە.

٥-لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٥) بە حیسابی کۆمسیۆن راستاندنی لیستی کاندیدەکان تەواو دەبێت، و تا کاتی هەڵبژاردن تەنها (١٥) رۆژ لەبەردەمدایە، کە ئەم کاتەش کەمە بۆ ئامادەکارییەکانی تایبەت بە چاپکردن و دابەشکردنی فۆرمەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی هەڵبژاردن و چاپکردنی کارتی دەنگدان (کە پێویستە کوالیتی بەرز بێت) و دابەشکردنیان بەسەر بنکەکاندا.

**دووەم: هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم:**

١-بەپێی راگەیاندنی ژمارە (١٨)ی کۆمسیۆن کە لە ٢٠١٧/٩/١٧ دەرچووە، ماوەی تۆمارکردنی کاندید بۆ سەرۆکایەتی هەرێم تا (٢٠١٧/١٠/٣) درێژ کراوەتەوە، کە ئەمەش نایاساییە، چونکە لە برگەی یەکەمی مادەی حەوتەمی یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە: "داوای خۆپاڵاوتن، لانی کەم، پێش (٣٠) رۆژ لەوادەی هەڵبژاردندا پێشکەش بە کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن کرابێت". بەلام ئەم وادەیە کەمترە و (٢٧) رۆژ دەکات نەك (٣٠) رۆژ و نایاساییە.

٢-تا کۆتایی هاتنی ئەم وادەیەش (٢٠١٧/١٠/٣) کاندیدێك خۆی تۆمار کردووە.

٣–له راگەیاندنی ژماره (٢٢) که به مێژووی (٢٠١٧/١٠/٢) بڵاو کراوەتەوە باس له هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و بانگەشەی هەڵبژاردن و ڕێکارەکانی نەکراوە. لەکاتێکدا هەردوو پرۆسە دەبێت هاوتەریب بەڕێوە بچن.

٤–ئەگەر له حاڵەتێکدا هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرێت و سەرۆکایەتی هەرێم نەکرێت، پەرلەمانی نوێ ناتوانێت دەست بەکار بێت، چونکه بەپێی برگەی (٣) له مادەی (١٠)ی یاسای ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەبێت سەرۆکی هەرێم بانگهێشتیان بکات بۆ یەکەم کۆبوونەوەو لەبەردەمی سەرۆکی هەرێمدا سوێندی یاسایی بخۆن.

٥–پەرلەمانی نوێ ئەگەر هەڵبژێردرێت ناتوانێت یاساو بڕیار دەربکات، چونکه بەپێی برگەی (١) له مادەی (١٠)ی یاسای ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە مەرسوم هەیە و کەسیش نابێت مەرسوم دەربکات.

٦–پەرلەمانی نوێ ئەگەر هەڵبژێردرێت ناتوانێت حکومەتی تازە پێکبهێنێت، چونکه بەپێی برگەی (١٢) و (١٣) له مادەی (١٠)ی یاسای ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێویسته سەرۆك هەبێ مەرسوم دەربکات.

**ئه نجام:**

پێویسته ئەم ڕاستیه بخەینه ڕوو که بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام بدرێت و متمانه بۆ هاوڵاتیان بگەڕێتەوەو حزبەسیاسیەکانیش دان به ئەنجامەکانیدا بنێن، زوو به زوو ئەم هەنگاوانه بنرێن:

١–ستاندارته نێودەوڵەتیەکان له هەڵبژاردندا لەبەرچاو بگیرێت و هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بەڕێوە ببرێت.

٢–کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەپەیڕەو و ڕێکارەکانیدا یاسا بەرکارەکان لەبەرچاو بگرێت و لێیان لانەدات.

٣–کار به یەك تۆماری دەنگدەرانی یەکگرتووی پاگژ بکرێت، که له ناوی دووبارەو مردوو و ساخته پاك بکرێتەوە و لایەنه پەیوەندیدارەکان (ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ و بازرگانی و پێشمەرگە و پلاندانان) مولزەم بکرێن بەوەی هاوکاری بکەن له ئامادەکردن و پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا.

٤–پێداویستیه مادی و مەعنەوییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دابین بکرێت، و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت.

٥–زەمینەسازی بۆ متمانەی نێوان هێز و لایەنەکان له پرۆسەی هەڵبژاردندا دروستبکرێت له پێناو سەرخستن و پەسەندکردنی ئەنجامەکانی.

ئەگەر کۆمسیۆن ئەم کارانه نەکات، پێویسته لەلایەن پەرلەمانەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر ڕێگریش له کارەکانی کراوە پێویسته کۆمسیۆن بیخاته ڕوو و لایەنی کەمتەرخەم ئاشکرا بکات، هەر بۆیە داواکارین لەپێناو هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردا هەموو هەوڵێك بخرێته گەڕ بۆ دەرچوونی هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخە چەقبەستووەدا.

لەحاڵەتی نەبوونی وەلامدا وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ناچارین هەموو ڕێگەو فشارێکی مەدەنی بگرینەبەر و ڕای گشتیی ناوخۆ و دەرەوەشی لێ ئاگادار بکەینەوە.

لەگەل رێزدا

١-ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پیێدان (PAY)
٢- پەیمانگەی پەرەپێدانی یاسایی (ILDK)
٣-سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD)
٤-رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان (WOLA)
٥- رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان (KEODD)
٦- ریکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەلی
٧- پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان
٨- رێکخراوی کوردۆ زانست بۆ دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ
٩-رێکخراوی چاوی زانکۆ
١٠- ریکخراوی لیزا بۆ گەشە پێدانی مرۆیی
١١-ریکخراوی ریکان بۆ ئامادە کردنی سە رکردە
١٢- رێکخراوی گەیاندن بۆ چالاکیە دیموکرسیەکان و مافی مرۆڤ
١٣- ریکخراوی رونیا بۆ هوشیاری
١٤-تۆری لیدەر
١٥- پەیمانگەی کوردی بۆ دیالۆگ
١٦-رێکخراوی جوگرافیای گشتی کوردستان
١٧-ئینستتیۆتی برادۆست بۆ گەشە پێدان
١٨-رێکخراوی هەڵوێست

٢٠١٧/١٠/٩

## پاشكۆی (١٦)

## یادداشتی (٤٢) ڕێكخراوی كۆمەڵی مەدەنی كە ئینستتیوتی پەی ئامادەی كردبوو سەبارەت بە ئە نجامدانی هەڵبژاردنێكی پاك و بێگەرد

# هەڵمەتێكی بەپەلە لەپێناو هەڵبژاردنێكی بێگەرد

بەڕێزان:

-سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

-سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان

-كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

-گشت لایەنە سیاسیەكانی كوردستان

لەسایەی دەسەڵاتی حزبە حوكمڕانەكانەوە، هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی قەیرانگەلێكی سیاسی و یاسایی و دارایی و كارگێڕی سەخت بۆتەوە، پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسیەكان ئاڵۆزی تێكەوتووە، دامودەزگا گشتیەكان پەكیان كەوتووە، پێشێلكارییەكی یاسایی زۆر دەكرێت، پرۆژەكان وەستاون، ماوەی سێ ساڵە بە نایاسایی موچەی فەرمانبەران بۆ چارەكێك كەمبۆتەوەو مانگانە لەكاتی خۆیدا ئەوەیشیان پێ نادرێت، هاوڵاتیان بژێویی ژیانیان پێ دابین ناكرێت، ئەمانەو دەیان گرفتی تر بەرۆكی خەڵكی كوردستانی گرتووە. ئەمە لەكاتێكدا ئەم دەسەڵاتە تەمەنی پەرلەمانیشی بۆ دوو خولی گرێدان درێژكردەوەو هەڵبژاردنەكانیشی دواخست. تاكە ڕێگە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانانە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی پاك و بێگەردە، لەسایەیدا پەرلەمانێكی هەڵبژێردراوی نوێ بێتە كایەوەو حكومەتێكی شەرعی دروستبكرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە وەك ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی دەنگی خۆمان یەكخستووەو داواكارین لەپێناو هەڵبژاردنێكی بێگەرددا پێویستە ئەم ڕێكارانە بگیرێنەبەر:

**یەكەم**: لەئێستاوە بەچاودێری پەرلەمانی كوردستان ڕێكارەكانی هەڵبژاردنەكان دەستنیشان بكرێن، ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان لەدانیشتنێكی پەرلەماندا ئامادەبن و ئامادەكاری و ڕێكارەكان دەستنیشان بكەن.

**دووەم**: ئەگەر بڕیارە یاسای هەڵبژاردنەكان (هەڵبژاردنی پەرلەمان) و (سەرۆكایەتی هەرێم) هەموار بكرێنەوە، پێویستە دەستوبرد لە هەمواركردنەكەدا بكرێت تا كات هەبێت بۆ ئامادەكاریی پێویست.

**سێیەم**: سەبارەت بە یانزە كورسیی (كۆتاكان)، پێویستە یاسای هەڵبژاردن هەموار بكرێتەوەو تەنها خودی پێكهاتەكان بۆیان هەبێت دەنگ بەنوێنەری كۆتاكان بدەن، ئەمەش بەوە دەكرێت كە لەتۆماری دەنگدەرانیشدا جیا بكرێنەوە. بۆ ئەوەی پێكهاتەكان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە پەرلەمان.

**چوارەم**: ئەگەر بكرێت تۆماری دەنگدەران بە (بایۆمەتری)ی عێراق ڕێكبخرێت. بەمەش تۆمارەكە لەناوی مردووان و دووبارە پاك دەبێتەوە.

**پێنجەم**: ئەگەر كار بەبایۆمەتری نەكرێت، پێویستە ئەم تۆمارەی ئێستا هەیە پاك بكرێتەوە بە:

١-سڕینەوەی ناوی مردووان.

٢-سڕینەوەی ناوی دووبارەی نێو خودی هەرێم.

٣-سڕینەوەی ناوی دووبارەی هەرێم لەگەڵ ناوچە دابڕێنراوەكان.

٤-سڕینەوەی ناوی كوردانی پارچەكانی تر كە پەنابەرن یا بەهۆكاری تر نوسراون (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باكور).

٥-لیستی ناوی دەنگدەرانی تایبەت و گشتی لێک جیابکرێنەوەو دووبارە نەبێتەوە.
٦-لەدایکبووانی ساڵی ٢٠٠٠ بەپێی یاسا ناویان لەتۆماری دەنگدەراندا تۆمار بکرێت، کە لەیاساکەدا هاتووە دەڵێت: دەنگدەر ئەو کەسەیە کە لە رۆژی هەڵبژاردندا تەمەنی بووبێت بە (١٨) ساڵ.

**شەشەم**: بنکەکانی دەنگدان لەفرە وێستگەییەوە بکرێن بەیەک وێستگە، واتە لەبری ئەوەی لەبنکەیەکدا چەند وێستگەیەک لەچەند ژورێکی جیاجیادا هەبێت، هەموو سندوقەکانی بنکەکە لەیەک هۆڵدا دابنرێن، بەمەش بواری ساختەکاری کەمدەکاتەوەو چاودێریی باشتر دەکرێت.

**حەوتەم**: دەنگدان بە (عەد و فەرز)ی ئەلیکترۆنی بێت، یاخود بە(سمارت سکان) بێت، بەمەش بواری ساختەکاری کەمدەبێتەوە لەکاتی بژاردنی دەنگەکاندا.

**هەشتەم**: لەنێو کۆمسیۆندا (تالین سەنتەر) باشتر رێکبخرێت و مەرج و ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی تیادا رەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی لەکۆتایی کۆکردنەوەی دەنگەکاندا ساختەکاری نەکرێت.

**نۆیەم**:دەنگدەری تایبەت و گشتی لەیەک رۆژدا دەنگ بدەن، بەمەش بوار کەمدەبێتەوە بۆ دەنگدەرانی تایبەت کە لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا دووجار دەنگیانداوە.

**دەیەم**: هەوڵ بدرێت زۆرترین چاودێری نێودەوڵەتی (بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان) بهێنرێن بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان.

**یانزەهەم**: هەوڵ بدرێت زۆرترین چاودێری کیانە سیاسیەکان ئامادەبکرێن بۆ سەرجەم بنکەو وێستگەکان.

**دوانزەهەم**: لەئێستاوە ئامادەکاری بکرێت بۆ تۆمار کردنی زۆرترین کەس لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی وەک چاودێر لە رۆژی هەڵبژاردندا.

**سیانزەهەم**: خشتەی کاتی جێبەجیکردنی ئەو رێکارانەی سەرەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها بەهەماهەنگی و هاوکاری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق، و کاتی هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێت و رێگە نەدرێت و هیچ هێز و لایەنێک بۆی نەبێت یاری بەکاتی دەنگدانەکان بکەن و بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و دوور لە یاسا هەڵبژاردنەکان پێش یا دوای بخەن. ئەم رێکارانە ئەرکی کۆمسیۆنن، داواکارین بەئەرکی خۆی هەڵسێت، و هەق نیە رێگە بدرێت ئەم دەزگا گرنگە ئیرادەی حزبەکانی بەسەردا بسەپێنرێت و بەسیاسی بکرێت و ببێت بەدەسکەلای هێزە سیاسیەکان، خۆ ئەگەر ئەم رێکارانە نەگیرێنە بەر، نەهەڵبژاردنێکی پاک ئەنجامدەدرێت و نەنوێنەرانی شەرعیی خەڵک هەڵدەبژێردرێن و نەدۆخی ژیانی خەڵکیش لەمەی ئێستا تێی کەوتووە باشتر دەبێت، لەم دۆخەشدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێدەنگ نابن. ئەمڕۆ تاکە شت کە ماوە ئومێدی لێ بکرێت ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردە کە تاکە رێگەی چارەسەری سیاسیە، ئەمەش بەیەکڕیزیی خەڵکی کوردستان دەبێت، هەر بۆیە ئێمە وەک رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەرچی رێگەو فشاری مەدەنی هەیە دەیگرینەبەر بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەم نەهامەتیە دەربازی بێت و شەرعیەت لەخەڵکەوە بۆ دامودەزگا گشتیەکان بگەڕێتەوەو کۆتایی بە نادادی بهێنرێت.

**ناوی رێکخراوەکان:**

**١- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY).**
**٢-رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان (WOLA).**
**٣- پەیمانگەی پەرەپێدانی یاسایی.**
**٤- ریکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی.**
**٥- پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.**
**٦- رێکخراوی گەیاندن بۆ چالاکیە دیموکرسیەکان و مافی مرۆڤ.**
**٧- ریکخراوی رونیا بۆ هوشیاری.**

٨-تۆڕی لیدەر بۆ پێگەیاندنی سەرکردە
٩-پەیمانگەی کوردی بۆ دیالۆگ.
١٠-ڕێکخراوی جوگرافیای گشتی کوردستان.
١١-ئینستتیۆتی برادۆست بۆ گەشەپێدان.
١٢-ڕێکخراوی کۆژین بۆ گەشەپێدان
١٣-ڕێکخراوی دۆستان لەگەرمیان
١٤-ڕێکخراوی فیوچەر
١٥-ڕێکخراوی پەرەپێدانی پەروەردەیی
١٦-ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی
١٧-ناوەندی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ
١٨-ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ پاراستنی ژینگە و ژنان
١٩-ڕێکخراوی دابین بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ
٢٠-ڕێکخراوی خەڵك بۆ گەشەپێدان
٢١-ڕێکخراوی هەڵوێست
٢٢-ڕێکخراوی پایتەختی ئاشتی
٢٣-تۆڕی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەدەڤەری راپەڕین
٢٤- ئینستتیوتی برادۆست بۆ گەشەپێدان
٢٥-سەنتەری کوردستان بۆ بەهێزکردنی توانای کارگێڕی و بەڕێوەبردن
٢٦-ڕێکخراوی ئاینده بۆ پاراستنی ژینگە
٢٧-ڕێکخراوی هیوا بۆ هاوکاری منداڵی کەمدەرامەت
٢٨-ڕێکخراوی چرۆ بۆ گەشەپێدانی منداڵانی نەوجەوانان
٢٩-ڕێکخراوی ئاورینگ بۆ پێگەیاندنی کچان
٣٠-ڕێکخراوی ئەزمون
٣١- ڕێکخراوی بەسە (Enough)
٣٢-ڕێکخراوی دوارۆژ بۆ پێگەیاندنی کچان
٣٣-ڕێکخراوی گلێنە بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ
٣٤-تۆڕی ستارت
٣٥-ڕێکخراوی سەروەریی هەلەبجە
٣٦-تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە
٣٧- ڕێکخرای دیمەن بۆ پرسە کۆمەلآیەتیەکان
٣٨- ڕێکخراوی سکالآ بۆ پرسەکانی ئافرەت
٣٩- ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆگەشەپێدانی تواناکان
٤٠ سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD)
٤١- ریکخراوی ئاران بۆ پەرەبیدانی کلتوری مەدەنی
٤٢- ریکخراوی پێکەوە ژیان نوێ

٢٠١٧/١٠/٢٨

**پاشکۆی (١٧)**

**یادداشتی زیاتر لە (٢٠٠) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و کەسایەتی کە ئینستتیوتی پەی ئامادەی کردبوو سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا**

## کەمپینی
## با ئیتر هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەپێی یاساو لەکاتی خۆیاندا ئەنجام بدرێن

ڕۆژی (١٨/٣/٢٠١٨) لەشاری هەولێر لە هۆڵی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، کەمپینێک بە بەشداری زیاتر لە (١٠٠) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و زیاتر لە (١٠٠) کەسایەتی ڕاگەیەندرا. لەکەمپینەکەدا ڕێکخراوەکان و کەسایەتیەکان یاداشتێکییان بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) ئامادە کردبوو بۆ (سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان،گشت فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گشت لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، نوێنەرایەتی و کونسوڵخانەکانی وڵاتان لە هەرێمیکوردستان)، داوایان دەکرد کاتی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دیاری بکرێت و لایەنە یاسایی و سیاسیەکانی داواکەشیان ڕوونکردۆتەوە. لەبەشێکی داواکەشیاندا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە ئەگەر تا (٦/٤/٢٠١٨) کاتی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دیاری نەکرێت ئاماژەیە بۆ ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا و درێژکردنەوەی ماوەی جارێکی تری پەرلەمان و دەوامیدانە بە قەیرانەکان .



**دەقی یاداشتەکە:**

**بۆ بەڕێزان/**
**-سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**
**-گشت فراکسیۆنەکانی پەرلەمان**
**-سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**-گشت لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان**
**-کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**
**-نوێنەرایەتی و کونسوڵخانەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان**
**-نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان**

بەڕێزان: ئەرکی هەموولایەکە بە پەلە کاتی هەڵبژاردن دیاری بکەن، و ئەم بێدەنگی و دەستی دەستی کردنەی لایەنەکان بەرامبەر یاسا دەیکەن ڕای بگرن:

**یەکەم: لە ڕووی یاساییەوە:**

١-بەپێی بڕگەی (١) لە مادده یەکەمی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم، و پیادەکردنی بڕگەی (٢) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت، کاتی هەڵبژاردن دیارییکرێت .

٢-بەگوێرەی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ تەمەنی پەرلەمان، درێژکراوەتەوە لە ٢٠١٧/١١/٦ بۆ ٢٠١٨/١١/٦ و تەمەنی پەرلەمان کەمتر لە هەشت مانگی ماوە.

٣—بەگوێرەیی یاسا دەبێت بەر لە ٢٠١٨/٩/٦ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

**دووەم: کۆمسیۆن و تۆماری دەنگدەران:**

بە گوێرەی پەیرەوی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن (١٨٠) ڕۆژ پێویستە بۆ خۆئامادەکردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لە لایەکی ترەوە تا ئێستا تۆمارێکی دەنگدەرانی پاک نیەو هەموولایەک داوای پاک کردنەوەی دەکەن، تەنانەت لە لای هەندێک لایەن بووە بە مەرج بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن، بەبێ ئەوەی سەرەتاکانی پاک کردنەوەی تۆمارەکە ڕاگەیەنرابێت، یا بودجەی بۆ تەرخان کرابێت. بۆ ئەوانەی دەڵێن ئامادەین بۆ هەڵبژاردن و داوای پاک کردنەوەی ئەو تۆمارە دەکەن دەبوو هەموو ڕێگایەک بگرنە بەر بۆ دیاریی کردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و تەرخان کردنی بودجەو پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

١-بە گوێرەیی یاسایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧، دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دراوە بە سەرۆکی حکومەت.

٢-کەواتە بە گوێری یاسا دەبوایە لە ٢٠١٨/٣/٦ بڕیاری هەڵبژاردن بدرایەو کاتەکەی دیاری بکرایە، و بودجە تەرخان بکرایە تا کۆمسیۆنیش کاتی هەبێت بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن.

٣-سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوی پێشکەش کردووە، بەگوێرەی پەیرەوی ناوخۆ دەبێت دوای دەست لەکارکێشانەوە یەکسەر سەرۆکی نوێ هەڵبژێردرێت، بۆیە دانیشتنەکانی ئێستای پەرلەمان لەڕووی یاساییەوە بێ بنەمایە، جگە لەوەش ئێستا سەرۆکی پەرلەمان کاندیدە بۆ هەڵبژاردنی عێراق کە ئەمەش وا ئەکات لە دوای هەڵبژاردن پەرلەمانی کوردستان بە ناچاری دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان پەسند بکات، ئەمەش دووبارە ئەگەری پەککەوتنی پەرلەمان دەهێنێتە پێشەوە.

**سێیەم: لە ڕوویی سیاسییەوە:**

١-لە ٢٠١٨/٥/١٢ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دەدرێت و دوای هەڵبژاردن حکومەتی نوێ دروست دەکرێت، کە دەبێت کورد هەوڵا بۆ مافەکانی بدات، لە کاتێکدا کورد لە ناوخۆی خۆی خاوەنی حکومەتێکە کە لایەنەکان تیاییدا کشاونەتەوەو تەنها یەکێتی و پارتی و تورکمانی تیایەو (١٣) پۆست بە وەکالەت بەڕێوە دەچێت.

٢-لە کاتێکدا هەڵبژاردنی عێراق بەر لە کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئەگەر کاتی هەڵبژاردن لە ئێستادا دیاری نەکرێت ئەگەری ئەوە هەیە ئەو لایەنانەی دەنگیان کەم دەکەن لە هەڵبژاردنی عێراق، ئەوکات ڕێگری دروست بکەن بۆ دیاری کرنی کاتی هەڵبژاردن، بە پێچەوانەشەوە ئەوەی دەنگی زیاتر بهێنێت پەلەی هەڵبژاردنیەتی، ئەمەش ئەگەری گرژیی نێوان لایەنەکان زیاتر دەکات.

٣-لە کاتێکدا ئەگەر کورد یەک ریز نەبێت لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە کۆی (٣٢٩) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەنها (٥٦) کورسی بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە بە کەرکوکیشەوە، کە (٢٠) لایەنی سیاسیی لە کوردستان رکابەریی لەسەر دەکەن، بێگومان رەوشەکە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان ناکەوێتەوە.

**لەکۆتاییدا پێویستە بڵێین:**

(پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی بەدەستەوەیە، بەپێی یاسا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیش کە پەیوەندیدارە بە دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنەوە لەدەستی سەرۆکی حکومەتدایە، دوای ئەوەی بەڕێزیان نامەی فەرمییان لەم بارەیەوە بۆ پەرلەمان ناردووەو دوو جار لەگەڵا پەرلەمان و دوو جاریش لەگەڵا کۆمسیۆن کۆبونەتەوە، ئاخۆ هۆکار چیە تا ئێستاش نە بودجەی دیاریکردووە بۆ هەڵبژاردن و نە رۆژی هەڵبژاردنیشی پێ دیاریکراوە!؟

(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کە رایانگەیاندووە مەرجیان پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران و هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردە، لەهەمان کاتدا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی کۆمسیۆن بەشدارن، تائێستاش بەکردەوە هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ تەرخانکردنی بودجەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

هەریەکە لە (بزوتنەوەی گۆڕان) و (یەکگرتووی ئیسلامی) و (کۆمەڵی ئیسلامی) کە دەڵێن ئامادەین بۆ هەڵبژاردن و تاکە مەرجیان پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەرانەو نوێنەریان لە کۆمسیۆن و پەرلەماندا هەیە، بەڵام هەنگاوی کردارییان لەو بارەیەوە نەناوە کە دەبوایە لە (٢٠١٨/٣/٦)وە رۆژی هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێت!

حزبە سیاسیەکانی تر کە هاتوونەتە سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و خۆیان ئامادە کردووە کە لیستیان هەبێت بۆ پەرلەمانی ئایندەی کوردستان، وەک: (هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری)، (نەوەی نوێ)، هەروەها لایەنەی سیاسیەکانی تری وەک (حزبی شیوعی) و (بزوتنەوەی ئیسلامی) و (حزبی زەحمەتکێشان) و (حزبی سۆسیالیست) و لایەنەکانی تر، هیچ هەنگاوێکی کرداری و هەڵوێستێکیان نەبووە کە کار بکەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد لەکات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

ئێستا کە تۆماری دەنگدەران پاک نەکراوەتەوە، پێداویستیە لۆجستیکیەکان دابین نەکراون، یاسای هەڵبژاردن هەموار نەکراوە، بودجەی پێویست تەرخان نەکراوە، رۆژی هەڵبژاردن دەستنیشان نەکراوە، ئەگەر لەماوەی کەمتر لە مانگێک رۆژی هەڵبژاردن دیاری نەکرێت و بودجە تەرخان نەکرێت و ئەو هەنگاوانە نەنرێن، بە دڵنیاییەوە جارێکی تریش لەلایەن هێزە باڵادەستەکانەوە تەمەنی پەرلەمان درێژ دەکرێتەوەو هەڵبژاردنەکان دوادەخەنەوە، یا هەڵبژاردنێکی بێ سەروبەر ئەنجام دەدەن، بەمەش ئەم حکومەتە شکستخواردووە بەردەوام دەبێت، گرفت و قەیرانەکانی رووبەڕووی خەڵکی کوردستانیان کردۆتەوە لە بڕینی قوت و دروستکردنی دەیان

قەیرانی تر درێژەیان دەبێت، لە دواجاردا ئەم حکومەتە ناتوانێت لەبەردەم حکومەتی عێراقیدا مافەکانی خەڵک بەدەست بێنێت.

ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕۆشنبیران و ئەکادیمیانی کوردستان، رایدەگەیەنین کە ئەو رەوشەی دەگوزەرێت، لە دواخستنی هەڵبژاردنە گشتیەکان و نەبەستنی کۆنگرەی حزبەکان و بەسەر چوونی ماوەی یاسایی دام و دەزگا شەرعیەکان و بوونی گەندەڵییەکی زۆر و قەیرانی دارایی دروستکراو و خراپی باری بژێویی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ڕێرەوی سیاسەتی دەولیدا ناگونجێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ بوونی گۆڕانکاریدان و ئەمەش لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستاندا وێک دێتەوە.

بۆیە داوادەکەین پێویستە بۆ ڕێزگرتن لە یاسا، بۆ پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بۆ دروستکردنەوەی حکومەتێکی نوێ، پەلە بکرێت لە دیاری کردنی رۆژی هەڵبژاردن، و هاوکات بودجەی پێویست بۆ هەلبژاردن تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی کۆمسیۆن دەست بە هەنگاوە پراکتیکیەکان بکات و وەبشتوانرێت چاودێری و لێپرسینەوەی کارەکانی کۆمسیۆن بکرێت. ئەمەش بە تایبەت ئەرکی پێنج لایەنەکەیە کە کۆمسیۆنیان پێک هێناوە زۆرینەن لە پەرلەمان، چونکە تاکە بژاردە بۆ دەرچوون لەقەیرانەکان هەڵبژاردنێکی یاسایی پاک و بێگەردە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئەم یاداشتە بەفەرمی ئاراستەی سەرجەم لایەنەکان دەکەین و چاوەڕێی وەڵامیان لێ دەکەین، بۆ ئەوەی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشکرابێت کە کامە لایەن پەرۆشی چاکسازی و چارەسەرییەو بەڕاستی لەگەڵا هەڵبژاردندایەو کامە لایەنیشە نایەوێت هەڵبژاردن بکرێت و کێشەو قەیرانەکانی ئەم هەرێمە چارەسەر بکرێن.

لەگەل رێزدا

٢٠١٨/٣/١٨

***-ناوی ڕێکخراوەکان:**

**١. ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY)**
**٢. پەیمانگەی پەرەپێدانی یاسایی (ILDK)**
**٣. ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان (RID)**
**٤. سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD)**
**٥. ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان (WOLA)**
**٦. پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)**
**٧. دەزگای ستاندەرد بۆ راگەیاندن.**
**٨. تۆری هاوپەیمانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان (کە ٢٧ ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت)**
**٩. تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە (کە ٢٥ ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت)**
**١٠. تۆڕی ستارت (کە ٣ ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت)**
**١١. تۆڕی لیدەر بۆ پێگەیاندنی سەرکردە (کە ٥ ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت)**
**١٢. تۆڕی نەوەکانی ئاشتی (کە ١٠ ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت)**
**١٣. تۆڕی بونیادی ڕێکخراوەکانی گەرمیان (کە ٧ ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت)**
**١٤. تۆڕی دادپەروەری بۆ بەندییەکان (کە ٧ ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت)**
**١٥. ڕێکخراوی ئایدیا بۆ دیموکراسی و هۆشیاری کۆمەڵگە**
**١٦. ئەکادیمیایی ئینگلیزی کوردی بۆ پەروەردەو راهێنان**
**١٧. ڕێکخراوی هەڵوێست**

١٨. ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان (KEODD)
١٩. ڕێکخراوی پایتەختی ئاشتی
٢٠. ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی (STOP)
٢١. ڕێکخراوی گەیاندن بۆ چالاکیە دیموکرسیەکان و مافی مرۆڤ.
٢٢. ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆگەشەپێدانی تواناکان
٢٣. پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان (NIIR)
٢٤. رادیۆی دەنگ
٢٥. ناوەندی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ
٢٦. ڕێکخراوی سکالا بۆ پرسەکانی ئافرەت
٢٧. ڕێکخرای دیمەن بۆ پرسە کۆمەلایەتیەکان
٢٨. ئینستتیۆتی برادۆست بۆ گەشەپێدان (BID)
٢٩. ڕێکخراوی چاوی زانکۆ
٣٠. ڕێکخراوی کوردۆ زانست بۆ دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ
٣١. ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان (KEDO)
٣٢. پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی
٣٣. ڕێکخراوی رونیا بۆ هوشیاری و تەندروستی
٣٤. ڕێکخراوی (wise) بۆ پەروەردەو فێرکردن
٣٥. ڕێکخراوی لیزا بۆ گەشەپێدانی مرۆیی
٣٦. ڕێکخراوی دەڤەری برادۆست بۆ گەشت و گوزار
٣٧. ڕێکخراوی سەروەریی هەڵەبجە
٣٨. ڕێکخراوی نوێ بۆ پاراستنی ژینگە و مافەکانی ژنان
٣٩. ڕێکخراوی فیوچەر
٤٠. ڕێکخراوی جیوگرافیای گشتی کوردستان
٤١. ڕێکخراوی بێداری
٤٢. ڕێکخراوی هیوا
٤٣. ڕێکخراوی نیشتیمانی کورد
٤٤. نوێنەرایەتی سلێمانی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان
٤٥. سەنتەری پەرەپێدانی لاوان
٤٦. ڕێکخراوی کورد-ماد بۆ گەشەپێدانی کولتوری و دیموکراسی
٤٧. گروپی دەواری خزمەت
٤٨. ڕێکخراوی ئاراستەی نوێ
٤٩. ڕێکخراوی پێکەوەژیان
٥٠. ڕێکخراوی بەسە Enough
٥١. ڕێکخراوی پەرەپێدانی پەروەردەیی
٥٢. ڕێکخراوی مروڤ دۆست بۆ گۆشەپێدانی کەلتوور
٥٣. ڕێکخراوی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا
٥٤. ڕێکخراوی کۆژین بۆ گەشەپێدان
٥٥. ڕێکخراوی چاو بۆ ئازادی و مافەکانی مرۆڤ
٥٦. ئینستتیونی لۆبی بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی
٥٧. ڕێکخرواێ گەشەپێدانی خوێندکاران و گەنجان (SYEO)
٥٨. ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە

٥٩. ڕێکخراوی ئەمەك بۆ پرسی ئەنفال
٦٠. ڕێکخراوی هۆشیاری کۆمەڵگە
٦١. ڕێکخراوی دابین بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ
٦٢. ڕێکخراو دوارۆژ بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە
٦٣. ڕێکخراوی پەرەپێدان بۆ تواناکانی گەنجان
٦٤. ڕێکخراوی ئەزموون AOCD
٦٥. ڕێکخراوی سینا بۆ توێژینەوەو پەرەپێدان
٦٦. سەنتەری بوار بۆ توێژینەوەی سیاسی وستراتیژی
٦٧. ڕێکخراوی فری پرێس بۆ داکۆکی و تازەگەری وراهێنان لەبواری میدیایی
٦٨. ڕێکخراوی سێلف کەیربۆ گەشەپێدان و هۆشیاری تەندروستی
٦٩. ڕێکخراوی دۆستایەتی بۆگەشەپێدان و هاوکاری مرۆیی
٧٠. ڕێکخراوی ئیلهام بۆگەشەپێدانی توانای منداڵان
٧١. ڕێکخراوی زار بۆ بەرگری لە ئازادییەکان
٧٢. ڕێکخراوی رایەڵا بۆ راهێنان و پەرەپێدانی مرۆیی
٧٣. ڕێکخراوی هەلمەتی دادپەروەری
٧٤. گروپی ئەڵوەن گرافی
٧٥. ڕێکخراوی جەستە بەخشان لەکوردستان
٧٦. یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی
٧٧. ڕێکخراوی داکۆکی لەزانکۆو پەیمانگاکان
٧٨. ڕێکخراوی دووربین بۆ پرسە سیاسی و ئابوریەکان
٧٩. ڕێکخراوی ژینگە دۆستانی گەریمان
٨٠. ڕێکخراوی ئاشتی و ماف
٨١. ڕێکخراوی سارێژ بۆ کاری خێرخوازی
٨٢. ڕێکخراوی چاوگەی هونەری
٨٣. ڕێکخراوی هەناسە بۆ پەرەپێدانی ژینگە
٨٤. ڕێکخراوی شلێر بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی
٨٥. ڕێکخراوی هۆشیاریی لاوان
٨٦. ڕێکخراوی هیوای تەندروستی
٨٧. ڕێکخراوی هاریکاری مرۆیی
٨٨. سەنتەری کات بۆ هۆشیاری و راهێنانی لاوان
٨٩. ڕێکخراوی دەوەن بۆ ژینگە پارێزی
٩٠. ڕێکخراوی داهێنان بۆ هەمووان
٩١. ڕێکخراوی ماب
٩٢. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان
٩٣. ڕێکخراوی شەفافیەت بۆ دژە گەندەڵی
٩٤. ڕێکخراوی هەوڵ بۆ لیکۆلینەوە لە دیاردەکانی تاوان
٩٥. ڕێکخراوی چاودێر بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ
٩٦. ڕێکخراوی ئادان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە
٩٧. ڕێکخراوی کلپە بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ (KODDHR)
٩٨. ڕێکخراوی هزری گەنج بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (HGODHRD)
٩٩. ڕێکخراوی پێگەی تاك

١٠٠. ڕێکخراوی دەریاچە بۆ پاراستنی ژینگەو سامانی ئاو

*-ناوی کەسایەتیەکان:
١. پەیمان عیزەدین- پارێزەر
٢. مەسعود عبدالخالق-سەرۆکی دەزگای ستاندارد
٣. د.سەروەر عبدالرحمن عمر- مامۆستای زانکۆ
٤. کەمال رەئوف- رۆژنامەنوس
٥. کاردۆ محەمەد- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
٦. د.خامۆش عومەر- مامۆستای زانکۆ
٧. جەواد سەعید- راوێژکاری پەرلەمان
٨. د.دلێر ئەحمەد حەمەد- راوێژکاری پەرلەمان
٩. محەمەد شارەزوری- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
١٠. جوتیار مەجید- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
١١. د.دانا سەعید سۆفی- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
١٢. خەمان زرار- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
١٣. رازاو مەحمود فەرەج- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
١٤. شەونم محمد غەریب- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
١٥. عدنان عوسمان- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
١٦. کەمال چۆمانی- نوسەر و رۆژنامە نوس
١٧. شوان سابیر مستەفا- مافناس و چالاکوانی مەدەنی
١٨. هیوا عەلی- چالاکوانی مەدەنی
١٩. شیلان عەلی- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٢٠. هێمن ئەنوەر جەوهەر- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٢١. شوخان رەزا- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٢٢. ئومێد قەرەداغی- توێژەر و ماموستای زانکۆ
٢٣. بەهرە حەمەرەش- چالاکوانی مەدەنی و رۆژنامەنووس
٢٤. ئاریێز دارا- راگەیاندنکار و چالاکوانی مەدەنی
٢٥. فەرمان رشاد- چالاکوانی مەدەنی
٢٦. داستان جەعفەر- چالاکوانی مەدەنی
٢٧. ئارام سەردار- راگەیاندنکار و چالاکوانی مەدەنی
٢٨. رێبین فەتاح – رۆژنامەنووس
٢٩. یونس حەمەد- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣٠. دەرون نەجیب- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣١. دێرین عەلی – چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣٢. ئیبراهیم عەباس – چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣٣. سێوە ڤاتح – چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣٤. ئاسۆ قادر عبدالله- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣٥. جیهاد حویز محمود- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣٦. ئەحمەد جمیل کاوانی – مافپەروەر و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
٣٧. ئاکۆ عبدالمجید سعید- ماموستا
٣٨. د.ئیسماعیل نجم الدین- مامۆستای زانکۆ

٣٩. ئاسۆس نامق براخاس- مامۆستای زانکۆ
٤٠. فارس موراد حمشين- مامۆستاو چالاکوانی مەدەنی
٤١. باخان جەعفەر- چالاکوانی مەدەنی
٤٢. فتاح حسن قەلاتی- مامۆستاو چالاکوانی مەدەنی
٤٣. کاکەزیاد حمد عبدالله – چالاکوانی مەدەنی
٤٤. هۆگرعبدالرحمن سعید- چالاکوانی مەدەنی
٤٥. حیسام بەرزنجی- چالاکوانی مەدەنی
٤٦. هێمن مامند- رۆژنامەنوس و چالاکوانی مەدەنی
٤٧. ماجد خەلیل- مامۆستای زانکۆ
٤٨. جێگر برادۆستی- چالاکوانی مەدەنی
٤٩. قارەمان خۆشناو- چالاکوانی مەدەنی
٥٠. ساکار عەزیز رەشید- مامۆستای زانکۆ
٥١. بەهرۆز جەعفەر- چالاکوانی مەدەنی
٥٢. ئەحمەد کاوانی- پارێزەر
٥٣. سەردار عەلی حسین-مافناس
٥٤. سەعید مەولود- مامۆستای زانکۆ
٥٥. ناجی عومەر اسماعیل- چالاکوانی مەدەنی
٥٦. لیزان ابوبکر- چالاکوانی مەدەنی
٥٧. فەریدە فەرهاد- مافپەروەر و چالاکوانی مەدەنی
٥٨. رێژنە مجید- چالاکوانی مەدەنی
٥٩. رێبین سەباح- پارێزەر و چالاکوانی مەدەنی
٦٠. بابان جەعفەر- چالاکوانی مەدەنی
٦١. م.سرتیپ خالص حسین- مامۆستای زانکۆ
٦٢. م.خۆشی عوسمان عەبدوللەتیف- مامۆستای زانکۆ
٦٣. د.حسین شفیق حسین- مامۆستای زانکۆ
٦٤. م.رێژین غریب نوری- مامۆستای زانکۆ
٦٥. م. شوان اسعد قادر مستەفا- مامۆستای زانکۆ
٦٦. م چرۆ عیمان عەبدوللەتیف - مامۆستای زانکۆ
٦٧. د کاوان صلاح الدین عوسمان - مامۆستای زانکۆ
٦٨. م.گۆنا عوسمان فارس- مامۆستای زانکۆ
٦٩. م.شاکر محمود احمد- مامۆستای زانکۆ
٧٠. بەناز حمە رشید حسن-مامۆستای زانکۆ
٧١. ئاراس مسعود اسماعیل- مامۆستای زانکۆ
٧٢. د.سەباح محمد بەرزنجی- پەرلەمانتاری خولی پێشوو و مامۆستای زانکۆ
٧٣. نزار لەتیف ئەحمەد- مامۆستای زانکۆ
٧٤. لانە عبدالحمید محمد نوری- مامۆستای زانکۆ
٧٥. ریباز کەمال غەریب- چالاکوانی مەدەنی
٧٦. سەروەت محمد عبدالکریم- چالاکوانی مەدەنی
٧٧. قەیسەر رەحمان- چالاکوانی مەدەنی
٧٨. ئیقبال غەفار- چالاکوانی مەدەنی
٧٩. فەرهاد قادر- چالاکوانی مەدەنی

٨٠. جەوهەر عەزیز- چالاکوانی مەدەنی
٨١. مەهدی عمر سالح- مامۆستای زانکۆ
٨٢. هیمن حسن محمد- مامۆستای زانکۆ
٨٣. هەڵەت رشید عبدالله- مامۆستای زانکۆ
٨٤. دیمەن ئەحمەد سەعید- مامۆستای زانکۆ
٨٥. دیلان جەمال قادر- مامۆستای زانکۆ
٨٦. فریاد مەعروف محمد- پارێزەر
٨٧. د.قارەمان نادر- مامۆستای زانکۆ
٨٨. زانا تەیفور- مامۆستای زانکۆ
٨٩. د.هۆشمەند عەلی مەحمود- مامۆستای زانکۆ
٩٠. د.ئاری ئەنوەر زبیر- مامۆستای زانکۆ
٩١. عەلی ئیلنجاغی- پێشمەرگەی دێرین
٩٢. حاکم پێشرەو سەید برایم- پێشمەرگەی دێرین
٩٣. د.ئەکرەم خامۆش- مامۆستای زانکۆ
٩٤. هونەر فازل رشید- مامۆستا
٩٥. سەرکەوت هادی حمە کریم- پێشمەرگەی دێرین
٩٦. عفان محمود احمد- مامۆستا
٩٧. هاوڕی محمد رسول- مامۆستای زانکۆ
٩٨. زەینەب عمر حمە احمد- مامۆستای زانکۆ
٩٩. شاکار نوری- رۆژنامە نوس
١٠٠. خێلان حسین- چالاکوانی مەدەنی
١٠١. نیان حکیم اسماعیل- مامۆستای زانکۆ
١٠٢. شیلان ئارام ئەکرەم- مامۆستای زانکۆ
١٠٣. جعفر حمە ئەمین- پێشمەرگەی دێرین

## پاشکۆی (١٨)

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی بۆ پەرلەمانتاران سەبارەت بە بانگهێشتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان

### تۆماری دەنگدەران کۆڵەکەیەکی گرنگ بۆ هەڵبژاردنێکی پاک:

پاش درێژکردنەوی ماوەی پەرلەمان بۆ دوو خولی گرێدان، ئێمە لە ئیسنتتیوتی پەی لە (٢٠١٨/٠١/٠٧) و راپۆرتێکی بەڵگەدارمان بلاوکردەوە و ئاراستەی پەرلەمان، حکومەت و کۆمسیۆنی هەرێمان کرد، لە راپۆرتەکەدا بەڵگەمان لەسەر نزیکەی (٩٠٠.٠٠٠) هەزار ناوی (مردوو، دووبارە، ساختەو گوماناوی) خستەڕوو، ئامانج لە راپۆرتەکە راکێشانی سەرەنجی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بوو لەسەر کێشەی تۆماری دەنگدەران، لەگەڵ ئەوەی کارەکەی ئێمە نەیاری زۆر بوو و تۆمەتی چەواشەکاری و ساردکردنەوەی خەڵک لە هەڵبژاردنیان دایە پاڵمان، بەلام راچڵەکین بوو بۆ بەشێکی زۆربەی لایەنە سیاسیەکان کە ئایا دەکرێت بەو تۆمارە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت؟ پاشان کۆمسیۆن هەوڵەکانی چڕکردەوە و وتەبێژی کۆمسیۆن رایانگەیاند: "ئەوان لیژنەیەکیان بۆ پاککردنەوی تۆمار پێکهێناوە و تا ئێستا زیاتر لە (٦٤٠.٠٠٠) هەزار ناوی (مردوو، دووبارە، گوماناوی) پولێن کردووە".

دوای ئەوەی سەرۆکی حکومەت وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی بۆ (٣٠ ئەیلول، ٢٠١٨) دیاریکردو کۆمسیۆنیش پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی لە رۆژی (٢٠١٨/٠٥/١٥) خستە بواری جێبەجێکردنەوە، هەرچەندە دیارکردنی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمان بە بێ سەرۆکایەتی هەرێم، جێگەی پرسیارە و لە پشت ئەم کارەوە پێشێلی یاسا و پوکانەوەی دامەزراوەکانی هەرێم و چڕکردنەوەی دەسەلاتە لەدەست چەند کەسێک بەهاوکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە پێمان وایە دەبوو پەرلەمان، کۆمسیۆن، لایەنە سیاسیەکان، رێگەیان نەدایە تەنها هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان بکرێت بەبێ سەرۆکایەتی هەرێم.

**-دانیشتنی سبەی پەرلەمانی کوردستان:**

هەفتەی رابردوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەکۆتایی دانیشتی ژمارە (٣) دا لە (٢٠١٨/٠٧/٠٢) رایگەیاند: لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان ئەنجومەنی کۆمسیارانی (کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی) بانگهێشت دەکرێن بۆ تاوتوێکردنی چەند بابەتێک کە پەرلەمانتاران پرسیاریان هەیە لەسەری، ئەمە لە کاتێکدا کە سێ جار ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران داوای بانگهێشتی کۆمسیارانیان کردووە، بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشێلی پەیرەوی کردووە لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانی، بەوەی کە نە بانگهێشتی کۆمسیۆنی کردووەو نە وەلامی داوەکەی پەرلەمانتارانی داوەتەوە! ئێستاش بەپێی بەرنامەی کار، بریارە سبەی (٢٠١٨/٧/٩) ئەنجومەنی کۆمسیاران لە پەرلەمانی کوردستان وەلامی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بدەنەوە، لەم پێناوەدا بەر لەکۆبوونەوەکە بە پێویستمان زانی ئەم چەند سەرەنجە بخەینە ڕوو:

١. بەچ یاسا و بریارێک هەڵبژاردنی (پەرلەمان) بەبێ (سەرۆکایەتی هەرێم) ئەنجامدەدەن؟ بەبێ ئەوەی هیچ رونکردنەوەیەکیشی لەبارەوە بدرێت!

٢. پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کە لە رۆژی (٢٠١٨/٠٥/١٥) وە کاری پێدەکرێت، چەندی لێ جێبەجێ کراوە و کەی تۆمارێکی نوێ بۆ بەرچاوی لایەنەکان پەیوەندیدارەکان ئامادە دەبێت؟

٣. دابینکردنی بودجە و ئامادەکردنی پێداویستیە هونەرییەکانی هەڵبژاردن گەیشتۆتە کوێ ؟

٤. دامەرزاندنی فەرمانبەران گەیشتۆتە کوێ و چی بەپێوەر دانراوە؟

٥. هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ کۆمسیۆن چۆنە؟ پەرلەمان دەتوانێت چی بکات لە وچوار چێوەیە ؟

٦. کۆمسیۆن دەتوانێت چ بەڵێنک بدات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و راگەیاندنی ئەنجامەکان لەکاتی خۆیدا؟

٧. کۆمسیۆن چۆن دەتوانێ متمانە ببەخشێتەوە بە هاولاتیان تا زۆرینەیان بەشداری پرۆسەی دەنگدان بکەن و چۆن دڵنیایان دەکاتەوە لەوەی کە ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران (٢٠١٨/٥/١٢) رویدا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دووبارە نابێتەوە؟

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠١٨/٠٧/٠٨**

## پاشکۆی (١٩)

## سەردانی شاندێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بۆ ئۆفیسی ئینستتیوتی پەی




ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٨ شاندێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم، بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر چەند پرۆژەیەکی کۆمسیۆن لەبارەی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران و بەشداری ڕێکخراوەکان لە پرۆژەکەدا سەردانی ئینستتیونی پەی یان کرد .

شاندەکەی کۆمسیۆن کە پیکهاتبون لە بەڕێزان( شێروان شێروانی ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران و وتەبێژی کۆمسیۆن، حەمە سەعید عەلی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی پارێزگای هەڵەبجە، کارزان کەریم، بەرپرسی هۆبەی یاسایی لە ئوفیسی پارێزگای هەولێر) و لەلایەن ستافی پەی پێشوازی کران. سەرەتا، شێروان شیروانی، ئامانجی سەردانەکەی ڕوونکردنەوە، کە بریتیە لە بەشداری پێکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵی مەدەنی کە کار لەسەر پرسی هەڵبژردن دەکەن، ڕایگەیاند: کۆمسیۆن سەرقاڵی کارکردنە لەسەر دوو پرۆژە:

یەکەم: ئامادەکردنی پرۆژەیەک لەسەر یاسای هەڵبژاردن.

دووەم: لەرێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە کاردەرێت بۆ درووستکردنی تۆمارێکی بێ خەوش کە هەموو لایەک متمانەی پێبکات.

بۆ ئەم مەبەستەش داوای سەرەنج و بەشداری ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی بوارەکە دەکەن، پاشان، بابان جەعفەر، بەرێوبەری پرۆژەکانی پەی، سوپاسی شاندەکەی کرد بۆ بەسەرکردنەوەیان و لەسەر ئەو هەوڵە گرنگەی کۆمسیۆن و هاوبەشی نێوان کۆمسیۆن و ڕێکخراوەکان قسەی کرد، دواتر وتی: ئامادەن هەموو توانای خۆیان بخەنە خزمەت پرۆژەیەک کە خزمەت بە یاسایەکی دیموکاسیانە بۆ هەڵبژاردنەکان و هەبوونی تۆمارێکی پاک بکات، هەروەها باسی هەوڵەکانی ڕابردووی ئینستتیوتی پەی لەو چوارچێوەیەدا کرد. لەبەرامبەردا شاندەکە سوپاسی خۆیان ئاراستەی ئینستتیوتی پەی کرد لەپای ئەو هەوڵ و کۆششانەی کردویەتی لەپێناو پاککردنەوەی تۆماری دەنگاران و فشارەکانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆی. دواتر بەرێوەبەری ئۆفیسی پارێزگای هەڵەبجە، باسی لەکاری لیژنەکەیان کرد دەربارەی تۆماری دەنگدەران و ئەو قۆناغانەی کە بڕیویانە و ئەو هەڵبژاردنانەی لەبەردەستیانە لەبارەی درووستکردنی تۆمارێکی پاکەوە.

## پاشکۆی (٢٠)
## یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە هەڵبژاردن لە وادەی خۆی

# هەوڵەکانی پشت پەردە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن

لەساڵی ١٩٩٢ەوە دواخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بووە بە کلتور و هیچ هەڵبژاردنێک لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا نەکراوە، ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی لەسەر رەوشی دیموکراسی و بەدامەزراوەیی بوون و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و متمانەی خەڵک هەبووە.

سەرباری ئەوەی دەبوایە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی (١١)ی ساڵی ٢٠١٧ بکرایە، کەچی بۆ ساڵی ٢٠١٨ دواخرا و پەرلەمان ساڵێک تەمەنی خۆی درێژکردەوە، لەگەڵ ئەو درێژکردنەوەیەشدا کە بڕیارە لە (٢٠١٨/٩/٣٠) هەڵبژاردنی پەرلەمان (بەبێ سەرۆکایەتی هەرێم) ئەنجام بدرێت، کۆمسیۆن رێکارەکانی دیاریکردووە، بەپێی لیدوانی خۆیان تۆماری دەنگدەرانیان ئامادە کردووە، (سەرباری ئەو تێبینیانەی لەسەر تۆمارەکەش هەیە)، ناوی قەوارەکانیشیان تۆمارکردووەو ژمارەشیان پێداون، دەبوایە تا ئێستا لیستی کاندیدەکانیش پێشکەش بکرایەو پەسەندبکرایە، هەرچەندە ماوەی تۆماری لیستی کاندید رۆژانی (٧ تا ٢٠١٨/٧/١٤) بوو، کەچی ماوەکەی بۆ (٢٠١٨/٧/٢٥) درێژکرایەوە، بەڵام تا ئێستاش هیچ کام لە حزبە سەرەکیەکان (لە دەسەڵات و لە ئۆپۆزسیۆنیش) لیستی کاندیدیان پێشکەش نەکردووە، ئەمەش گومانی خستۆتە دڵی خەڵکەوە، کە لایەنە سەرەکیەکان بیانەوێت دیسانەوە هەڵبژاردن دوابخەن و جارێکی تریش تەمەنی پەرلەمان درێژ بکەنەوە.

بەپێی زانیارییەکان زۆربەی هێزە سیاسیەکان بەبیانووی جیاجیاوە ژێربەژێر لەهەوڵی دواخستنی هەڵبژاردندان، هیوادارین ئەم زانیاریانە راست نەبن و ئەو گومانە لە شوێنی خۆی نەبێت، بەڵام لەحاڵەتی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردندا ناراستگۆیی ئەو هێزانە دەردەکەوێت کە لەلایەک ئەم حکومەتە بە شکستخواردوو ناودەبەن و لەهەمان کاتیشدا بەناراستەوخۆ تەمەنی درێژ دەکەنەوە، ئەگەر دوێنێ لەرێگەی درێژکردنەوەی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە شەرعیەتیان پێ دابێت، ئەمڕۆش بە دواخستنی هەڵبژاردنەکان جارێکی تر شەرعیەت بەم حکومەتە دەبەخشنەوە.

زۆرینەی هێزە سیاسیەکان ئەم حکومەتە بەگەندەڵی و بڕینی قوتی خەڵکی تاوانباردەکەن، کەچی دەیانەوێت بەردەوام بێت، ئەم حکومەتە بۆتە حکومەتی بە وەکالەت و کەچی دەیانەوێت بەردەوام بێت، پەرلەمان ماوەی بەسەرچووەو تەمەنی درێژکراوەتەوەو سەرۆکیشی نیە کەچی دەیانەوێت بەردەوام بێت.

هێزە سیاسیەکان و بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن و لەبارودۆخەکە نارازین، دەبوایە لەماوەی تۆمارکردنی هاوپەیمانیەتیدا بەرەیەک پێک بهێنن کەچی نەیان کرد! دەبوایە هەفتەیەک لەمەوبەر لیستی کاندیدەکانیان پێشکەش بکردایە، کەچی تا ئێستا هیچیان دیار نیە.

هەموو ئەمانە ئیزدیواجیەتی گوتاری هێزە سیاسیەکان دەردەخات، ئەگینا چۆن دەکرێت لەسەرەوە حکومەت بەگەندەڵ و پەرلەمان بە ماوە بەسەرچوو ناو ببەن و کەچی لەژێرەوەش وادە بۆ شەرعیەت دانەوەی درێژ دەکەنەوە!

دەبێت هەموو خەڵکی کوردستان لەخۆمان بپرسین کاتێک لایەنەکانی ناو حکومەت نایانەوێت هەڵبژاردن بکرێت لەبەر چی یە؟ ئایا هیچ دەسەڵاتێک ماوە لای ئەو دوو حزبە نەبێت؟ ئایا هیچ دامەزراوەیەکی هەرێم ماوە بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بە ویستی ئەوان کار نەکات؟ ئایا هیچ مەلەفێک هەیە لە هەرێم لە بەرژەوەندی ئەوان نەبێت لە(فرۆشتنی نەوت بە یاسایی و بەقاچاخ، پەکخستنی دامەزراوەکان، کردنی مووچە بە چارەک،

تەسلیمکردنی خاکی کوردستان، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن، سوکایەتی بە خۆپشاندەران)، کەواتە ئەگەر ئەوان لە هەوڵی نەکردنی هەڵبژاردنن بۆ درێژەدان بەو دەسەڵاتەیان، ئەی لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات بۆچی ئەو دەستبارەیان لەگەڵ هەڵدەگرن!؟ ئەگەر هاوکاریان نین، کوا هەنگاوەکانیان؟ کوا هەڵوێست و کردارەکانیان؟!

لەهەر حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە دوابخرێت، جگە لەوەی خەڵکی کوردستان باجەکەی دەدات، ئەو هێزانەش کە داوای دواخستنی دەکەن لە تەنازولاتی گەورە بێبەش نابن، بەڵام خەڵکی لەوە هۆشیار ترە کە باوەڕی بەو بیانوانە هەبێت کە دەیهێننەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە هێزە سەرەکیەکان زۆرینەی پۆستەکانی کۆمسیۆنیان بەدەستەوەیە، هەر لە کۆمسیارەوە، تا بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەر و سەرۆکی بەش و فەرمانبەری هەمیشەیی و بە کاتیەکانیشەوە. بۆیە ئەگەر هەر ئامادەکارییەک نەکرابێت لەلایەن کۆمسیۆنەوە یاخود کەموکوڕییەک هەبێت بەر لە هەر کەس خودی ئەو لایەنە سەرەکیانە لێی بەرپرسیارن.

لەکۆتاییدا داوا لەلایەنە سیاسیەکان دەکەین هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەن و لەسەر کۆمسیۆنیشە کە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد ئەنجام بدات و لەسەر خەڵکیش پێویستە بە دەنگدانی بەرچاو بەر بە ساختەکاری بگرن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠١٨/٧/٢١**

## پاشكۆی (٢١)

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا

# هەوڵی لایەنە سیاسیەکان بەردەوامە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن

هەرووەک پێشتر لە یاداشتێکدا هۆشداریمان دایە رای گشتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە لایەنەکان لەپشت پەردەوە لەهەوڵدان بۆ دواخستنی هەلبژاردنەکان، هەرچەندە زۆرینەی لایەنە سیاسیەکان بۆ پەردەپۆشکردن بەلێدوان و راگەیاندن ناراستەوخۆ وەلامیان دایەوە بەوەی رایانگەیاند کە لیستی کاندیدانیان ئامادەکردووەو لەگەل دواخستندا نین، بەلام پێشکەش نەکردنی کاندید لەلایە لیست و قەوارە سەرەکیەکانەوە و هەلۆیستی ئەمرۆی کومسیۆن ئەو گومانەی پشتراستکردەوە بەوەی کە بۆ جاری دووەم وادەی پێشکەشکردنی لیستی کاندیدانی درێژ کردەوە.

ئەوەی لەم رەوشەدا تیبینی دەکرێت ئەوەیە:

١-لایەنە سیاسیەکان راستگۆنین لەگەل ئەو پەیامانەی لە راگەیاندنەکان بەخەڵکی کوردستانی دەدەن و دوای ئەوەی دوو جاریش وادە دانرا بۆ پێشکەش کردنی لیستی کاندیدان، سەرەتا لە (٧ تا ٢٠١٨/٧/١٤) و دووەم جار لە (١٤ تا ٢٠١٨/٧/٢٥) کە ئەمرۆ دووا وادە بوو کەچی لە (٣١) قەوارە تەنها (٥)یان لیستی کاندیدانیان پێشکەشکردووە کە هیچ کامیان لە هێزە سەرەکیەکان نین و هەر بۆیە ئەمرۆ جارێکی تر بۆ رۆژی ٢٠١٨/٧/٢٩ درێژکرایەوە.

٢-کۆمسیۆنی هەلبژاردن و راپرسی نەیتوانیوە وەک پێویست بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵسێ، لە بری ئەوەی یاسا جێبەجێ بکات و کاتێک قەوارەکان بەدەنگ داواکارییەکانیەوە نەچوون و لیستی کاندیدانیان پێشکەش نەکرد، کۆمسیۆن دەبوایە رای گشتی ئاگادار بکاتەوەو فشار بکات تا لایەنەکان پەیوەست بن بە یاساو بریارەکانەوە، کەچی سێ رۆژ پێش تەواو بوونی وادەکە کۆمسیۆن رایانگەیاند کە ماوەکە درێژ دەکەنەوە و ئەمرۆش لانی کەم دەبوایە تا تەواوبوونی وادەکە کاتژمێر (٣)ی ئێوارەیە چاوەرێیان بکردایە نەک کاتژمێر ١٠ ی بەیانی لەسر داوای لایەنە سیاسیەکان بریاری درێژکردنەوەی بدەن!

٣-دووبارە جەخت لە یاداشتی پێشوومان دەکەینەوە کە لە (٢٠١٨/٧/٢١) بلاومان کردەوەو هۆشداری ئەوەماندا کە لایەنە سەرەکیەکان لەهەوڵی دواخستنی هەلبژاردندان.

دیسانەوە رای گشتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەلانی خەلک ئاگادار دەکەینەوە کە دواخستنی هەلبژاردنەکان هەولێکی مەترسیدارە، درێژەدانە بەو رەوشە نالەبارەی خەلکی کوردستانی تێکەوتووە، درێژەدانە بە تەمەنی پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو و تەمەنی حکومەتێک کە کۆلێک قەیرانی ئالاندۆتە گەردنی خەڵکی کوردستانەوە. لێرەشەوە لەئەگەری دوواکەوتنی هەلبژاردن مافی هیچ هێز و لایەنێکی سیاسی نیە کە کەمتەرخەمن لە ئەنجامدنی هەڵبژاردن و لەهەولدان بۆ دواخستنی، رەخنە لەو حکومەت و دەسەلاتە شکستخواردووە بگرن کە بووەتە مایەی نەهامەتی بۆ خەڵکی کوردستان. هەر بۆیە رووبەرووبوونەوەی ئەم جۆرە هەولانەو دروستکردنی فشار لەسەریان ئەرکی سەر شانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و رۆشنبیران و هەموو خەڵکی کوردستانە.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠١٨/٧/٢٥**

## پاشکۆی (٢٢)

## یادداشتی (٣٥) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کە ئینستتیوتی پەی ئامادەی کردبوو ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆماری کرد سەبارەت بە ڕێگریکردن لە ساختەکاری هەڵبژاردن

ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆک کۆماری عێراق کرد و داوایان کرد دەسەڵاتە دەستوورییەکان بەرامبەر ئەو ساختەکارییەی کراوە لە هەڵبژاردنەکانی (٣٠ ی ئەیلول)ی پەرلەمانی کوردستاندا.

### بۆ بەڕێز سەرۆك كۆماری عێراق
### بابەت/داواكاری بەپەلە بۆ ڕێگری لە ساختەكاری و پەشێوی كۆمەڵایەتی

پاش سڵاو و ڕێز...

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەتانە پێویستە پارێزەری دەستور بن و ئەرکی سەرشانتانە لەهەموو ئەو پێشێلکارییە دەستوریانەی دێنە کایەوە دەنگتان هەبێت و هەڵوێستی ڕاشکاوانەتان بخەنە ڕوو.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە ٢٠١٨/٩/٣٠ ئەنجامدرا، بەمەبەستی ئەنجامدانی ساختەکاری و وەدەستهێنانی دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنەکەدا، بە هەزاران ڕەگەزنامەی ساختە دروستکراوە، ئەمەش هەم ساختەکارییەکی گەورەیەو ناوبانگی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوبانگی عێراق لە دنیادا لەکەدار دەکات و هەمیش بەها بۆ ڕەگەزنامەی عێراقی ناهێڵێتەوە، دروستکردنی ئەم ڕێژە زۆرەی ڕەگەزنامە بەساختە گرفت بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە، لەو وڵاتانەی کە یاسا تیایاندا سەروەرە هێزە سیاسیەکان و لایەنە فەرمییەکان ڕێگری لەو ساختەکاریانە دەکەن کە هاوڵاتیان ئەنجامی دەدەن، لێرە بە پێچەوانەیە و هێزە سیاسیەکان هاوڵاتیان فێری ساختەکاری دەکەن، بێگومان ئەمەش کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت!

سەرجەم لایەنە سیاسیە بەشداربووەکانیش بەبێ جیاوازی ئەو ڕاستیەیان نەشاردۆتەوە، کە ساختەکارییەکی بێشومار کراوە لەوانە:

- وتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە فەرمی ڕایگەیاند کە:" پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ٣٠ی سێپتەمبەر لە هەولێر و دهۆکدا ساختەکاریدا بێ وێنە کراوە".
- بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش باسی لەهەمان ساختەکاری کرد کە لە سلێمانی ئەنجامدراوە.
- هەریەک لە لایەنەکانی (بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵا ئیسلامی ، یەکگرتووی ئیسلامی و نەوەی نوێ) باسیان لە ساختەکارییەکی بێ شومار کرد کە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا بەبێ جیاوازی ئەنجامدراوە. هەر لەم پێناوەشدا سەدان سکاڵا لەلایەن هێز و قەوارە جیاجیاکانەوە تۆمار کراوە. ئەمە جگە لە ڕاپۆرتی چاودێرانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە ئەم ڕاستیانەیان بە ڕاشکاوی و بە بەڵگەوە خستۆتە ڕوو، ئەمە جگە لەوەی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری) وەک حزبێک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کرد بەهۆی بێمتمانەی بە پرۆسەکە .

بۆیە ئێمە وەک ئەو ڕێکخراوانەی کە ناومان لە خوارەوە هاتووە داواکارین بەپێی ئەو پێگەیەی یاسا و دەستور بۆی دیاری کردوون، پێویستە لەسەر ئەو دۆخەی لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە پێش هەڵوێستان

هەبێت، چونکە لەبەرئەنجامی نەبوونی هەڵوێست بەهۆی ئەم ساختەکاریەو دەرەنجامەکانیەوە مەترسیی شێواندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەگۆڕێدایە.

لەکاتی رەچاونەکردن و بەدەمەوە نەهاتنی ئەم داوایەو هەڵنەسانتان بەو ئەرکەی کە سوێندتان پێی خواردووە بەمەبەستی پاراستنی دەستور و رێگری کردن لەپێشێلکارییە دەستورییەکان، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی و چەند یاسایەکی تری بەرکار،، وەکو هاوبەش لەو تاوانەی کراوە سەیر دەکرێن کە تیایاندا بکەر و هاوبەش و چاوپۆشیکەر لەتاوان، بەتۆمەتبار دەژمێردرێن.

لەگەڵ رێزدا

٢٠١٨/١١/١٤

**<u>وێنەیەك بۆ:</u>**

**-ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی فیدراڵ**

**-ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی فیدراڵ.**

**-دادگای فیدراڵی عیراق.**

**-ئەنجومەنی دادوەری عیراق.**

**-وەزارەتی ناوخۆی عیراق.**

**-نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق.**

**-سەرجەم باڵوێزخانەکانە و نوێنەرایەتی وڵاتان لە عیراق.**

**<u>ناوی رێکخراوەکان:</u>**

**١. ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (PAY).**

**٢. پەیمانگای پەرەپێدانی یاسایی (ILDK).**

**٣. رێکخراوی فیوچەر**

**٤. رێکخراوی هەڵوێست**

**٥. پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی NIIR**

**٦. ئینستتیوتی برادۆست بۆ گەشەپێدان BID**

**٧. رێکخراوی سکاڵا بۆ پرسەکانی ژنان**

**٨. رێکخراوی دیمەن بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان**

**٩. رێکخراوی گەیاندن بۆ چالاکییە دیموکراسیەکان و مافی مرۆڤ**

**١٠. رێکخراوی یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان**

**١١. رێکخراوی پایتەختی ئاشتی**

**١٢. تۆڕی لیدەر بۆ پێگەیاندنی سەرکردە**

**١٣. پەیمانگەی بیرورا بۆ توێژینەوەی زانستی.**

**١٤. پەیمانگەی ستراتیجی بۆ پرسی دبلۆماسی.**

**١٥. رێکخراوی مافی تۆ بۆ گەشەپێدانی کۆمەلایەتی.**

**١٦. رێکخراوی چالاکیە رۆشنبیریەکانی کەکۆن.**

**١٧. -رێکخراوی رێساز بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان**

١٨. ڕێکخراوی مایك میدیا
١٩. ڕێکخراوی ئیڤەرێست بۆ داکۆکی لە مافە گشتیەکان
٢٠. ڕێکخراوی شلێر بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی
٢١. ڕێکخراوی هەناسە بۆ پەرەپێدانی ژینگە
٢٢. ڕێکخراوی نیو کوردستان بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان
٢٣. ڕێکخراوی گەشەپێدانی تواناکانی فێرخوازان
٢٤. ڕێکخراوی پێنوس بۆ پرسە پەروەردەییەکان
٢٥. ڕێکخراوی بسمەی ڕۆشنبیری
٢٦. ئەکادیمیایی ئینگلیزی کوردی بۆ پەروەردە و ڕاهێنان
٢٧. تۆری هاوپەیمانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان
٢٨. ڕێکخراوی ئایدیا بۆ دیموکراسی و هۆشیاری کۆمەڵگا
٢٩. ڕێکخراوی ڕێگەی لاوان بۆ ڕاهێنان و هە لی کار
٣٠. ڕێکخراوی ستارە بۆ پەرەپێدانی زانستی
٣١. ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان
٣٢. ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان
٣٣. ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مادەنی
٣٤. سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان
٣٥. ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان

## پاشکۆی (٢٣)

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم

# کۆمسیۆنی باڵا لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا

**پێناس:**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بەپێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ پێکهاتووەو کارەکانی دەکات، هەروەک لە مادەکانی دووەم و سێیەمی یاساکەدا هاتووە: "بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەیەک دادەمەزرێ لەژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات (السلطة الحصرية) کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان-عێراق. بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن لەپارێزگای هەولێری پایەتەخت دەبێ و، بەگوێرەی پێویست نووسینگەکانی خۆی لەناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکاندا دەکاتەوە. کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا".

**سەرنج:**

لەئەنجامی وردبوونەوە لە ئیش و کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و بەراوردکردنیان بە یاساکەیان چەند تێبینییەک دێتە ئاراوە کە لەم خاڵانەدا کورتیان دەکەینەوە:

**یەکەم**: هەرچەندە ئەم کۆمسیۆنە وەک لە ناوی یاساکەیدا هاتووە (سەربەخۆ)یە، هەروەک لە بڕگەی (یەکەم)ی مادەی (پانزەهەم)دا هاتووە: " کۆمسیۆن بودجەیەکی ساڵانەی سەربەخۆی دەبێ بەگوێرەی ڕێنمایی و ڕێسا پەیرەوکراوەکان دەبێ و لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشنیاز دەکرێ بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و، پەرلەمان پەسەندی دەکات و دەخرێتە ناو بودجەی گشتی هەرێم". بەڵام بودجەی کۆمسیۆن لەژێر دەستی حکومەتەوە دەبێت بۆ دابین کردنی چاوی لە وەزارەتی دارایی بێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر سەربەخۆییەکەی دەبێت.

**دووەم**: لە مادەی (سێیەم)ی یاساکەدا هاتووە کە ئەم دەستەیە (بێلایەن)ە، لەمەشیاندا لەگەڵ یاساکەدا یەک ناگرێتەوە چونکە کۆمسیۆن بەسەر پێنج حزبە سەرەکیەکەدا دابەشکراوە، (٩) ئەندامی ئەنجومەنی هەیە کە لە (٣) پارتی دیموکراتی کوردستان، (٢) یەکێتی نیشتمانی کوردستان، (٢) بزوتنەوەی گۆڕان، (١) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و (١) کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان پێکهاتوون. نەک هەر لە ئەنجومەندا بەڵکو لە بواری کارگێڕیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە لە (١٢) بەڕێوەبەری گشتیی کۆمسیۆندا (٤) پارتی، (٣)یەکێتی (٣) گۆڕان، (١)یەکگرتوو و (١) کۆمەڵ دابەشکراون. دیارە ئەمە سەبارەت بە جێگری بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەر و جێگرەکانیان و تا دوافەرمانبەر ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش لەگەڵ یاساکە و پێوەری بێلایەنیدا ناگونجێت. ئەم ڕەوشەی لە کۆمسیۆندا دەگوزەرێت لەگەڵ ئە بڕگەیەشدا ناگونجێت کە بە زنجیرەی (ز) لە مادەی پێنجەمی یاساکەدا هاتووە سەبارەت بەو کەسانەی لە کۆمسیۆندا کار دەکەن: " ئینتیمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ لەکاتی ئەندامیەتیدا لە ئەنجومەن". بەڵام هەموو ئەو کەسانەی لە کۆمسیۆن دانراون حزبەکان بۆ کاری خۆیان دایانناون. واتە کۆمسیۆنەکە تەنها بە ناو (کۆمسیۆنی سەربەخۆ)یە، بەڵام لە دەستنیشانکردنی ئەنجومەنی کۆمسیۆن و دامەزراندنی سەرجەم فەرمانبەرەکانیدا (پێنج حزبەکە) کەسانی (سەربەخۆیان) داناوە نەک (سەربەخۆ).

**سێیەم**: لە بڕگەی (پێنجەم)ی مادەی (چوارەم)دا هاتووە: " بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی مافی هەڵبژاردنیان". هەروەها لە بڕگەی (یەکەم)ی مادەی (شەشەم)یشدا هاتووە: " دامەزراندن و نوێکردنەوە و بژارد کردنی تۆماری دەنگدەران لەڕێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە". بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت کۆمسیۆن هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ دروستکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاک و بێ خەوش، ئەگەر هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بکرێت دەبێت بەهەمان تۆماری دەنگدەرانی کۆنی عیراقی بکرێت کە پێشتر پێی کراوە، لەکاتێکدا ئەم تۆمارە پڕە لە خەوش و بە سەدان هەزار دەنگی مردوو و دووبارەو چەند بارە و ساختەی تیادایە.

**چوارەم**: لە بڕگەی (دەیەم)ی مادەی (چوارەم)دا هاتووە " کارکردن بۆ درووستکردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای گشت توێژەکانی کوردستان و چەسپاندنی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن لەڕێی درێژەدان بە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە". تا ئێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە و هیچ کارێک نەکراوە بۆ ئەوەی متمانە لای خەڵکی کوردستان دروست بکرێتەوە بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. بەڵکو بەپێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانیش پێیان وایە هەڵبژاردن وەکو سیناریۆیەک وایەو شەرعیەت بە مانەوەی چەند کەسێک دەدات و پێشتر ئەنجامەکەی روون و ئاشکرایە.

**پێنجەم**: بەپێی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (پێنجەم)ی یاساکەدا هاتووە: "ئەنجومەنی کۆمسیاران لە (٩) ئەندام پێک دێ کە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پەرلەمان پێکی دەهێنێ پێشنیاز دەکرێن، بەمەرجێک دوو ئەندامی ئەنجومەن بەلایەنی کەمەوە یاساناس بن هەروەها دەبێ نوێنەرایەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ و ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکەش (٥) پێنج ساڵی ڕۆژژمێرییە". ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بەپێی بڕیاری ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠١٤، لە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ وە دەستبەکار بوونە، بەپێی ئەمەش ماوەی زیاتر لە ساڵێکە لەرووی یاساییەوە ئەنجومەنەکە ماوەی بەسەر چووە، کەچی تا ئێستاش پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی بۆ ئەم گرفتە یاساییە نەکردووە!

**شەشەم**: بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی حەوتەم لە یاساکەدا یەکێک لە هۆکارەکانی کۆتایی هاتنی ئەندامێتی لە ئەنجومەن ئەوەیە کە وادەی ئەنجومەن تەواو بووبێت. بەپێی مێژووی دەستبەکار بوونی ئەنجومەنیش لە ئێستادا ماوەی ساڵێکە ئەنجومەن وادەی یاسایی بەسەرچووە، هەر بۆیە هیچ شەرعیەتێکی یاساییان نەماوە.

**حەوتەم**: هەر بەپێی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (پێنجەم)ی یاساکەدا هاتووە لە ئەنجومەندا "دەبێ نوێنەرایەتی پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ". کەچی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانیش لەلایەن هەردوو حزبی سەرەکی لە کوردستان پێشنیار کراون و دانراون، پارتی نوێنەری (تورکمان) و یەکێتیش نوێنەری (ئاسوری)ەکان!

**هەشتەم**: لەگەڵ دەستبەکار بوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا (لە تەموزی ٢٠١٩) ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە بەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەندامێتی ئەنجومەن دەستی کێشایەوە کە ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێکە، کەچی تا ئێستا شوێنەکەی پڕ نەکراوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەندامێکی تری کۆمسیۆن لە بەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٣ بەهۆی نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد و شوێنەکەی ئەویش چۆڵەو پڕ نەکراوەتەوە. جگە لەمانە سەرۆکی کۆمسیۆنیش کە هەر لەسەر بەشی پارتی دیموکراتی کوردستانە نزیکەی ساڵێکە مۆڵەتی وەرگرتووە و لە کۆمسیۆن دەوام ناکات!

**ئەنجام:**

١-لاوازی پەرلەمانی کوردستان لە پرۆسەی چاودێری و بەدواداچووندا کاریگەریی نەرێنی و خراپی لەسەر کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کردووە و زۆربەی ئیش و کارەکانی وەستاوەو وەک پێویست بەڕێوە ناچێت.

٢-خودی پەرلەمان کە لایەنی یاسادانەر و چاودێریشە بەسەر جێبەجێکردنی یاساوە، کەچی خۆی پێشێلی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کردووە.

٣-ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن پێیان وایە یاساکەیان نەگونجاوەو پێویستی بە گۆڕین و هەموارکردنەوە هەیە، هەرچەندە پرۆژەی هەمواریش هەیە بەلام پەرلەمان هەنگاوی بۆ نەناوە.

٤-لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن چەند پۆستێک هەیە بەپێی یاسا بۆیان دەستنیشانکراوە بەلام پڕنەکراونەتەوە.

٥- کۆمسیۆنی هەڵبژاردن گرفتی کەمیی میلاکی فەرمانبەریان هەیەو پێویستە بۆیان دابمەزرێت.

٦-ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و سەرۆکەکەی ماوەی یاساییان بەسەر چووە، شەرعیەتی یاساییان نەماوەو بەنایاسایی کارەکانیان رایی دەکەن.

٧- کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کە بەپێی یاسا لەرووی داراییەوە سەربەخۆیە، بەڵام لە پراکتیکدا هیچ سەربەخۆییەکی دارایی نیە، چاوی لە دەستی وەزارەتی داراییە ئەگەر موچەیان پێبدات، یاخود برێکی کەم بودجەیان بۆ دیاری بکات. ٨- کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بەحیساب لەرووی کارگێڕییەوە سەربەخۆیە، کەچی سەربەخۆییان لێ زەوت کراوەو لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە دەستێخستنی بەردەوام لەکاروباریاندا هەیەو هەموو فەرمانبەرێکیش ئەگەر پشکپشکێنەو ڕەزامەندی ئەوانی لەسەرنەبێت بۆیان دانامەزرێت.

٩-زۆرترین پێشێلکاری لە یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا کراوە، لەکاتێکدا خۆیان دامەزراوەیەکن بۆ چاودێری و رێگری لە پێشێلکاری دامەزراون، ئەمەش خەوشێکی گەورەیە بۆ خودی کۆمسیۆن و پەرلەمان و سیستەمی حوکمرانیی هەرێمی کوردستان.

١٠-هەرچەندە، بوونی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەتوانێ هەنگاوێکی باش و ئەرێنی بێت بۆ پێشخستنی بنەماکانی دیموکراسی و حوکمڕانیی شەفاف، بەڵام لە ڕاستیدا ئەزموونەکە لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی پراکتیکییەوە نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و لەژێر گوشار و کاریگەریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لایەنە سیاسییەکاندا بووە، ئەوەتا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نەیتوانیوە سەرکەوتنی پێویست لە ئەرک و کارەکانیدا بەدەست بهێنێ و سەرۆک و ئەندامانی باڵای ئەم کۆمیسیۆنە بە سیستەمێکی پشکپشکێنە لە لایەن حزبە سیاسییەکانەوە دیاری دەکرێن.

١١-وێڕای حەوت ساڵ تەمەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، تا ئێستاش نەیتوانیوە تۆمارێکی دەنگدەرانی پاک و بێگەرد بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکات، ئەو تۆمارەی هەیە سەدان هەزار ناوی مردوو و دووبارەو ساختەو کوردانی پارچەکانی تری کوردستانی تیادایە کە بەپێی یاسا مافی دەنگدانیان نیە.

١٢-لەژێر سایەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا زۆرترین گزی و ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە، هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ ی پەرلەمانی کوردستان بە نمونە.

١٣-لەهەرێمی کوردستاندا دوو کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەیەو ئەمەش بارگرانییەکی دارایی دروستکردووە.

**راسپاردەکان:**

یەکەم: ناکرێت لە هەرێمێکدا دوو کۆمسیۆن و دوو نوسینگە لەهەر پارێزگایەک و دوو نوێنەر و دوو تۆماری دەنگدەران و دوو یاسا و دوو جۆر تیم بۆ هەڵبژاردنەکانی هەبێت. هەر بۆیە پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرس دەکەین و لەمەودووا هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقەوە ئەنجام بدرێت و ئەو بارقورسیە داراییەش لەسەر هەرێم لادەچێت.

**دووەم: لەئەگەری مانەوەو هەڵنەوەشاندنەوەی کۆمسیۆندا، باشتر وایە:**

١-پەرلەمانی کوردستان لە زوترین کاتدا هەمواری یاساکەیان بکات و ئەو کەموکورپیانەی لەیاساکەدا هەیە چاکیان بکات.

٢-پەرلەمانی کوردستان لە زووترین کاتدا کاربکات بۆ دانانی ئەنجومەنی نوێی کۆمسیاران.

٣-ئەگەر وەک پشکی لایەنە سیاسیەکانیش ئەندامانی ئەنجومەن دادەنرێن ناوی (سەربەخۆ) لە کۆمسیۆن بکرێتەوە.

٤-ژمارەی ئەندامانی کۆمسیۆن بۆ (٥) ئەندام کەم بکرێتەوە.

٥-پێویستە سەرۆکی کۆمسیۆن و بەرێوەبەری کارگێری بە دەوری لەنێوان ئەندامەکانەوە دابەش بکرێت تا یەک لایەنی سیاسی پاوانی نەکات.

٦-بودجەی کۆمسیۆن بە جیا و بەپێی پێویست دەستنیشان بکرێت تا بۆ رایی کردنی ئیش و کارەکانیان پەکیان نەکەوێت یا پەکیان نەخرێت.

٧-لە زوترین کاتدا کار بۆ دروستکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاک و بێگەردی دەنگدەران بکرێت.

٨-پرکردنەوەی تەواوی ئەو پۆستانەی بەتاڵن و بەپێی یاسا دیاریکراون.

٩-ئەنجامدانی کۆبوونەوەی وەرزی لە نێوان لیژنەی پەرلەمان و کۆمسیۆن بۆ ئەوەی بەچڕی و لە نزیکەوە ئاگاداری یەکتر بن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠ ی نیسانی ٢٠٢١**

## پاشکۆی (٢٤)

## پەیامی ئینستتیوتی پەی لە (٣٠)ەمین ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا

(٣٠) ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا، یەکەم پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمدا بەرێوە چوو و خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە بۆ داهاتوویەکی گەش، بەرەو سندوقەکانی دەنگدان هەنگاویان نا. بەڵام بەداخەوە، بەتێپەڕ بوونی کات ئەم خەونە ئاڵۆ والایە کاڵ بوویەوە، ئەو دامەزراوە باڵایە ساڵ بە ساڵ لاوازتر، دەستەمۆتر و فەرامۆشکراوتر، رۆژ لەدوای رۆژ سست تر، لە ئەنجامدانی ئەرکە یاساییەکانی کۆڵەوارتر و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا لە چادێریی دەسەلاتی جێبەجێکردنیشدا بێ دەسەلاتتر بووە. خول لەدوای خول متمانەی لای دەنگدەرانی بەرەو نزمی دەچێت، بەڵگەی زەقیش بۆ ئەمە دابەزینی بەردەوامی رێژەی بەشداربووان و دەنگدەرانی و لەدەستدانی متمانەیەتی لای خەڵکی کوردستان.

بەپێی یاساو بڕیارە بەرکارەکان، پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق، بەلام لەبری ئەوەی کۆکەرەوەی خەڵکی کوردستان و دامەزراوەی چارەسەری قەیرانەکان بێت، خەریکە دەبێت بە دروستکەری قەیرانەکان.

پەرلەمانی کوردستان جگە لە خولی یەکەم کە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە چەند ساڵێک پەکی کەوت، لە خولی چوارەمیشدا لەئەنجامی ململانێی سیاسی لەسەر یاسای سەرۆکایەتی، بەرامبەر خواستی چوار لایەن کە زۆرینەی پەرلەمانییان هەبوو، (پدک) رێگەی نەدا پرسەکە بەزۆرینەی یاسایی یەکلا بکرێتەوە، بۆیە بە زەبری هێز رێگری لە سەرۆکەکەی کرد و پەرلەمانی پەکخست. ئێستاش لە کۆتایی خولی پێنجەمدا، نزیکەی سێ مانگە پەرلەمان کۆنەبۆتەوەو جارێکی تر بەبیانووی پرسی هەمواری یاسای هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پەکخراوە، ئەگەر خولی رابردوو سەرۆک رێگری لێکرابێت کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات، ئەمجارەیان سەرۆک رایدەگەیەنێت رێگەنادات کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت.

لەم یادەدا کە پەرلەمان رووبەڕووی قەیرانێکی تر بۆتەوە، بەپێویستمان زانی لەپێناو روونکردنەوەی راستییەکان بۆ خەڵکی کوردستان، چەند راستییەک سەبارەت بانگەشەی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بخەینە روو:

یەکەم: تەواوبوونی وادەی کۆمسیۆنی هەلبژاردن: لە هەرێمی کوردستاندا کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان بەرپرسیارە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەو ئەرکەش لەلایەن خودی پەرلەمانەوە بە یاسا بە کۆمسیۆن سپێردراوە. بەڵام ئەو کۆمسیۆنە لە (٢٠١٩/١٢/٣) تەمەنی یاسایی تەواو بووە، لە هەمان کاتدا شوێنی دوو کۆمسیار (لەسەر پشکی پارتی) چۆل بووە کە یەکێکیان سێ ساڵە بە پلەی وەزیر بۆتە وتەبێژی حکومەت و ئەوەی تریشیان دوو ساڵە کۆچی دوایی کردووە.

کەچی پەرلەمانی کوردستان دووای دوو سال و نیو لە چۆل بوونی کورسی و بەسەرچوونی ماوەی یاسایی تازە بەتازە قسە لەسەر کارا بوون و نەبوونی کۆمسیۆن دەکات. لەلایەکی ترەوە بەهەمان شێوە (پدک)یش دوای ئەو ماوە زۆرە لە بەسەرچوونی ماوەی یاسایی کۆمسیۆنەکەو چۆل بوونی دوو کورسیان، کە زۆرینەن لە پەرلەمان و بەرنامەی کاریش لە دەسەلاتی خۆیاندایە، تازە قسە لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆن دەکەن! ئەمانە دەریدەخەن کە بانگەشەی پەرلەمان و لایەنە سیاسیەکانی ناوپەرلەمان لە ئێستادا لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆن خەمساردی و سورنەبوونیان لەسەر هەلبژاردن دەسەلمێنی نەک پێچەوانەکەی.

دووەم: سەبارەت بە پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، لە نۆ ساڵی رابردوودا ئێمە وەک ئینستتوتی پەی، لەچەندین یاداشت و راپۆرتدا جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت ئەو تۆمارە پاک بکرێتەوە، لەکاتێکدا کۆمسیۆن لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارە لە پاکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بۆیە ئەرکی پەرلەمان بوو

لەماوەی تەمەنی یاسایی کۆمسیۆندا کاری جدی کردبا بۆ پاک کردنەوەی تۆمارەکە، بەڵام نەیکرد. لەهەمان کاتدا کە کۆمسیۆن لە (٩) کۆمسیار پێکهاتووە، (٦)ی سەربە چوار لایەنی سیاسی (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو)ن و (٣)ی سەربە پارتین، کۆی پۆستەکانی تریش تا دوا فەرمانبەری لەسەر هەمان بنەماو شێوەی پشک پشکێنە دابەشکراون. بەپێی یاساکەی، کۆمسیۆن ناتوانێ کۆبوونەوە بکات ئەگەر بە زۆرینە نەبێت. کەواتە چوار لایەنەکە زۆرینەن و هەر ئەوان دەیانتوانی تۆماری دەنگدەران پاک بکەنەوە. کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆنیش بەپێی یاسا بە زۆرینە دەبەسترێت، زۆرینە واتە (٥) کورسی، لەکاتێکدا ئەو چوار لایەنە (٦) کورسان هەیەو دانەیەکیش زیادە. جگە لەمانە (کارگێڕیی هەڵبژاردن) لە نێو کۆمسیۆندا کە بەرپرسی راستەوخۆیە لە پاککردنەوەی تۆمارەکە بەرپرسەکەی هەر لای ئەم چوار لایەنەیە.

بەم شێوەیە دەبینین ئەو چوار لایەنەی زۆرینەی کۆمسیۆن و کارگێڕیی هەلبژاردن و هێزی یاساییان هەیە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە، کەچی ئەوانن گلەیی لەسەر تۆماری دەنگدەران دەکەن. بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو بانگەشەیان درەنگ وەختە و پێویستە لێپرسینەوەیان لەگەل بکرێ لەسەر پاک کردنەوەی تۆمارەکە نەک گلەییان لێ وەربگیرێ، چونکە ئەو کۆمسیۆنە دوو ئەندامی پارتی هەر تیا نەبووە و پارتی جدی نەبووە لە کاراکردنەوەی، کەواتە گەر بە گریمانە بلێین پارتی لەپێناو پاک نەکردنەوەی تۆماری دەنگدەران سور نەبووە لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆن، ئەی چوار لایەنەکەی تر بۆچی کەوتنە بەرەو ستراتیجی پارتی و هەوڵی پاککردنەوەیان نەدا!؟

سێیەم: بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم بەرپرسیارە لە داواکردن و ئەنجامدانی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەرێزیشی لە ٢٠٢٢/٣/١ نوسراوی ناردووە بۆ پەرلەمان و داوای کردووە لە ٢٠٢٢/١٠/١ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرێت، پێمان وایە ئەم نوسراوە تەنها بۆ دوورخستنەوەی لێپرسراوێتی یاساییە لەسەریان و هیچ سوربوونێکی تیا نیە لەسەر ئەنجامدانی هەلبژاردن. لەبەر ئەم خالانەی خوارەوە:

١-لەکاتێکدا پارتی لەدەستەی سەرۆکایەتی زۆرینەیە و گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانیە، بەلام لەگەل گەیشتنی نوسراوەکەی سەرۆکی هەرێم سەرجەم کۆبوونەوەکان راگیران و پەرلەمان پەکی خرا.

٢-دووای پەکخستنی پەرلەمانیش لەکاتێکدا زۆرینەی دەستەی سەرۆکایەتی لای پارتیە و فراکسیۆنەکەی پارتی هیچ هەولێکیان نەدا بەمەبەستی تاوتوێی نوسراوەکەی سەرۆکی هەرێم و کاری جدی لەسەر ئامادەکاریەکانی هەلبژاردن. لەکاتێکدا پەیرەوی ناوخۆ ئەو مافەی داوە کە بەرنامەی کار بە زۆرینە دادەنرێ، لەلایەکی ترەوە پێشینەی یاسایی هەیە پەرلەمان لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە بەبێ رەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار. کە لە پێشوودا پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە کاریکرد بۆ وەرگرتنی پارێزبەندی لە پەرلەمانتار سۆران عومەر.

بەمەش دەردەکەوێت هەم نوسراوەکەی سەرۆکی هەرێم و هەم پەکخستنی پەرلەمان بە هەماهەنگی و رێککەوتنی یەکێتی و پارتی لە هەردوو سەرۆکایەتی کراوە. ئەو وتەیەی سەرۆکی پەرلەمان لەسەر ساختەکاری لەسەروبەندی هەلبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کردی و دواتر لەناو دانیشتنی پەرلەمان فراکسیۆنەکان داوای رونکردنەوەیان لێکرد، سەرۆکی پەرلەمان وتی: ئێوە مەبەستان ئەوەیە پێوەندی ئێمە لەدەستەی سەرۆکایەتی تێکبدەن، بەلام بەم قسانە تێکناچێت. بەم پەکخستنەی پەرلەمان پەیوەندییەکەیان بۆ پێشێلی یاساو کوشتنی دیموکراسی بە کردار سەلماند.

لەبری پەکخستن دەبوایە پەرلەمان چی بکردایە؟

١-دۆخی دارایی سلێمانی بەگشتی و موچە خۆران بەتایبەتی لە دۆخێکی خراپدایە، لەمەش خراپتر شێواندنی حەقیقەتی هۆکاری سەرەکی و ونکردنی لێپرسراوی سەرەکی ئەم دۆخەیە. لەکاتێکدا دەبوایە پەرلەمان گفتوگۆ

و لێپرسینەوەکان ببەنە ناو پەرلەمان لەبری میدیا، بزانێ هۆکاری دواکەوتنی موچە چیە؟ بۆچی داهات کەمە؟ بۆچی داهات ناگەڕێتەوە؟ بۆچی باج لە سلێمانیەوە دەچێتە هەولێر؟ بۆچی ئەو پارەیەی لەهەولێرەوە دەنێردرێتە سلێمانی دابەشناکرێت؟ ئەی چۆن لە شەو و ڕۆژێکدا کێشەی موچە چارە کرا؟ ئەی پێشتر کێ ئەو پارەیەی ڕاگرتبوو؟ ئایا سیولە نەبووە یا بڕیارەکە سیاسی بوو؟ حزب پارەکەی بردبوو و هێنایەوە یا لەهەولێرەوە پارە ناردرا؟

٢-ململانێی سیاسی لایەنەکان لەسەر سروشتی گازی سروشتی خەریکە لایەنەکان بەرەو شەڕی ناوخۆ ببات، لەبەردەم نێردەی ولاتان و کونسلەکان و میدیاکاندا هەڕەشە ئاراستەی یەکتری دەکەن، لەکاتێکدا دەبوایە پەرلەمان بانگهێشتی ئەنجومەنی نەوت و گازی بکردایە کە دوو نوێنەری یەکێتی دووی پارتی یەکی گۆڕان ئەندامن تیایدا، لە پەرلەمان و پرسیار و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرایە کە ئاخۆ گاز دەفرۆشن؟ بەکێی دەفرۆشن؟ چۆنی دەفرۆشن؟ کەی دەیفرۆشن و تا چەند شەفافیەتی تیایە؟ هەر بە ڕاستی دەیفرۆشن یا تەنها سەرقاڵکردنی خەڵکە؟

٣-هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بۆ فرە بازنە کارێکی باشە، بەڵام بۆچی؟

وەڵامی ئێمە جیاوازە لەگەل وەڵامی لایەنە سیاسیەکان. ئێمە پێمان وایە پەرلەمانتار دەبێ نوێنەری خەلکی ناوچەکەی خۆی بێت و بەدەنگیانەوە بچێت. ئەرکەکانی لەناوچەیەکی جوگرافیی تەسکدا کورت بکرێتەوە تا بەسەریان ڕابگات و سنورەکەش بیناسن. فرە بازنە دەبێتە مایەی ئەوەی پەرلەمانتاری پۆپۆلیست کەم بێتەوە، لەبەر ئەوەی پەرلەمانتار ئەگەر سنورێکی بچوکی خۆی هەبوو زەحمەت تر دەتوانێ بەم پۆپۆلیستیە هەلسێت کە لە بازنەیەکی فراواندا دەیکات، بێ ئەوەی ئیش بکات سەختە قەناعەت بە خەلک بکات. بەلام ڕای ئەو لایەنانەی کەدەلێن بۆ دیموکراسی باشە، یا کورسی لایەنێک کەم و زۆر دەکات، ئەمە جگە لە بیانوێک زیاتر هیچی تر نیە. چونکە لە کوردستان سەلماوە هەر لایەنێک زۆرینەش بێنێ ناتوانێ بەبێ لایەنەکەی تر حکومەت دروست بکات. لەبەر ئەمری واقیعی دوو زۆنی. کەواتە هەریەک لە یەکێتی و پارتی ئەگەر بەتەنها زۆرینەی پەرلەمانیش بەدەست بێنن ناتوانن بەبێ ئەوی تریان حکومەت پێکبێنن. خۆ ئەگەر لەبەر هەر دۆخێک توانیان بەبێ یەکتر حکومەتیش پێکبێنن، ئەوا ناتوانن هیچ یەکێکیان لەناوچەی زۆنی یەکتری حوکمرانی بکەن. هەموو بڕیارەکانی زۆنی سەوز لای یەکێتیە ئەگەر زۆرینەش نەبن لەناو حکومەتدا و بەپێچەوانەشەوە. جگە لەمانە، مێژووی سیاسی لە ١٩٩٢ تاکو ئێستا پێمان دەلێ ئەم دوو هێزە هیچ کامیان نایانەوێت ببنە ئۆپۆزسیۆن، تا بترسن لەوەی دەبن بە کەمینە یا زۆرینە. کەواتە لە بنچینەدا هیچ مەترسیەک لەسەر دیموکراسی نیە ئەگەر هێزێک ببێتە زۆرینە، لە ڕاستیدا یەکێ لە خالەکانی دیموکراسی بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی زۆرینە و کەمینەیە. لەبەر ئەوەی ئەوانە هەرچەندە بێنن هەر بەیەکەوە حکومەت دروست دەکەن، کەواتە شەڕی زۆرینە لەسەر دیموکراسی نیە وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، بەلکو لەپێناو پشک و ئیمتیازات و کێکی دەسەلاتە. ڕونتر بلێین پارتی و یەکێتی ئەگەر یەکێکیان چەند کورسیەکیش لەوەی تریان زیاتر بێنێت کێشە نیە چونکە دواتر کورسیەکانیان کۆ دەکەنەوە.

لێرەوە دوو هێزە سەرەکییەکە دوای وتارەکەی (جنین پلاسخارت) لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تێگەیشتن کە فشاری ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر دەسەلاتیان هەیە، بۆیە هەلمەتی ڕاگەیاندنیشیان لە دژی یەکتری ڕاگرت (کە مایەی خۆشحاڵیە) و کۆبوونەوەکانیشیان پەیوەندی بەو فشارانەوە هەیە کە لەسەریانە. بۆیە لە ئێستادا دەیانەوێت دەست بە کۆبوونەوەکان بکەنەوە لە پەرلەمان، بەلام بەبێ کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای هەلبژاردن، دەیانەوێت ئاراستەکە بەرەو ئەو شوێنە بەرن کە بە بیانووی کارانەبوونی کۆمسیۆن و هەموار نەکردنی یاسای هەلبژاردنەوە تەمەنی پەرلەمانی کوردستان درێژ دەکەنەوە.

لەم رەوشە ناهەموارەدا، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە کارێکی دیموکراتی و خزمەت بە خەلکی کوردستان نازانین، چونکە پەرلەمان بەمەبەست ئامادەکارییەکانی هەلبژاردن ناکات نەک بەهۆکارێک لەدەرەوەی ئیرادەدابێت. جگە لەمە زۆر کەس و لایەن قسەیان لەسەر چاکسازی و گەرانەوەی پارەو داهات دەکرد لەپەرلەمان، وەک دەسکەوتێکی ئەم خولە باسیان دەکرد، لەکاتێکدا کۆی ئەو پارانەی لەو خولەدا گەڕاوەتەوە ناکاتە کۆی موچە و نەسریەی پەرلەمان و پەرلەمانتاران ئەگەر بۆسالێک درێژ بکرێتەوە. چونکە پەرلەمانی کوردستان کاتێک کاتی زیادەی پێ دەدرێت چی کارێک دەکات؟ لەکاتێکدا لەماوەی تەمەنی ئاسایی خۆیدا کاری نەکردبێت، ئیتر بۆچی تەمەنی درێژ دەکەنەوە؟ کاتێک ماوە درێژ دەکرێتەوە کە کارێکی گرنگ هەبێت و لەکاتی بنچینەدا پێرانەگەیشتبێت. نەنگیە کاتی بۆ درێژ بکرێتەوە بەبیانووی تەواوکردنی کارە تەواونەکراوەکانی.

بۆیە پەرلەمانتاران چەند رێگەیەکیان لەبەردەمە:

١-لەدەرەوەی فشار و رێگریی لایەنە سیاسیەکان بە ئەرکە یاساییەکانی خۆیان هەلسن بۆ کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای هەلبژاردن و ئەنجامدانی هەلبژاردن لە زوترین کاتدا.

٢-راکێشانی کارتی هەرەشەی دەستلەکار کێشانەوەی زۆرینەی پەرلەمانتاران بەرامبەر هێز و لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەوەی لە زوترین کاتدا بگەنە سازان و رێکەوتن بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردن، وەک دروستکردنی فشارێکی دیموکراتی و جێبەجێکردنی ئەرکێکی یاسایی، بۆ سەلماندنی ئەو رایەی کە رێگری هەیە لە ئەنجامدانی هەلبژاردن و کاراکردنی پەرلەمانەوە.

لە کۆتایی ئەو بەدواداچوونەدا چاوەڕێی هەلویست و رۆلی جوامێرانە لە بەشێک لەو پەرلەمانتارانە دەکەین کە دەیانەوێ بەکردار نوێنەری گەل و پەرۆشی یاسا و پاراستنی دیموکراسی بن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٢/٥/١٩**

## پاشکۆی (٢٥)

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی بۆ جێنین پلاسخارت نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق کە لە مەترسییەك ئاگاداری دەکاتەوە

**بەڕێزا/ جێنین پلاسخارت، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق**
**بابەت/ سەرنجێك سەبارەت هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان**

پاش سڵاو و ڕێز...

ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە رابرووداا لە چەندین یاداشت و بەیاننامە کێشە و چارەسەر و هەنگاوەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان خستۆتە ڕوو. بەڕێزیشتان لە چەند مانگی پێشوودا دوو جار لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان کۆبوونەتەوە و بەرچاوتان ڕوونە لە ووردەکارییەکان، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر ئێمە کێشەوگرفتەکان بە ووردی باس بکەین، بەڵکو قسە لەسەر هەنگاوی چارەسەر کردن و ئەرکی ئێوە لەو چوارچێوەیەدا دەکەین.

بەڕێز خاتوو پلاسخارت... ڕوونە ئێستا کەمتر لە دوو مانگ ماوە بۆ ئەو وادەیەی سەرۆکی هەرێم دیاری کردبوو بۆ ئەنجامدانی خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاساش کۆمسیۆن شەش مانگی پێویستە بۆ ئامادەکارییەکان، جگە لەوە کێشەی کارانەکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای هەڵبژاردنیش وەک خۆی ماوەتەوە، کەواتە ئەوانە بەڵگەی بەهێزن کە هەڵبژاردن ناکرێت. هاوکات تەمەنی شەرعیەتی یاسایی هەر سێ دامەزراوەی (پەرلەمان ، حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم) کەمتر لە سێ مانگی ماوە. لە هەمان کاتدا بەهۆی بوونی کاری پێشینەی هێزە سیاسییەکان لە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بە بیانووی جیاجیا (کە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکانی هەر پێنج خولی رابردوو لەوادەی خۆیاندا ئەنجامنەدراون)، ئەوا بە دڵنیاییەوە هێزە سیاسییەکان تەمەنی ئەم خولەی پەرلەمان درێژ دەکەنەوە.

بەڕێز خاتوون... ئێمە پێمان وایە پەرلەمانی کوردستان و هێزە سیاسییەکان لە رابردوودا کاتێکی زۆریان لەبەردەم بوو بۆ چارەسەری کێشەکانی بەردەم هەڵبژاردن و ئەنجامدانی لە کاتی خۆیدا، بەڵام خەمساردانە هەنگاویان ناو لەسەرەتاوە کردیان بە بیانوو بۆ دواخستنی هەڵبژاردن و سەرکەوتووش بوون لەو هەنگاوەیان کە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا نەکرێت، بۆیە ئێستاش ڕێگەدان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی هەرسێ دامەزراوەکە بە بێ چارەسەری کێشەی کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردن، خولانەوەیە لە بازنەی بۆشدا، بۆ نمونە ئەگەر ساڵێک زیاتر یان کەمتر تەمەنی کارکردنیان درێژیش بکرێتەوە، ئەوا ساڵی داهاتوو جارێکی تر هەمان کێشە (کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای هەڵبژاردن) دووبارە دەبنەوە بە لەمپەر بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن و بیانوێک دەبن بۆ هێزە سیاسییەکان کە دووبارە هەڵبژاردن دوادەخەن و تەمەنی پەرلەمان درێژ دەکەنەوە. واتە درێژ کردنەوە بێ چارەسەری گرفتەکان هەنگاوێکی ترە بۆ ئەوەی هێزەکان خەم ساردتر بجوڵێنەوە لە داهاتوو وە هاوکاریان دەبێت درێژە بە چارەسەر نەکردنی ئەو گرفتە بدەن بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن.

بۆیە بەڕێز پلاسخارت ئێمە داواکارین لە بەڕێزتان درێژکردنەوەی ماوەی کاری دامەزراوەکان پەنای بۆ نەبردرێت، ئەگەر لە پێشەکیدا گرفتەکان چارەسەر نەکرێن، یاخود هاوکات بەیەکەوە بکرێنە یەک پاکێج. واتە درێژکردنەوەی ماوەی کاری دامەزراوەکان، لەگەڵ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن، کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، هەمواری یاسای هەڵبژاردن، لە پێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بێت، نەک لەدوای درێژکردنەوەکە باس لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردن بکرێت.

بەداخەوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هێزە سیاسییەکان بەمەبەست کاتیان بەفیڕۆدا بە مەرامی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا. هەر بۆیە لە ئێستادا ئەرکی بەرێزتانە هاوکاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانێک نەبن بەبێ چارەسەری کێشەکانی بەردەم هەڵبژاردن کە خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و بەشێک لە هێزە سیاسییەکانە. بە پێچەوانەوە هەوڵەکانی بەرێزتان لەم پرۆسەیەدا دەبێتە بەشێک لەو سیناریۆیەی هێزە سیاسییەکان کە دەیانەوێت درێژە بە دواخستنێکی تری هەڵبژاردنەکان بدەن لە ئاییندەدا.

لەگەڵ ڕێزدا

<u>**وێنەیەک بۆ:**</u>

-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

-سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

-سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

-کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

-سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٢/٨/٧**

**پاشکۆی ( ٢٦ )**

## یادداشتی ( ٦ ) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کە ئینستتیوتی پەی ئامادەی کردبوو سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا

## پێویستە نەریتی نایاسایی درێژکردنەوەی پەرلەمان کۆتایی پێ بهێنرێت

ئەمڕۆ ٢٠٢٢/١٠/٥ پەرلەمانی کوردستان پێشنیازە یاسایەکی بە ناونیشانی (یاسای بەردەوامبوونی خوولی پێنجەمی پەرلەمان کوردستان) بە واژۆی (٨٥) ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، یەکێتی، پێکهاتەکان و بەشێک لە پەرلەمانتارانی گۆڕان) خستبووە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد، لەهەمان کاتدا خەسڵەتی بەپەلەی دا بە پێشنیازە یاساکە تا لە زووترین کاتدا پەسەند بکرێت. کە مەبەست لە پێشنیازەکە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و دواخستنی هەڵبژاردنە، ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، وێرای ئەوەی چەندین راپۆرت و یادداشتمان ئاراستەی پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان کردووە، هۆشداریی ئەو مەترسییەمان خستبووە روو کە لە ئێستادا دەگوزەرێت، ئەوەتا لە دوا کۆبوونەوەیدا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە کە لایەنە سیاسییەکان ڕێکناکەون لەسەر هەڵبژاردن و هێشتا ناوچەی سەوز و زەرد ئەمری واقیعە، هەر لەم وتارەیدا هۆشداری دا بە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و مەترسییەکانی دواخستن و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی خستە روو. کە پێمان وایە ئەمە هۆشدارییەکی مەترسیدارە، هەر لەم پێناوەدا لێرەدا ئەم چەند سەرنجە دەخەینە روو:

١-یەکێک لە بیانووەکانی دواخستنی هەڵبژاردن (هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان) و بیانووەکەی تریش (کارا نەبوونی کۆمسیۆن و پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران)ە، هەردوو بیانوو ئەگەر گرفت بن و کۆسپ بن بۆ هەڵبژاردن، خودی پەرلەمانی کوردستان لێیان بەرپرسیارەو لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئەم پرسە بوونی هەبووە و ئەرکی پەرلەمان بوو چارەسەریان بکات بەڵام پەرلەمان کەمتەرخەم بوو و هیچی نەکرد.

٢-لە ٢٠٢٢/٣/١ سەرۆکی هەرێم بە فەرمانێک وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی دیاریکرد تا لە ٢٠٢٢/١٠/١ ئەنجامبدرێت و ماوەی شەش مانگی دیاری کردبوو، ئەگەر لەو ماوەیەدا هەڵبژاردنیش ئەنجامنەدرا، بەڵام دەکرا لەو ماوەیەدا گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردن چارە بکرێن، کەچی ئەو ساتەش پەرلەمان لە بری ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکات و زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردن بکات، نەک هەر بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاو گرفتەکانی چارەسەر نەکرد، بەڵکو سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند کە ئامادە نییە هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بکات و بۆ ماوەی سێ مانگیش دانیشتنەکانی پەرلەمانی پەکخست.

٣-ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی بووە بەنەریت کە لەوادەی خۆیاندا ئەنجامنەدرێن، ئەمەش نەنگییە بۆ هەرێم و ئەزموونەکەی و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی، چونکە ئەوەی گوزەراوەو دەگوزەرێت لە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەماندا بەپێی یاسا و پەیرەو نایاساییە، بەتایبەت ئەگەر هۆکارێکی تەکنیکی، یا گۆڕینی یاسا یا هەر بیانوێکی تری باوەڕ پێکەری دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمان نەبێت، لە ئێستادا هەم هیچ بیانویەک نیە لەدەرەوەی ئیرادەدا بێت و هەم لەکاتی دواخستنەکەشدا هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ لابردنی کۆسپەکان تا لەوادەی دەستنیشانکراودا هەڵبژاردن بکرێت.

٤- هەمیشە دەبێت رۆڵی سەرۆکی پەرلەمان بێلایەن بێت، ئەرکی پاراستنی پەیرەو و یاسایە، بەڵام لەم پێشنیازە یاسایەدا خودی سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیش بوونەتە لایەنگیر و ئیمزایان لەسەر پێشنیازەکە کردووە، ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا سەرۆکی پەرلەمان ئیمزا بەسەر

پرۆژە یاسایەکی لەو شێوەیەدا بکات، لە خولەکانی رابردوودا پەرلەمانی کوردستان ( سەرۆکی بەخۆوە بینیوە، هیچ کامیان ئەم کارەیان نەکردووە، ئەمەش دەریدەخات کە سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆیان بەشێکن لە سیناریۆی جێبەجێکردنی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان.

٥-بۆ مێژوو لەم کردە نایاساییەی ئەنجامەدرێت کە ئەتکی دیموکراسی تیادا دەکرێت و هەست و شعوری دەنگدەرانی کوردستان لەبەرچاو ناگیرێت، لایەنە سیاسییەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان و یانزە نوێنەرکەی پێکهاتەکان) ئۆباڵی سیاسیی ئەو لێپرسراوییەتییە مێژووییەیان دەکەوێتە ئەستۆ.

٦-پەرلەمانی کوردستان بەرزترین دامەزراوەی یاساییەو بەپێی بڕیاری خۆی "تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق"، ناکرێت بەم شێوەیە بێ ئەرزش بکرێت و حیساب بۆ هیچ یاساو پەیرەوێک نەکرێت و بەم شێوازە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە ئەگەر هەموو لایەک نەیەنە دەنگ ئەوە گرفتەکە هەر بەردەوام دەبێت و دوای ئەمە جارانی تریش ئەم کارە نایاساییە دووبارە دەبێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر چالاکوانان و یاساناسان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و رۆشنبیران لە ئاستیدا بێدەنگ نەبن و هەموو رێگەو فشارێکی مەدەنی بگرنە بەر.

٧-پێویستە بۆ رێگری کردن لەم پێشێلکارییە یاسایی و دەستورییە، تیمێکی پارێزەران ئامادەبکرێت و لە دادگای فیدرالی لە بەغدا سکالا لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان تۆمار بکرێت.

لەگەل رێزدا

٢٠٢٢/١٠/٥

**<u>ناوی رێکخراوەکان:</u>**

**١- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY).**

**٢- رێکخراوی هەڵوێست.**

**٣-رێکخراوی (WOLA).**

**٤-سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD).**

**٥-رێکخراوی پایتەختی ئاشتی.**

**٦-رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان (KEODD).**

## پاشکۆی (٢٧)

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت دواخستنی هەڵبژاردن

### لەپێناو ڕێگریکردن لە دووبارە دواخستنەوەی هەڵبژاردندا پەرلەمانی کوردستان ناکرێت چیتر پەکی دانیشتنەکانی بخات!

### پەرلەمانی کوردستان ناکرێت چیتر پەکی دانیشتنەکانی بخات!

پەرلەمانی کوردستان کە لە (٢٠٢٢/١١/٦) وادەی یاسایی بەسەردەچوو و دەبوایە هەڵبژاردنی بۆ خولی شەشەم ئەنجامبدرایە، کەچی لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٢٢/١٠/٩) بەپێی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ "تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣" تەمەنی خۆی درێژکردەوە. بیانوی پەرلەمان لەم درێژکردنەوەیەدا، کە لە هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە، بریتی بوو لە:

١-ڕێگری کردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی.

٢-گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان.

٣-تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد.

٤-دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاک و بێگەرد.

٥-ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی.

ئەمە لەکاتێکدا هەموو ئەو ئەرکانە لە ئەستۆی پەرلەمان بوون و لە چوار ساڵی تەمەنیدا ئەنجامی نەدابوون، کەچی لەو رۆژەوەی تەمەنی درێژکردۆتەوە تا ئێستا کە (٧٠) رۆژ تێپەڕیوەو خولی گرێدانەکە خەریکە کۆتایی دێت، جگە لەوەی چوار دانیشتنی کردووە، بەلام هیچ کامیان پەیوەندیان بەم بابەتەوە نەبووە، هیچ پرۆژەیەکی ئامادەنەکردووەو هیچ راپۆرتێکی پێشکەش نەکردووە، بەهیچ شێوەیەک بەلای ئەو پرسانەدا نەچووەو هیچ کۆبوونەوەیەکی لەمبارەیەوە ئەنجامنەداوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو خولی گرێدان خەریکە کۆتایی دێت، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەبیانوی جیاجیاوە پەکی دانیشتنەکانی خستۆتەوە، لەسەرەتای ساڵی تازەشەوە پشوی وەرزی پاییزە دەست پێدەکات و تا سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی داهاتوو هیچ دانیشتنێکی ئاسایی ئەنجامنادرێت و ڕەوشەکە بەهەمان شێوە بەردەوام دەبێت.

ئەمە لەکاتێکدا وەک کاردانەوە بەرامبەر درێژکردنەوەی پەرلەمان، فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن (هەڵوێست)ی جیاجیایان نواند، سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتوو و ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەشکرد، سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری و چوار ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان و ئەندامێکی سەربەخۆکان بایکۆتی دانیشتنەکانیان کرد. کەچی لەبەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٢٢/١١/١٦) رایگەیاند: "لەمەودوا ناوی ئامادەنەبووان دەخوێندرێتەوەو ئەو ئەندامانەی بەناوی بایکۆتەوە ئامادەی دانیشتنەکان نابن، ماددەی (٢٢، ٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیان بەسەردا جێبەجێ دەکەین". مەبەستی سەرۆکی پەرلەمان ئەوە بوو ئەگەر بەردەوام بن لەسەر بایکۆتکردن و ئامادەی دانیشتنەکان نەبن، ئەوا بە ئامادەنەبوو هەژمار دەکرێن و مافی ئەندامێتیان لێدەسەندرێتەوە. کەچی نەک هەر ئەو بەڵێنەی بەجێنەگەیاند بەڵکو بەبیانوی تروە دەستەی سەرۆکایەتی بەجۆرێک لە جۆرەکان پەرلەمانیان پەکخستووەو دانیشتنەکانیان ڕاگرتووە.

لەراستیدا بەپێی پەیرەوەکەی خۆی و ئەو یاسایانەی دەریکردوون، لەماوەی ئەو (٧٠) رۆژەی رابردوودا پەرلەمان پێویست بوو ئەم کارانەی بکردایە:

یەکەم: کاری پەلەی پەرلەمان ئەوەبوو هەروەک لە برگەی دووەمی ماددەی (١) دا هاتووە "پێویستە ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕیی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد تەواو بکرێت و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت"، بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە:

١-پرۆژەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئامادەبکردایە و خوێندنەوەی بۆ بکردایەو کاری بۆ پەسەندکردنی بکردایە.

٢-کاری بۆ یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتمانی بکردایە.

٣-کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کارابکردایەتەوە.

٤-هەنگاوی بنایە بۆ ئامادەکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاک و بێگەرد.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە پەرلەمان نەک هیچکام لەو ئەرکانەی ئەنجامنەدا، بەڵکو هیچ هەنگاوێکیشی نەنا بۆ ئەوەی ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنێ بۆ بەجێگەیاندنیان.

دووەم: بەپێی برگەی یەکەمی ماددەی (١)ی ئەو یاسایەی تەمەنی خۆیان پێ درێژکردەوە هاتووە کە: "خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣، لە سەرجەم کار و ئەرکەکانی، بەردەوام دەبێت". بەپێی ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی مادەی (٥١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەبوو لەو ماوەیەدا پەرلەمان (٣٣) دانیشتنی بکردایە سەبارەت لە پەسەندکردنی یاساو چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن، بەلام پەرلەمان لەمەشیاندا کەمتەرخەم بوو و تەنها (٤) دانیشتنی ئەنجامداوە.

سێیەم: (هەڵوێست)ی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن جیاجیایەو هەندێکیان جێگەی پرسیارە، پێویستە لە ئێستادا هەموو خەمێکیان ئەوە بێت ئامادەکاری بکرێ بۆ هەڵبژاردنێکی بێگەرد. چونکە بایکۆت بۆ بابەت یا ماوەیەکی دیاریکراوە، بەلام بابەتی درێژکردنەوەی پەرلەمان بەردەوام دەبێت تا کۆتایی ئەم خولە، ئایا کاردانەوەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن و بەردەوامبوونی بەم شێوازە خزمەت بە پرسەکە دەکات؟

کاتێک لە ڕۆژژمێری کارەکانی پەرلەمان ورد دەبینەوەو هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی دەکەین، ئەگەر لە مانگی ئازاری ساڵی داهاتوو (٢٠٢٣)دا پەرلەمان کێشە دەستنیشانکراوەکانی چارەسەر نەکردبێت، دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەم شێوازە پەرلەمان ناتوانێت ئامادەسازییەکان بکات و دیسانەوە لەوادەی دەستنیشانکراوی دواخراودا هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت و سەرلەنوێ پەرلەمان جارێکی تریش تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە، چونکە بەپێی ئەو خشتەی کاتەی لەبەر دەمی پەرلەماندایە بۆ ئەنجامدانی هەموو کارە پەیوەندارەکانی هەلبژاردن تەنها دوو مانگی کارکردنی ناو خولی گرێدانی بەهارەیە، کە ئەمەش مکاتێکی زۆر کورتە.

لەکۆتاییدا، بۆ ئەوەی هیچیتر تەمەنی پەرلەمان درێژ نەکرێتەوە و لەوە زیاتر ئەزمونی هەرێم لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستەکانی لەکەدارتر نەبێت، پێویستە:

١-پەرلەمانی کوردستان لە زووترین کاتدا کار بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بکات لەنێوان لایەنە سیاسیەکان بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگیەکی نیشتیمانی.

٢-لایەنە سیاسیەکان لەئێستاوە هەموو خەمێکیان ئەوەبێت کە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد.

٣-سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنەکانی دەستپێبکاتەوەو تەنانەت پشووی خولی پاییزەش وەرنەگرن، پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هەلبژاردن بخەنە بەرنامەی کارەوەو پەسەندی بکەن، کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان کارا بکەنەوەو بێ یاسایی کۆمسیۆنەکە کۆتایی پێ بهێنن و خەسلەتی پەلە (صفە الاستعجال) بە پرۆژەیاساکان بدەن.

٤-بە هەماهەنگی لەنێوان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەچاودێری پەرلەمان بڕیار لە تۆمارێکی بایۆمەتری بێگەرد بدەن.

٥-لە زووترین کاتدا سەرۆکی هەرێم وادەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان دەستنیشان بکات.

خۆ ئەگەر ئەمانە نەکرێن، بەدڵنیاییەوە بارودۆخێکی نائاسایی رووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، چونکە بەو هەموو تێبینیانەشەوە کە لەسەر پەرلەمانی کوردستان هەیە، هیچ بژاردەیەکی تر لەدەرەوەی پەرلەمان نیە و ئەلتەرناتیڤێکی باشتر و گونجاوتر نە پێشنیازکراوەو نە هەیە. هەر بۆیە ناکرێ بەبیانووی لاوازی پەرلەمانی ئێستاوە ئەم پرۆسە گرنگە پشتگوێ بخرێ و زۆرینەیەکی خۆسەپێن لە حوکم کردن بەردەوام بن.

تێبینی: ئەگەر هەڵبژاردن بەپێی میکانیزمە کۆنەکە بکرێت ئەوا کۆمسیۆن شەش مانگی پێویستە هەروەک لە خشتەکەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاری بکرێت و تۆماری بایۆمەتری بەکاربێت، ئەوکاتە پرۆسەکانی (کڕینی ئامێری ناسینەوەی زیرەک، تەندەرین، گرێبەست، هەمواری یاساو گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی بایۆمەتری، راهێنانی فەرمانبەران و چەندین بابەتی تر) بەلای کەمەوە پێویستە ساڵێک لەبەردەمی کۆمسیۆندا بێت.

**خشتەی خەملێنراو بۆ کارەکانی پەرلەمان لەپێناو ئامادەکاری هەڵبژاردن**

| مێژوو | ماوە | تێبینی |
|---|---|---|
| 2022/12/21 تا 2022/12/31 | (10) رۆژ | خولی گرێدانی پایزەیە، پێویستە پەرلەمان لە کۆبوونەوەکانی بەردەوام بێت، بەلام رایگرتووە. |
| 2023/1/1 تا 2023/2/28 | (2) مانگ | پشوی خولی گرێدانی پایزەیەو هیچ دانیشتنێکی ئاسایی ناکرێت. |
| 2023/3/1 | - | دەستپێکردنی دانیشتنەکانی خولی گرێدانی بەهارەیە. |
| 2023/3/1 تا 2023/4/30 | (2) مانگ | دەبێت لەو ماوەیەدا پەرلەمان سەرجەم ئەو ئامادەکاریانەی لەسەریەتی تەواویان بکات.<br>1-سازانی نێوان لایەنە سیاسیەکان.<br>2-هەمواری یاسای هەڵبژاردن.<br>3-کاراکردنەوەی کۆمسیۆن.<br>4-ئامادەکردنی تۆمارێکی بایۆمەتری بێگەرد. |
| 2023/5/15-2023/5/1 | (15) رۆژ | ماوەی یاسایی واژۆکردنی یاسای هەڵبژاردن لای سەرۆکی هەرێم. |
| 2023/5/15 | (1) رۆژ | دەستنیشانکردنی رۆژی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی هەرێم. |
| 2023/6/1 تا 2023/11/29 | (6) مانگ | ماوەی ئامادەکاریەکانی کۆمسیۆن بۆ هەلبژاردن. |
| 2023/11/30 | (1) رۆژ | رۆژی هەلبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان. |
| 2023/12/1 تا 2023/12/31 | (1) مانگ | جیاکردنەوەی دەنگەکان و راگەیاندنی ئەنجامەکان. |
| 2024/1/1 | (1) رۆژ | یەکەم دانیشتنی دەستپێکی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرێت. |

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٢/١٢/٢٠٢٢**

## پاشکۆی (٢٨)

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت مەترسییەکانی دواخستنی هەڵبژاردن

# دواخستنی هەڵبژاردن ئەزمونی هەرێم رووبەڕووی مەترسیی زیاتر دەکاتەوە

بەپێی یاسا دەبوایە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٢ هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان ئەنجامبدرێت، بەڵام لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٢٢/١٠/٩) پەرلەمان بەپێی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ "تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣" تەمەنی خۆی درێژکردەوە و بۆ ماوەی ساڵێک هەڵبژاردنی دواخست، هەرچەندە بەپێچەوانانەی خولەکانی پێشوو کە تەمەنی خۆیان درێژ دەکردەوە هیچ هۆکارێکی سیاسی و یاسایی نەبوو لەدەرەوەی ویست و دەسەلاتی پەرلەمانی کوردستان. بەلام پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی لە هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکەیدا چەند بیانوێکی هێناوەتەوە، کە بریتی بوون لە:

١-رێگری کردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی.

٢-گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان.

٣-تەواوکردنی رێکسازییە یاسایی و کارگێری و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد.

٤-دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاک و بێگەرد.

٥-رەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی.

بەلام هۆکارە راستەقینەکانی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان هیچ کام لەو بیانوانە نەبوون کە لە یاساکەدا ریزکراون، چونکە ئەو بیانوانەی هێنرابوونەوە دەرەنجام بوون نەک هۆکار، لە راستیدا هۆکارە هەقیقییەکان بریتی بوون لە:

١-خراپی رەوشی جەماوەریی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان و ترسیان لە هەڵبژاردن کە دەنگ و کورسیەکانیان کەم بێتەوە.

٢-ململانێی ناتەندروستی لایەنە سیاسییە باڵادەستەکان و باوەڕ نەبوونیان بە دەستاودەستکردنی دەسەلات.

هەر ئەم هۆکارانەش بوونە مایەی ئەوەی پەرلەمان کەمتەرخەم بێت و بە ئەرکەکانی هەڵنەستێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەبیانوی جیاجیاوە پەکی دانیشتنەکانیشی خستوە.

بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، پێویست بوو هەریەک لە لایەنە پەیوەندارەکان بە ئەرکی یاسایی خۆیان هەڵسن، دەبوایە پەرلەمان بەو ئەرکانەی هەڵسێت کە لە چوار ساڵی تەمەنیدا لەئاستیاندا کەمتەرخەم بووە، لە ماوەی شەش مانگی دوای درێژکردنەوەی تەمەنی خۆیدا تەنها (٥) دانیشتنی ئەنجامداوە، کە هیچ کام لە دانیشتنەکان پەیوەندیان بە بابەتی هەڵبژاردنەوە نەبووە، هیچکام لەو ئەرکانە ئەنجامنەداوە کە پەیوەستن بوون بە هەڵبژاردنەوە، هیچ هەنگاوێکیشی نەناوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی هۆکاری دەرچواندنی ئەو یاسایەی تەمەنی خۆی پێ درێژکردەوە.

هەروەک لە برگەی دووەمی ماددەی (١) ی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنیدا هاتووە، کاری پەلەی پەرلەمان ئەوەبوو: "پێویستە رێکسازییە یاسایی و کارگێریی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد تەواو بکرێت و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت"، بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە:

١-پرۆژەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئامادەبکردایە و خوێندنەوەی بۆ بکردایەو کاری بۆ پەسەندکردنی بکردایە. چونکە بەپێی لێدوانی فەرمی لایەنە سیاسییەکان بێت هیچ کۆسپێک نەماوەو لەسەر شێوازی چەند بازنەیی هەڵبژاردنەکە رێککەوتوون.

٢- یەک لەو ئەرکانەی دەبوایە پەرلەمان ئەنجامی بدات راستکردنەوەی ئەو پێشێلە یاساییە بوو کە لە چوار ساڵی تەمەنیدا کردویەتی ئەویش کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی بوو، کە لە (٢٠١٩/١٢/٢٠)ەوە ماوەی چوار ساڵە بەنایاسایی گوزەر دەکات و تەنها پەرلەمانیش لێی بەرپرسیارە.

٣-هەنگاوی بنایە بۆ ئامادەکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاک و بێگەرد. کە ئەمەشیان پەیوەندی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، چونکە ئەگەر کۆمسیۆن کارا نەکرێتەوە تۆمارێکی دەنگدەرانی بێگەرد نایەتە کایەوە، ئەگەر تۆماری دەنگدەرانێکی پاکیش نەبێت هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت.

ئەوەی جێگەی تێرامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە پەرلەمان نەک هیچکام لەو ئەرکانەی ئەنجامنەدا، بەڵکو هیچ هەنگاوێکیشی نەنا بۆ ئەوەی ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنێ بۆ بەجێگەیاندنیان، زیاتر لەوەش پەرلەمان لەبری ئەوەی مەرجەعی چارەسەریی کێشەکان بێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان بووە بەبەشێک لە هۆکاری ئاڵۆزییەکان.

ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێم ویڕای هەوڵدان بۆ سازان و لێک نزیکبوونەوەی لایەنەکان و ئامادەسازی بۆ هێنانەکایەی کەشێکی لەبار بۆ هەڵبژاردن. ڕاگەیاندنی وادەی هەڵبژاردن بوو بە شێوەیەکی فەرمی، بەپێی بەدواداچوونی ئێمە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە پرسوڕا بە لایەنە سیاسییەکان کراوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، لەسەر ئەم بنچینەیەش وەک بەجێگەیاندنی ئەرکێکی یاسایی ڕۆژی (٢٠٢٣/١١/١٨) دەستنیشانکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند لایەنێکی سیاسی نارەزاییان دەربڕیوە لەسەر وادەکەو ڕاپانگەیاندووە کە پرسیان پێنەکراوە.

ئەرکی لایەنە سیاسییەکانە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن بکەن، نەک کەمتەرخەمی بنوێنن یا لەمپەر دروستبکەن. کە بەگشتی بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون:

یەکەم: ئەو لایەنانەی لە دەسەڵاتن، کە خۆیان لە (پارتی و یەکێتی و گۆڕان)دا دەبیننەوە، هەرسێ لایەن بەیەکەوە و بە هاوکاری پێکهاتەکان هەڵبژاردنیان دواخست و تەمەنی پەرلەمانیان درێژکردەوە، هەرسێ لایەن کەمتەرخەمن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، پارتی کە لە ڕاگەیەنراوەکانیدا داوای هەڵبژاردن دەکات، زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستەوەیە بەڵام چوار ساڵە کورسییە بەتاڵەکانی کۆمسیۆنی پڕنەکردۆتەوە، یەکێتی و گۆڕان داوای هەڵبژاردنێکی پاک بێگەرد و یاسایی دەکەن، بەڵام چوار ساڵە هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ هێنانەکایەی تۆمارێکی بێگەرد و هیچ زەمینەسازییەکیان بۆی نەکردوە. لەکاتێکدا هەم سەرۆکی پەرلەمان لەسەر پشکی یەکێتیەو هەم ئەگەر کۆمسیۆن کارا بکرابوایە کۆمسیارەکانی ئەم دوو لایەنە زیاتر بوون لە لایەنەکانی تر، ئەمە جگە لەوەی سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردن بەدەستی بزوتنەوەی گۆڕانەوەیە. دەبوایە ئەو لایەنانە ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن: ئەگەر کۆمسیۆن کارا نەبێت چۆن ئەو تۆمارە دێتەکایەوە کە خوازیارن؟ کێ ئەو هەڵبژاردنە پاکە ئەنجام بدات کە داوای دەکەن؟

دووەم: ئەو لایەنانەی وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان نمایش کردووە و لەبەرامبەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەماندا هەڵوێستیان وەرگرت، ئەوانیش بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون:

١-ئەوانەی دەستیان لە ئەندامێتی پەرلەمان کێشایەوە، وەک (فراکسیۆنی یەکگرتوو و دوو ئەندامی بزوتنەوەی گۆڕان).

٢-ئەوانەی بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکانیان کردووە (فراکسیۆنەکانی کۆمەڵ و نەوەی نوێ، چەند ئەندامێکی گۆڕان و سەربەخۆکان).

بەڵام ئەم دوو بەرەیەی ئۆپۆزسیۆنیش کەمتەرخەمن بەبێ جیاوازی، چونکە هیچ هەوڵ و یادداشت و خۆپیشاندان و فشارێکی جددیان نەبینرا کە داوای هەڵبژاردن بکەن.

کەواتە بەپێی ئەو ڕەوشەی دەگوزەرێت، ئەگەر لە ڕۆژژمێری کارەکانی پەرلەمان ورد بینەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، خەمساردی پەرلەمان و نەبوونی هیچ ئامادەکاریی و ڕێکارێک، تا ئێستا شەش مانگ بەسەر درێژکردنەوەی تەمەنیدا تێپەڕیوەو هیچ کام لە کێشە دەستنیشانکراوەکانی چارەسەر نەکردبێت، نە بوونی هەڵوێستی جددی لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەنجامدامی هەڵبژاردنێکی یاسایی دروست لە وادەی دیاریکراودا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەم شێوازەی ئێستای پەرلەمان ناتوانێت ئامادەسازییەکان بکات، ئەگەر وا بڕوات دیسانەوە لەوادەی دەستنیشانکراوی دواخراودا هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت و جارێکی تریش تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە، بوە درێژکردنەوەیەش هەم ژیان و گوزەرانی خەڵک خراپتر دەبێت و هەم ئەزموونی هەرێمیش دەکەوێتە بەر مەترسیی زیاترەوە.

بۆیە ئەگەر هەڵبژاردن لەوادەی دیاریکراودا ئەنجامنەدرێت و پەرلەمان بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەستێت، لێپرسراو دەبێت لەو قەیرانانەی ڕووبەرووی هەرێم دەبنەوە:

١-هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە.

٢-حوکمرانیی هەرێم متمانەی خۆی بەتەواوی لەسەر ئاستی نێودەولەتی لەدەستدەدات و ئەزمونەکەی لەلایەن دۆست و هاوپەیمانەکانیەوە لەکەدارتر دەبێت.

٣-پەرلەمان بە یاسا تەمەنی خۆی درێژکردۆتەوەو بیانووی درێژکردنەوەکەشی تەنها بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو، کە لەو ماوەیەدا ئامادەکارییەکان نەکرابێت و هەڵبژاردن ئەنجامنەدرێت، ئەمەش دەری دەخات لە بنچینەدا مەبەست لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ئەنجامدان و ئامادەکاریی هەڵبژاردن نەبووە.

٤-کۆمەڵگەی نێودەولەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان جەخت لە سەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەنەوە، بە دواخستن و ئەنجامنەدانی سۆز و پاڵپشتی دۆست و هاوپەیمانەکان کەم دەبێتەوەو تێروانینێکی نێگەتیڤانەتر لەسەر هەرێم دروست دەبێت. بەمەش هەرێمی کوردستان وردەوردە پاڵپشتی دۆستەکانی لەدەست دەدات.

٥- بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەردەچێت، چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێ تا ئێستا دادگاکە موراعاتی هەرێمی کردووە کە بڕیارەکەی دژی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەرنەکردووە. بەدەرچوونی بڕیارەکەش ئەوەندەی تر هاوکێشەکان ئاڵۆزتر دەبن و بە زیانی هەرێم دەشکێنەوە.

٦-لە ئەگەری دواخستنێکی تری هەڵبژاردندا هەرێم کێشەی بودجەو موچەی فەرمانبەرانی بۆ دروست دەبێ، چونکە عیراق لەسەر بنەمای یاسایی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەرێم دەکات، کاتێکیش هەرێم بکەوێتە بۆشایی یاساییەوە گرفت دروستدەبێت.

بۆ ئەوەی هیچیتر تەمەنی پەرلەمان درێژ نەکرێتەوە و لەوە زیاتر ئەزمونی هەرێم لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەولەتی و دۆستەکانی لەکەدارتر نەبێت، پێویستە:

١-لایەنە سیاسییەکان هەموو خەمێکیان ئەوەبێت کە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد.

٢-سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنەکانی دەستپێبکاتەوە، لە زووترین کاتدا کۆمسیۆن کارا بکاتەوەو هەمواری یاسای هەڵبژاردن پەسەند بکات.

٣- بەچاودێری پەرلەمان و هەماهەنگی نێوان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیار لە تۆمارێکی باوەڕپێکراوتری بێگەرد بدرێت و کاری لەسەر بکەن.

خۆ ئەگەر ئەمانە نەکرێن، سەرباری ئەو هەموو قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییانەی بەرۆکی هەرێمیان گرتووە، بەدڵنیاییەوە بارودۆخێکی نائاسایی تر ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، لایەنە بەرپرسەکان ئۆباڵی ئەو لێپرسراوییەتییە مێژووییەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بە پلەی یەکەمیش لەرووی یاساییەوە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانەوە، بەتایبەت لە ئێستادا کە وێڕای نیگەرانیی هاوپەیمانەکانی، لەلایەن نەیارانی هەرێمەوە جولەیەک لە ئارادایە بۆ بچوککردنەوەو لەقالبدانی حوکمرانییەکەی، ئەگەر وابڕوات رۆڵی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان کەمتر نابێت لە نەیارەکانی. دەبێ ئەو راستییەش بزانرێت بەو هەموو تێبینیانەوە کە لەسەر پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنەوە هەیە، تا ئێستاش لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە هیچ بژاردەیەکی تر لەدەرەوەی پەرلەمان وەک ئەلتەرناتیڤێکی باشتر و گونجاوتر پێشنیازنەکراوە و نییە. هەر بۆیە بەدیلی هەڵبژاردن تەنها هەڵبژاردنە، ناکرێ بەبیانووی لاوازی پەرلەمانی ئێستاوە ئەم پرۆسە گرنگە پشتگوێ بخرێ و زۆرینەیەکی خۆسەپێن لە حوکم کردن بەردەوام بن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**٢٠٢٣/٤/١٥**

## پاشکۆی (٢٩)

## پەیامی ئینستتیوتی پەی لە (٣١)ەمین ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا

## پەرلەمانی کوردستان، دامەزراوەیەکی بە بارمتەگیراو

لە (٣١)ەمین ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە بارودۆخێکی ناهەمواردا، پەشێوی و گرژی پەرلەمانی گرتەوە، لەدەرەوەی پەیڕەو و یاساکاندا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا. جێگەی داخە ئەم دامەزراوە گرنگە لەلایەن هێزە باڵادەستەکانەوە بەجۆرێک بەبارمتە گیراوە، لەبری ئەوەی ڕۆڵ بگێڕێت لە چارەسەریی پرسە نیشتیمانیەکان و بەدامەزراوەیی کردنی هەرێمدا، کەچی لایەنێک بۆ وەدەستخستنی دەسکەوتە بچوکە حزبیەکانی بەکاری دەهێنێت و ئەوەی تریشیان هەرکات بیەوێت بەئارەزووی خۆی پەکی دەخات. دوای (٣١) ساڵ ئەزموون، دەبوایە ئێستا ئەم پەرلەمانە لەهەرەتی بەهێزی و گەشەسەندنیدا بوایە نەک بەم شێوازە ئەتک و بێبایەخ بکرێت.

بەپێی یاسا دەبوایە لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٢ هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی ئەنجامبدرێت، کەچی لە دانیشتنی رۆژی (٩/١٠/٢٠٢٢) پەرلەمان بە یاسایەک "تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣" تەمەنی خۆی درێژکردەوە و هەڵبژاردنی دواخست، بۆ درێژکردنەوەکە چەند بیانوێکی هێناوەتەوە، وەک: ڕێگری کردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی، دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاک و بێگەرد ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی.

بەڵام لەراستیدا هۆکارە راستەقینەکانی درێژکردنەوەکە لەوکاتەدا هیچ کام لەو بیانوانە نەبوون کە لە یاساکەدا ریزکرابوون، چونکە ئەو بیانوانەی هێنرابوونەوە دەرەنجام بوون نەک هۆکار، هۆکارە هەقیقییەکان بریتی بوون لە: خراپی ڕەوشی جەماوەریی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان و ترسیان لە هەڵبژاردن کە دەنگ و کورسیەکانیان کەم بێتەوە، هەروەها ململانێی ناتەندروستیان و باوەڕ نەبوونیان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات. هەر ئەم هۆکارانەش بوونە مایەی ئەوەی پەرلەمان کەمتەرخەم بێت و بە ئەرکەکانی هەڵنەستێت.

ئەوەبوو بینیمان دوای حەوت مانگ و نیو لە درێژکردنەوەی تەمەنی، پەرلەمان هیچ کام لەو ئەرکانەی جێبەجێنەکرد، نە ڕێگری کرد لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی، نە گەرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی پێکرا، نە ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی تەواو کرد، نە تۆمارێکی بایۆمەتری پاک و بێگەردی دەستەبەر کردو نە هیچ ژینگەیەکی سیاسی لەباری ڕەخساند بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی. بەپێچەوانەوە نەک هەر ئەوانەی نەکرد بەڵکو دەستەی سەرۆکایەتی ماوەیەکی زۆر دانیشتنە ئاساییەکانیشیان پەکخست.

لە گوتاری سیاسی هیچ کام لە لایەنەکاندا ئەوە نابینرێت کە دژ بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کردارییاندا هیچ هەنگاوێک نەبینراوە کە جددی بن لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە. بۆیە ئەوانەی بەرپرسیاری سەرەکیی هاتنەکایەی ئەم رەوشەن، پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم لایەنە سیاسیەکانن، هەریەکەو بەپێی قورسایی خۆیان ئۆباڵە مێژووییەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. چونکە ئەوەی لە چەند مانگی رابردوو و بەتایبەت رەوشی دانیشتنەکەی ئەمرۆ رویانداوە، لە بەڕێوەچوونی کۆمیدیایەکی سیاسی بترازێ هیچی تر نەبوو! کە هەردوو لایەنی سەرەکیی پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسیارن! ئەگەر وانیە:

١-بۆچی بەر لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە سازان چارەسەری گرفت و ناکۆکییەکانیان نەکرد؟ تا ماوەی درێژکراوە تەنها بۆ کارە تەکنیکییەکانی کۆمسیۆن بوایە بەمەبەستی هەڵبژاردن.

٢-بۆچی پەرلەمان لە چوارساڵی رابردوودا هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ کاراکردنەوەی کۆمسیۆن؟ هێچنا راستەوخۆ دوای درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی بەرلە حەوت مانگ کۆمسیۆنی کارا نەکردەوە؟ چونکە نەنگییەکی گەورەیە بۆ پەرلەمان و لایەنە سەرەکیەکانی نوێنەریان لەو کۆمسیۆنەدا هەیە کە ماوەی چوار ساڵە بەنایاسایی بەڕێوەی دەبەن!

٣-بۆچی لە چوار ساڵی رابردوودا نە پەرلەمان و نە هیچکام لە لایەنەکان بەبێ جیاوازی، هیچ هەنگاوێکیان نەنا بەمەبەستی دروستکردنی تۆمارێکی بایۆمەتریی پاک و بێگەرد؟ کەچی لەکاتی بەسەرچوودا باسی لێوە دەکەن؟

٤-بۆچی پەرلەمان ئەو ماوە زۆرەی لەبەردەم بوو کاری نەکرد لەسەر سازانی لایەنەکان بۆ هەمواری یاسای هەڵبژاردن تا بەم شێوەیە بە چارەسەرنەکراوی نەمێنێتەوە؟

٥-ئەگەر دوو لایەنە سەرەکییەکە مەبەستیان ئەنجامدانی هەڵبژاردن بووا بۆچی ئەو هەموو کاتەیان لەبەردەست بوو بەفیرۆیانداو رێکارەکانیان دەستنیشان نەکرد و هەنگاویان بۆ نەنا؟ تا وەکو ئێستا ئیحراجی بەردەم دادگای فیدراڵی نەبن لەسەر یاسایی بوون و نەبوونی هەنگاوی درێژکردنەوەکەی تەمەنی پەرلەمان؟

جگە لەمانە، ئەو دانیشتنەی ئەمرۆ (٢٢/٥/٢٠٢٣) بەڕێوە چوو، بەبێ ئەوەی ئەزموون لە هەڵەو ترازانەکانی رابردوو وەربگرن، بەشێوازێکی کۆمیدیانە مێژوویان دووبارە کردەوە، چونکە ئەوەندەی دەست شکاندنەوەی نێوان هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی تیادا بوو، مەبەست و نیەتی چارەسەریی لێ بەدی نەدەکرا. هەر لە دانانی بەرنامەی کار و زیادکردنی بڕگەیەک بەبێ رەزامەندی سەرۆک، تا دەگاتە شێوازی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە کە ئاژاوەو پەشێوی باڵی بەسەردا کێشابوو، لەلایەکی تریشەوە لە کەشێکی گوماناویدا، دوای دواخستن و هەڵگرتنی دانیشتنەکە لەلایەن سەرۆکەوە، بەمەبەستی تێپەڕاندنی بابەتەکە لەلایەن جێگری سەرۆکەوە لەبارێکی نائارامی دەرەوەی پەیڕەودا، درێژە بە دانیشتنەکە دەدرێت و رایدەگەیەنێ گوایە بە دەنگی (٥٨) ئەندام کۆمسیۆنیان کارا کردۆتەوە، لەکاتێکدا ئەو ژمارەیەی رایگەیاند لەگەڵ راستیدا وێک نایەتەوە، چونکە ئەوەندە ئەندامە لەنێو هۆڵدا لەگەڵ بابەتەکە نەبوون!

ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت دەرەنجامی خەمساردی و بێباکیی یەکێتی و غروریی پارتیە کە لەپێناو وەدەستخستنی چەند ئیمتیازێکی بچوکی حزبیانەوە هەرێمیان بەم سەرەنجامە گەیاندوە، ئەم دوو هێزە دەبێت لەو راستیە تێبگەن کە: ئەگەر لە زووترین دەرفەتدا بەخۆدا نەچنەوە و سازان لەسەر کۆی پرسەکان نەکەن، هەڵبژاردن لەوادەی دیاریکراودا ئەنجامنەدرێت و پەرلەمان بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەستێت، لێپرسراویەتی ئەو قەیرانانەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە رووبەرووی هەرێم دەبنەوە و زۆر دەسکەوتی گەورەتر لەدەست دەدەن، چونکە:

یەکەم: هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە.

دووەم: حوکمرانیی هەرێم متمانەی خۆی بەتەواوی لەسەر ئاستی نێودەولەتی لەدەستدەدات.

سێیەم: ئەزمونی هەرێم لەلایەن دۆست و هاوپەیمانەکانیەوە لەکەدارتر دەبێت.

چوارەم: سۆز و پالپشتی دۆست و هاوپەیمانەکان کەم دەبێتەوەو تێڕوانینێکی نێگەتیڤانەتر لەسەر هەرێم دروست دەبێت. بەمەش هەرێمی کوردستان وردەوردە پاڵپشتی دۆستەکانی لەدەست دەدات.

پێنجەم: بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەردەچێت، ئەو موراعات کردنەی کراوە لە درێژکردنەوەو دواخستنی بڕیارەکە کۆتایی دێت.

شەشەم: لە ئەگەری دواخستنێکی تری هەڵبژاردندا هەرێم کێشەی بودجەو موچەی فەرمانبەرانی بۆ دروست دەبێ، چونکە عیراق لەسەر بنەمای یاسایی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەرێم دەکات، کاتێکیش هەرێم بکەوێتە بۆشایی یاساییەوە گرفت دروستدەبێت.

بۆ ئەوەی هیچیتر تەمەنی پەرلەمان درێژ نەکرێتەوە و لەوە زیاتر ئەزمونی هەرێم لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستەکانی لەکەدارتر نەبێت، پێویستە:

١-بۆ ئەوەی لێکترازانی زیاتر دروستنەبێت، ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەرییە کە بڕیاری کاراکردنەوەی کۆمسیۆن بەم شێوازەی ئێستا رایی نەکەن.

٢-پارتی و یەکێتی بەتایبەت و لایەنەکانی تر بەگشتی، لەزووترین کاتدا کۆبوونەوەیەکی لوتکە بکەن و پێداچوونەوە بەکۆی پرسە ناکۆکەکاندا بکەن و سازانی لەسەر بکەن.

٣-پەرلەمانی کوردستان لە زووترین کاتدا کۆبێتەوە، بەشێوەیەکی یاسایی کۆمسیۆن کارا بکاتەوە، یا بڕیارێک دەربکات بەوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بسپێرێت بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق.

٤-هەنگاوی دووەمی پەرلەمان ئەوەیە هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان بکات.

٥-بەپێی یاساو ستاندارتی نێودەولەتی، هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی پێکهاتەکاندا بکرێت و لە کێشمەکێشمی بەکارهێنان و ئیستیغلالکردن دوور بخرێنەوە.

٦-کۆی لایەنەکان و دامەزراوە فەرمییەکان ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بکەن.

٧-تۆماری بایۆمەتری عیراق بەکاربهێنرێت و نوێ بکرێتەوەو هەڵبژاردنی پێ ئەنجام بدرێت.

ئەگەر ئەمانە نەکرێن، سەرباری ئەو هەموو قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییانەی هەن، بەدڵنیاییەوە باروودۆخێکی نائاسایی تر رووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، لایەنە بەرپرسەکان ئۆباڵی ئەو لێپرسراوییەتییە مێژووییەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بە پلەی یەکەمیش لەرووی یاساییەوە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانەوە، بەتایبەت لە ئێستادا کە وێرای نیگەرانیی هاوپەیمانەکانی، لەلایەن نەیارانی هەرێمەوە جولەیەک لە ئارادایە بۆ بچووککردنەوەو لەقالبدانی حوکمرانییەکەی، ئەگەر وابڕوات رۆڵی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان کەمتر نابێت لە نەیارەکانی. بەمەش ئۆباڵی شکستەکان و لێپرسراویەتیی مێژوویان دەکەوێتە ئەستۆ.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٣/٥/١٩**

**پاشکۆی (٣٠)**

**نامەی ئینستیتوتی پەی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

**دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بەنادەستوری بوونی پەرلەمان بەتەمای چین؟**

**تکایە یاسای چاکسازی کە خۆتان دەرتان کردووە لەسەر خۆتانی جێبەجێ بکەن**

**بەڕێز/ سەرۆکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز/ جێگری سەرۆکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز/ سکرتێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێزان/ ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

پاش سڵاو و ڕێز...

دەرچوونی بڕیاری دادگەی فیدراڵی سەبارەت بە نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەک جێگەی نیگەرانی و لەلایەکی تر مایەی دڵخۆشیە، جێگەی نیگەرانیە بەوەی نەدەبوو دوای سی و یەک ساڵ ئەزموون و حوکمرانی، بەم شێوازەی ئێستا دامەزراوە یاساییەکانی هەرێم، بەتایبەت بەرزترین دامەزراوەی وەک پەرلەمان بکەوێتە بەر تانەو تەشەری بەغداو بە نادەستوری دابنرێت، ناوبانگی هەرێم و حوکمرانیەکەی لەبەر چاوی هاوڵاتیانی خۆی و دۆست و هاوپەیمانەکانی لەکەدار بکرێت، هۆکاری سەرەکی بڕیارەکەش خودی پەرلەمانە کە بووە مایەی ئەوەی ساڵێکی تەمەنی بە نادەستوری هەژماربکرێت و هەرێمیش بخاتە بۆشایی یاساییەوە.

لەلایەکی ترەوە مایەی دڵخۆشی و پێشوازی لێکردنە، چونکە بڕیارەکە دەرەنجامی خەمساردی لایەنە سیاسییەکان (بەتایبەت پارتی و یەکێتی)ە، چونکە نە پەرلەمان و نە ئەو دوو هێزە گوێیان لە هاوار و تکای خەلکانی دڵسۆز و یاساناس نەگرت، هەر بۆیەش لە بەغداوە وەستێنران! ئەگەر گوێیان بگرتایە، هەڵوەستەیەکیان لەسەر هۆشدارییەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسڵخانەکان بکردایە، ئەگەر گوێیان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بگرتایە لە بری تاوانبارکردنیان! ئەگەر بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمیان لەبەرچاو بگرتایەو تۆزێک ڕاستگۆبوونایە لەگەڵ ئەو دروشمانەی بەناوی دیموکراسیەوە بانگەشەیان بۆ دەکرد! چی پێویستی دەکرد بەغدا بێت و مێزی یارییەکی ساڵێ قلب بکاتەوە بەسەر پەرلەماندا؟ ئەگەر پەرلەمان بەپێی یاسا و پەیرەو کاری بکردایەو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکردایە، ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٩ ەوە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کارا بکردایەتەوە، چۆن دادگەی فیدراڵی دەیتوانی بڕیارێکی لەم شێوەیەی لەسەر دەربکات و بە ناچاری بیوەستێنێ! وێڕای ئەوەی

پارتی و یەکێتی و گۆڕان و هاوپەیمانەکانیان لە شەو و ڕۆژێکدا بەیەکەوە تەمەنی پەرلەمانیان درێژکردەوە، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو نزیککەوتنەوەشیان لەیەکتری، نەیانتوانی لەماوەی ساڵێکدا لەسەر هەڵبژاردن ڕێکبکەون، چونکە ئەگەر لەسەر هەڵبژاردن ڕێک بکەوتنایەو بە بیانوی جیاجیای بێ بنەما پەکی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان نەخستایە؟ سەرەنجامیان بەم ڕۆژە نەدەگەیشت؟ هەموو ئەمانە هۆکاری دەرچوونی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی و بەنادەستوری ناساندنی پەرلەمان و دروستبوونی بۆشایی یاسایین لە هەرێمی کوردستان و بەرپرسیاری یەکەمیش پارتی و یەکێتی و خودی پەرلەمانی کوردستانن.

ئەگەر بەهۆی ئەو بڕیارەوە هەستی تاکێکی کورد بریندار بوبێت، دەبێ لەو ڕاستیە تێبگەین کە بڕیارەکەی دادگە پەرلەمانی هەڵنەوەشاندۆتەوە وەک هەندێک کەس و لایەن بۆ جولاندنی هەست و سۆزی خەڵکی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو دادگا هەڵەیەکی ڕاستکردۆتەوەو یاسایەکی پەرلەمانی هەڵوەشاندۆتەوە کە بەنادەستوری تەمەنی خۆی پێ درێژکردبوویەوە. واتە بڕیارەکە نەک پەرلەمانی بچوک نەکردۆتەوەو لە هەیبەتی نەداوە، بە پێچەوانەوە گەورەیی پەرلەمانی دەرخستوەو و سەنگ و ئیعتیباری بۆ گێڕاوەتەوە. بۆیە نەک جێگەی داخ نیە بەڵکو خەڵکی کوردستان دەبێت سوپاسگوزار بن کە بەو بڕیارە چونکە مافێکی زەوتکراویا بۆ گێڕدرایەوە و بەپێی یاساو پەیرەو چوار ساڵ جارێک مافی دەنگدانیان هەیە. کەواتە خودی پەرلەمان و بڕیارە نایاساییەکانی خۆیەتی بوونەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی نەک بڕیاری دادگا.

پوختەی بڕیارەکە ئەوەیە لە (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی بەنادەستوری داناوە، هەموو ئەو کارانەی پوچەڵ کردۆتەوە کە پەرلەمان لەو ڕێکەوتە بەدواوە کردوونی، وەک: درێژکردنەوەی تەمەن، سوێندخواردنی ئەندامانی تازە، دەرکردنی یاساو بڕیار، ئیمتیازی پەرلەمانتاران، هەر هەموویان دەبێ هەڵوەشێنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانە، پێنج ڕۆژ بەسەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە، کەچی تا ئێستا پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی لە بەرامبەر ئەو بڕیارە چارەنوسسازە دەرنەبڕیوە کە لە دژی دەرچووەو کۆتایی بەتەمەنی خولەکەی هێناوە! نە قبوڵی کردووەو نە ڕەتی کردۆتەوە! سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان کەوتوونەتە سوڕی متبوون و بێدەنگیەوە کە شەرمێکی سیاسیی گەورەیە، ئەگەر دادگا غەدری لێکردوون دەبێ ڕەتی بکەنەوە، ئەگەر غەدریش نیە دەبێ بەفەرمی پێشوازی لێبکەن و ڕێکارەکان دەست پێبکەن.

تاکە ڕێگە لەبەردەمی پەرلەماندا جێبەجێکردنی بڕیارەکەو دەست پێکردنی هەنگاو و ڕێکارەکانە، ئەرکی سەر شانیانە بۆ ڕاستکردنەوەی خەمساردی و پێشێلکاری و ئەو هەڵانەی کردیان، تا ڕەوشەکە لەوە ئاڵۆزتر نەکەن، بۆ ئەوەی تەنگژەو قەیرانی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان نەخولقێنن و هەرێم ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر نەکەنەوە. کێشەی زیاتر بۆ موچەو بودجەی خەڵکی کوردستان دروست نەکەن، لێرەوە بوەستن و بەردەوام نەبن لەسەر ئەو پێشێلکاری و کارە ناپەیڕەویانەی کردوویانە، دواجار هەوڵی هێنانەوە سەر ڕێچکەی ئاسایی و یاسایی دامەزراوەکانی هەرێم بدەن، پەیوەست بن بە بڕیارەکەی دادگە و یاساکانی خۆیانەوەو ئەم هەنگاوانە بنێن:

١-پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە تەمەنی یاسایی بەسەر چووە، دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامەکانی لەو ڕێککەوتەوە هیچ سیفەتێکی پەرلەمانییان نەماوە. ئەوەی لە پەرلەماندا سیفەتی یاسایی هەبێت و کارە کارگێڕییەکانی ناو دامەزراوەکە ڕایی بکات تەنها سەرۆکی دیوانە.

٢- لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرجەم ئەندامان سەردانی پەرلەمان بکەن، دوای دەستلەکار ترازانیان وەک ئەندامی پەرلەمان، ئەوانەی خوازیارن خانەنشین بکرێن لەلایەن سەرۆکی دیوانەوە نوسراویان بۆ بکرێت بۆ وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرێتی خانەنشینی بۆ ڕایی کردنی مامەڵەکانیان، ئەوانەشی نایانەوێت خانەنشین بن نوسراویان بۆ بکرێت بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ سەر کاری پێشوویان.

٣-لە ئەگەرێکدا پەرلەمان ئەو نوسراوەی نەکرد، پێویستە لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو پەرلەمانتارانەی پەرۆشی چاکسازی و سەروەریی یاسان، خۆیان بەتاک دوای مامەلەکانیان بکەون و بەپێی یاسا ئەنجامی بدەن.

٤-لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامان پێویستە پەیوەست بن بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای (چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان) کە ئەم خولەی پەرلەمان خۆیان دەریانکردووە، یاساکە لەسەر خۆیان جێبەجێ بکەن و پێشێلی نەکەن، لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە لە وەرگرتنی موچەو ئیمتیازاتەکانیان پەیوەست بن بەیاساکەوە، لەو ڕێککەوتەوە بە خانەنشین هەژمار بکرێن و جیاوازی موچەکانیان بگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی، چونکە بەپێی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی ماوەی شەش مانگ موچەی زیادەیان وەرگرتووە. سەبارەت بەوانەش کە لە چەند مانگی ڕابردوودا خانەنشین کراون، ئەوانیش خۆیان بەدوای مامەڵەکانیانەوە بن بەپێی یاسای چاکسازی.

٥-ئەوانەی لەدوای ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە بۆ جێگرتنەوەی پەرلەمانتارە دەستلەکارکێشاوەکان لەماوەی نادەستورییبوونی پەرلەماندا سوێندیان خواردووە، بەپەرلەمانتار هەژمار ناکرێن و هیچ ئیمتیازێکی پەرلەمانتاریش نایانگرێتەوە، بۆیە بەزووترین کات نوسراویان بۆ بکرێت بە مەبەستی گەڕانەوەیان بۆ سەر کاری پێشویان.

٦-بەپێی یاسا کاتێک پەرلەمانتاران خانەنشین دەکرێن موچەی شەش مانگیان وەک ئیکرامیە پێدەدرێت کە بڕی (٥٢.٠٠٠.٠٠٠) پەنجاو دوو ملیۆن دینارە، بۆ ئەوەی بار قورسی لەسەر ئەندامان دروست نەبێت، پێشنیار دەکەین ئەو بڕە پارەی بەزیادەوە لە موچە وەریانگرتووە لەو ئیکرامیەیە لێیان بگێڕدرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر و (٨) ئەندامی تر بەهۆی ئەوەی لە خولەکانی پێشوو پەرلەمانتار بوونە، ئیکرامیەیان وەرگرتووەو بەپێی یاسا لەم خولەدا ناتوانرێت دووبارە بۆیان خەرج بکرێتەوە.

٧-لە نزیکترین ماوەدا ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمان خانو و شوقەکانی پەرلەمان ڕادەست بکەنەوە تا لە ئێستاوە بۆ ئەندامانی خولی شەشەم نۆژەن بکرێتەوەو ئامادە بکرێت.

٨- ئەركی هەریەک لە دامەزراوە فەرمیەکانی: (دیوانی چاودێری دارایی)، (دەستەی دەستپاکی) و (داواکاری گشتی)یە کە چاودێری و بەدواداچوون بۆ پرۆسەکە بکەن، بۆ ئەوەی هەم یاسای چاکسازی پەرلەمان و هەم بریاری دادگای فیدرالی سەبارەت بە ئیمتیازی پەرلەمانتاران جێبەجێبکرێت.

داواکارین دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بەوانەشەوە کە پەرلەمانیان بەجێهێشتبوو و بایکۆتیان کردبوو، یا ئەو بەڕێزانەی نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەشکردبوو و دەنگیان لەسەر نەدرابوو، لە زووترین کاتدا ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر، بەپێچەوانەوە ئێمە وەک ئینستتیوتی پەی چاودێری هەنگاوەکانیان دەکەین، وێرای دەستخۆشی لەوانەی هەنگاوەکە جێبەجێ دەکەن، ناوی ئەو ئەندامانەش بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکەین کە پەیوەست نەبن بەو یاسایەی خۆیان دەریان کردووە.

هەر بۆ بەرچاو روونی بەڕێزیشتان، لە لیستێکی هاوپێچدا بڕی ئەو بودجەیە دەخەینە روو کە بەپێی بڕیاری دادگەی فیدراڵی و یاسای چاکسازی کە پێویستە بۆ خەزێنەی گشتی بگێڕدرێتەوە.

لەگەڵ رێزدا

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**
**٢٠٢٣/٦/٢**

وێنەیەک بۆ:

-بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرچاو رونیتان تکایە.

-بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرچاو رونیتان تکایە.

-بەڕێز دادگای فیدراڵی عیراق، بۆ زانیاریتان تکایە.

-بەڕێز نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق، هەر بۆ زانیاریتان تکایە.

-بەڕێز دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدواداچوون تکایە.

-بەڕێز دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدواداچوون تکایە.

-بەڕێز سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدواداچوون تکایە.

-بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زانیاریتان تکایە.

-بەڕێزان لایەنە سیاسیەکانی خاوەن ئەندام لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرچاو روونیتان تکایە.

**پاشکۆی (٣١)**

**یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە وەرگرتنی موچەی نایاسایی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

## سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان بە نایاسایی موچە و مینحە و نەسریە وەردەگرن

دوابەدوای بڕیارەکەی دادگەی فیدرالی سەبارەت بە نادەستوریبوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، ئینستتیوتی پەی لە ٢-٦-٢٠٢٣ یادداشتێکی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم فراکسیۆنەکان کرد و وێنەیەکیشی بۆ هەریەک لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و دەستەی دەسپاکی و داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری دارایی و نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمدا ناردبوو، کە ناوەڕۆکی یادداشتەکە بریتی بوو لە چۆنیەتی پابەند بوون بە بڕیارەکەی دادگەو یاسای چاکسازی و هەنگاوە پێویستەکان کە دەبوو بنرێن.

لە ئێستاشدا بەپێی بەدواداچوونمان، ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا بووە کە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە (چمنیا) بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیوەستبوونی خۆیان بە بڕیارەکەوە دەربڕیوە سەبارەت بە نادەستوریبوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان. بە نمونە:

-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەر دوای دەرچوونی بڕیارەکە، لەلایەن ڕاوێژکارەکانییەوە لێدوان درا کە ئەم خولەی پەرلەمان لەرووی یاساییەوە کۆتایی هاتووە، هەروەها شاندێکی تایبەتی سەرۆکایەتی هەرێم لە (٨-٦-٢٠٢٣) سەردانی دادگای فیدرالی و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقی کرد بەمەبەستی تێگەیشتن لە چۆنیەتی بڕیارەکە و تەفسیر کردنی و ڕێکارەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن. دوابەدوای ئەمەش شاندێکی دادگەی فیدرالی و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق بە ئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەمان مەبەست سەردانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان کرد. ئەمەش وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراقەوە وەک هەولێک بۆ تێگەیشتنی بڕیارەکەی دادگا و جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستان.

- ئەنجومەنی وەزیران بەپێی یاسا و پەیرەو بۆی هەبوو پرۆژە یاسا بنێرێتە پەرلەمان، پرسیار وەلام بداتەوە و وەزیر بنێرێتە لیژنەکان، بەڵام لەراستیدا هەموو ئەم پرۆسانەی ڕاگرتووە، نەک هەر ئەمە بەڵکو بەپێی ڕێککەوتنی حزبەکان بڕیاربوو هەندێک ئالوگۆڕ لە وەزیرەکاندا بکرێت، کە ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر کرابوو و بە فەرمی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرابووە بەر باس، بەڵام ئەمەشیان ڕاگیرا، چونکە پێیان وایە ئەم خولەی پەرلەمان لە رووی یاساییەوە بوونی نەماوە. کەواتە حکومەتیش ناراستەوخۆ دانی بە بڕیارەکەی دادگەی فیدرالیدا ناوە، هەر بۆیەش بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەل پەرلەماندا دەکات.

- پەرلەمانی کوردستان (٢٨) ڕۆژە هیچکام لەو ئەرکانەی بەپێی یاساو پەیرەو بۆی دیاریکراون ئەنجامی نەداون، دانیشتنەکان کۆتاییان هاتووە، کۆبوونەوەی لیژنەکان وەستاون، هیچ بەدواداچوونێکی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەکردووە، هیچ پرسیار و لێپرسینەوەیەک نەکراوە، هیچ شاندێک ڕووی لە پەرلەمان نەکردووە و هیچ شاندێکی پەرلەمانیش سەردانی هیچ شوێنێکی کردووە، هیچ نوسراوێکیش لە پەرلەمانەوە بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری هاوڵاتیان نەکراوە. لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا ماڵپەڕە فەرمیەکەشی ماوەی مانگێکە بێ هەواڵ و چالاکییە. کەواتە خودی پەرلەمانیش ناڕاستەوخۆ دانی بە بڕیارەکەدا ناوە.

لەو پێناوەدا ئینستیتوتی پەی، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی یادداشتی یەکەممان کە لە (٢-٦-٢٠٢٣) ئاراستەمان کردبوو بچێتە جێبەجێکردنەوە، هەروەها ڕونتر لە هەلویستی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بگەین، لە (٢٠-٦-٢٠٢٣) وەک قۆناغی دووەم نوسراوێکی تایبەتمان بە ناوەڕۆکی جیاواز، بەپێی ئەرک و دەسەلاتی هەریەکێکیان بۆ: ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و سەرجەم فراکسیۆنەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دارایی، دەستەی دەسپاکی و داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری دارایی و نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان ناردووە، بۆئەوەی بە هەموو لایەک بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەم بارودۆخە ئابوورییە سەختەدا، پێویستە خاڵێک دابنرێت بۆ ڕێگریکردن لەگەندەلی و بەهەدەردانی سامانی گشتی، کە ڕێگە دروستەکە ئەوەیە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ی چاکسازی بەسەر پەرلەمانتارانی خولی پێنجدا جێبەجێ بکرێت، لە (٦-١١-٢٠٢٢)ەوە کە بەهۆی درێژکردنەوەی تەمەنیەوە پەرلەمان یاساییبوونی خۆی لەدەستداوە، لەوساتەوە موچەکانیان بەپێی یاسای چاکسازی ئەژمار بکرێت. چونکە ئەگەر پەرلەمانێک خۆی ئامادەنەبێت ئەو یاسایانەی دەریکردوون بەسەر خۆیدا جێبەجێیان بکات، ئەی چۆن چاوەڕێی ئەوەدەکات خەڵکی جێبەجێیان بکەن!

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییش، کە هەمیشە باس لە چاکسازی دەکەن، لەکاتێکدا بەهۆی نەبوونی بودجەوە ئێستا کە کۆتایی مانگی شەشە هێشتا موچەی مانگی پێنجیان دابەش نەکردووە، کەچی لە هەنگاوی یەکەمیاندا بە نایاسایی نەسریە و مینحەی فراکسیۆنەکان و دەستەی سەرۆکایەتیان خەرج کرد و لە هەنگاوی دووەمیشدا موچەو ئیمتیازاتەکانی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمیان وەک خۆی خستۆتەوە خشتەی موچەوە کە ئەمەش پێشێلێکی تری یاسا بەرکارەکانە.

لەم پێناوەدا، بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت و دامەزراوە فەرمییەکان بگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی خۆیان، داواکارین لە ڕێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی، میدیاکاران، چالاکوانان، یاسا ناسان، پارێزەران، هەمووممان بەیەکەوە ببینە گروپی فشار بۆ جێبەجێکردنی ئەو خواستە یاسایی و جەماوەرییە.

لە کۆتاییدا تا ڕێکەوتی ٢-٧-٢٠٢٣ چاوەڕێی ناوەڕۆکی نامەکانمان دەبین، لە دوای ئەو کاتەوە بەگەیشتن و نەگەیشتنی وەڵامەکان هەنگاوی دواترمان ڕادەگەیەنین.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٥-٦-٢٠٢٣**

## پاشكۆی (٣٢)

## یادداشتی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە بڕیارەكەی دادگەی ئیتیحادی

### بڕیارەكەی دادگەی ئیتیحادی لەنێوان هەڕەشەو دەرفەتدا

لەئەنجامی ململانێی نێوان هێزە سیاسییەكانی هەرێم (بەتایبەت پارتی و یەكێتی) و كەمتەرخەمیان لە ئاست بەجێگەیاندنی ئەركەكانیان، سەبارەت بە (یاسای هەڵبژاردن) چەند سكاڵایەک ئاراستەی دادگەی ئیتیحادی كران، دوای تاوتوێكردن و بەڕێوەچوونی چەندین دانیشتن، لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٢/٢١)دا دادگای ئیتیحادی بڕیاری خۆی لەبارەی ئەو سكاڵایەوە دەركرد كە (یەكێتیی نیشتمانی كوردستان) لەسەر سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، سەرۆكی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی هەرێم تۆماریكردبوو. سكاڵاكار داوای لە دادگای فیدراڵی كردبوو حوكم بدات بە نادەستوری بوونی ماددەكانی (١، ٩، ١٥، ٢٢، ٣٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی هەمواركراو، كە تایبەت بوون بە: ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، كورسی كۆتاكان، بازنەی هەڵبژاردن، تۆماری دەنگدەران و لیستی پاڵێوراوان. لە ئەنجامدا لە گرنگترین بڕیارەكانی دادگەی ئیتیحادی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە، كە دەكرێت هەندێكیان بە تەكنیكی و ئەوانەی تریش بە سیاسین پۆلێن بكرێن:

١-تانە لە ماددەی (١) ی یاساكە دراوە كەتیایدا هاتبوو "پەرلەمانی كوردستان لە ١١١ ئەندام پێكدێت"، سكاڵاكار نوسیویە هیچ پێوەیک نیە بۆ دانانی كورسیەكان، بۆ ئەمەش پشتی بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٤٩)ی دەستوری عیراق بەستووە كە هاوشێوەی ئەنجومەنی نوێنەران بێت: "یەک كورسی بۆ سەد هەزار كەس لە دانیشتوان". لەئەنجامدا دادگە بڕیاریدا بە كەمكردنەوەی ڕێژەی كورسیەكان بۆ (١٠٠) كورسی، لەكاتێكدا دیار نیە ئاخۆ دادگەی ئیتیحادیش لەكەمكردنەوەی كورسیەكان پشتی بە چ پێوەرێک بەستووە! ئەگەر بەپێی دەستور بوایە هەر سەد هەزار كەس لە دانیشتوان كورسییەكی بۆ دەستنیشان بكرایە، دەبوایە بكرێت بە (٦١) كورسی گشتی، چونكە بەپێی دوا ئاماری بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بریتییە لە (٦١٠٣٢٧٤) كەس. جگە لەمە دانانی ژمارەی (١٠٠) كورسیش لەگەڵ كاری پەرلەمانی و ڕاسپاردنی كوتلەی گەورەو پێكهێنانی حكومەتدا وێكنایەتەوەو ئەگەری دروستبوونی كێشەی هەیە.

٢-تانە لە مادەی (٩) ی یاساكە دراوە سەبارەت بە گۆڕینی جوگرافیای هەڵبژاردنی هەرێم لە یەک بازنەییەوە بۆ فرە بازنەیی، كە لە چوار بازنە كەمتر نەبێت، ئەم خاڵەشیان كارێكی بەجێیەو بەهۆیەوە نوێنەرایەتی ناوچەكان باشتر بەرجەستە دەبێت و بواری گزی و ساختەكاریش كەمتر دەبێتەوە. بەڵام ئەو چوار بازنەییەی لەلایەن دادگەی ئیتیحادیەوە هێنرایە كایەوە، دەكرا لە پەرلەمانی كوردستانیش بكرێت، لەكاتێكدا هەموو لایەنەكان ڕازی بوون لەسەری.

٣-تانە لە مادەی (١٥) ی یاساكە دراوە سەبارەت بە پێداچوونەوەو ڕێكخستنی تۆماری دەنگدەران، ئەمەیان كارێكی یاسایی و لەجێیەو جێگەی دەستخۆشیە، ساڵانێكە دەبوایە خودی پەرلەمان و حكومەتی هەرێم پێی هەڵسن. لەكاتێكدا ئامادەكردنی تۆمارێكی پاک و بێگەرد ئەركی كۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمە، ئەو كۆمسیۆنە لە ساڵی (٢٠١٥) دروستبووە، ڕاپرسیەک و تەنها یەک هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، هەردووكیانی بە تۆماری دەنگدەرانی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عیراق كردووە، بە تەكلیف وەری گرتووە، لەكاتێكدا (٩) كۆمسیاری بە پلە وەكیل وەزیر و (١٢) بەڕێوەبەری گشتی و (٥١٨) فەرمانبەری هەیە، ماوەی (٩) ساڵە مانگانە نزیكەی (٩٠٠) ملیۆن دیناری وەک موچەی نەسریە بۆ خەرج دەكرێت، كەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت نەتوانراوە تۆمارێكی دەنگدەرانی بێگەرد دروستبكەن، كە ئەو كاتە كۆمسیۆنەكە هیچ كێشەیەكی یاسایی و سیاسی نەبوو، پرسیار ئەوەیە كۆمسیۆنێک كە نوێنەری لایەنی سكاڵاكاری تیادایە، بودجەو توانای مرۆییان هەبووە، بۆچی لەو

ماوە دوور و درێژەدا هیچ کاریکیان لەسەر ئەو تۆمارە نەکرد؟ کەچی ئێستا ئەو داوایە لە بەغدا دەکەن؟ ئەوە چ باوەڕ بوونێکە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و چ بەهەدەردانێکی داهاتی هەرێمە؟

٤- تانە لە مادەی (٢٢) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە نادەستوری دانانی لیستی هەڵبژاردن کە ڕێگە بە لیستی تاکەکەسیش بدات، بە مەرجی پاراستنی ڕێژەی ژنان. لایەنە سیاسییەکان دەیانتوانی لە پەرلەمانی کوردستاندا کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن.

٥- تانە لە مادەی (٣٦) ی یاساکە دراوە سەبارەت کورسی کۆتاکان، سکاڵاکار داوای دابەشکردنی کورسی کۆتاکانی کردووە بەسەر پارێزگاکاندا، بەلام دادگا بڕیاریدا بە لابردنی هەر (١١) کورسی کۆتا. بەپێی بڕیارەکە بوونی کورسی کۆتا نادەستورییە، ئەمەش لەگەڵ دەستور و یاسا و واقیعدا وێک نایەتەوە، بەتایبەتی کۆتای مەسیحییەکان، چونکە لەلایەک سیانزە ساڵ بەر لە دەرکردنی دەستوری هەمیشەیی عیراق کۆتای مەسیحییەکان لە ساڵی ١٩٩٢ وە لەپەرلەمانی کوردستاندا هەبووە و لە مادەی (١٤١) ی دەستوریشدا هاتووە: "کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ وە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت". لەلایەکی تریشەوە بەپێی یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، (٩) کورسی کۆتا لە ئەنجومەنەکەدا هەیە، کە پێنج لەوانە بۆ مەسیحییەکان تەرخان کراوە، بەمەش ئەو پرسیارە دێتەکایەوە: ئاخۆ نادەستوریبوونی کۆتای مەسیحییەکان لەکوێدایە؟ دادگای فیدراڵی ئەگەر سیستەمی کۆتای کوردستان بە پێچەوانەی دەستوری عێراق دەزانێ، دەبوایە پێشتر کۆتا لەعێراقدا هەڵوەشێنێتەوە، ئینجا بڕیار لەسەر نادەستوری بوونی کۆتا لە کوردستان بدات. کە بڕیارەکەیشی دەرکرد، دەبوایە ئەلتەرناتیڤێکی بۆ مافی پێکهاتەکان پێشنیاز بکردایە و ڕەچاوی کێشە سیاسی، کولتوری، کۆمەلایەتی و ئاینییەکانی کردبایە، بە جۆرێک چارەسەری یاسایی بکردایە بەبێ ئەوەی مافەکانیان بەیەکجاری فەرامۆش بکات. لەلایەکی ترەوە دەبوایە سکاڵاکاران ئەوەیان بە ئەگەر وەربگرتایە لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکاندا کاریگەری لەسەر پرسی بەیەکەوە ژیان دەبێت کە چەندین ساڵە لە هەرێمدا بەرقەرارە، کاریگەری لەسەر دۆخی شاری کەرکوک دەبێت کە شاری بەیەکەوە ژیانەو کورد تیایدا زۆرینەیە و خواستی سەرکردایەتی کوردستانە کە بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێم. ئەو شەڕەی لە بەغدا کردیان دەکرا لە کوردستان بیانکردایە، ئەو لایەنانەی ملیان نەدەدا کورسی پێکهاتەکان دابەش بکرێ، سەری کێشا بۆ نەهێشتنی یەکجارەکی کورسیەکان وەدەرنانیان لە پەرلەمانی کوردستان. ئەگەر لە کوردستان چارەسەر بکرابوایە و لە دوو پارێزگەدا چڕ نەکرابونایەوە سەری نەدەکێشا بۆ ئەوەی ڕەت بکرێنەوەو نەمێنن.

٦-جگە لەمانە دادگا بڕیاری لە نادەستوریبوونی بڕگەی (٢) لە مادەی (٥٦) یاساکە داوە، کە پەرلەمان دەسەڵاتی بڕیاردانی لە پرسە چارەنوس سازەکانی خەڵکی کوردستاندا نەبێت. لەکاتێکدا ئەم بابەتە لە داواکەدا نەهاتووە، بەپێی ئەمە دەبێت بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانیش هەڵبوەشێنرێتەوە کە تیایدا هاتووە" پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستووری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق". بەپێی ئەم بڕیارە بێت ئیتر لەمەودوا دامەزراوەی پەرلەمان لەبایەخی کەمتریش دەبێتەوەو هیچیتر مەرجەعی خەڵکی کوردستان نابێت! لەکاتێکدا خەباتی سیاسی بەشێکی گەورەی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمدا ئەوە بووە پەرلەمانی کوردستان ببێت بە مەرجەعی باڵا، بۆ نمونە لە پرسەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم، دەستور، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و فیدراڵ و چەندانی تر لەژێر سەقفی پەرلەماندا یەکلایی بکرێنەوە. لەهەمووشی گرنگتر هەمیشە زۆرینەی پەرلەمان و سەرۆکایەتییەکەی لای ئەو هێزانە بووە کە پارتی نەبوون، چونکە سەرۆکایەتی حکومەت لای پارتی و پەرلەمانیش لای لایەنەکانی تر بووە. لە ئێستادا کە مەرجەعیەتی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان وەردەگیرێتەوە، ئەو هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسی و

ڕۆشنبیرانەی چەندین ساڵە شەڕی ئەوەیان دەکرد پەرلەمان مەرجەعی باڵای چارەسەرکردنی پرسە چارەنوسسازەکان بێت، لانی کەم بەپێی بانگەشەکانی رابردوویان، دەبوو ئەگەر ئیدانەی ماددەکانی تریش ناکەن، ئیدانەی ئەو ماددەیەیان بکردایەو بهاتنایەتە دەنگ، چونکە گورزەکە بەر ئەوانە کەوتووە، کەچی جگە لەوەی سەبەبکارن، بێدەنگیشن.

پەیامەکانی پشت ئەم بڕیارە زۆر لەوە گەورەترە تا لە پرسی یاسای هەڵبژاردندا بچوک بکرێتەوە، چونکە جیا لەبڕیارەکانی دیکە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پێگە و چارەنوسی هەرێمی کوردستان دەبێت و لێکەوتەکانی ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم دیاری دەکات. ئەوەش دەگەیەنێ کە تەنها ڕکابەرەکانی کورد پەنا نابەنە بەردەم دادگای باڵای ئیتیحادی بۆ بەرزکردنەوەی داوا دژ بە حکومەتی هەرێم، بەڵکو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەوەندە ناکۆکن! داوا لەسەر سەرۆکایەتییەکانی هەرێم بەرز دەکەنەوە بۆ بە نادەستوری ناساندنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان! ڕاستییەکی تاڵە لایەنەکانی هەرێم ئەوەندە ناتەبا بن، دامەزراوەکانی ئەوەندە ناکارا بن، پەنا بۆ دادگای باڵای ئیتیحادی ببرێت! دادگایەک (بەو پێکهاتەی ئێستای) چارەنوسی داواکاریەکانیان دیاری بکات و وەک پارێزەری مافە دەستورییەکانی گەلانی عێراق لێی بڕوانرێت.

لەراستیدا ئەم بڕیارەی دادگای ئیتیحادی، درێژە پێدەری کۆمەڵێک بڕیار و یاسا و هەنگاوە کە لە ڕابردودا دراون بۆ لەقاڵبدان و بچوک کردنەوە و دوو کەرتکردنی قەوارەی هەرێم، ئاماژەن بۆ ئەو خواستەی کە چیتر هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی نەمێنێ، بەڵکو وەک یەکەیەکی کارگێڕی و هاوشێوەی هەریەک لە پارێزگاکانی تری عێراق ئەژمار بکرێت. ئەو هەنگاوە مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە لەمەودوا پەرلەمان نەتوانێت بە رۆڵی تەشریعی خۆی هەڵسێ و نەتوانێ هیچ یاسایەکی بنچینەیی چارەنوسساز لە هەرێمی کوردستان دەربکات، چونکە ئەگەر تۆزقاڵێک بە دڵی دەسەڵاتدارانی بەغدا نەبێت دادگەی ئیتیحادی هەڵی دەوەشێنێتەوە. ئەمەش وادەکات پەرلەمان لە دامەزراوەیەکی یاسادانانەوە ببێت بە دامەزراوەیەکی بێ رۆڵ و کاریگەر، کاتێکیش دامەزراوەی تەشریعی رۆڵی نەمێنێ، ئۆتۆماتیکی سیستەمەکە لە لامەرکەزی سیاسییەوە دەبێت بە لامەرکەزی ئیداری، ئەمەش سەرەتای نەمانی فیدرالیەتە. چونکە نیەتێک هەیە لە عیراقدا کە دەوڵەتەکە ببێتەوە بە مەرکەزی و فیدرالیەت هەڵوەشێتەوە، ئەو راستیەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە تا ئێستا رێگری لە پێکهێنانی هەرێمێکی تری شیعی یا سوننی دەکرێت و بە ئاشکرا بەر بەو هەوڵانە دەگیرێت کە لە خواروو و ناوەراستی عیراقدا هەن، کە ئەمەش پێچەوانەی دەستورە. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم مەرامە و داخستنی دەرگەی پێکهێنانی هەرێمی تر، دەخوازن بە هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان دەست پێبکەن.

بەڵام ئایا لە هۆکاری بنەڕەتی ئەم ڕوداوانە تەنها نەیارەکانی بەغدان؟ یان لەئەستۆی ئەو لایەنانەیە کە سکاڵایان تۆمار کردووە؟ یاخود، بنچینەی هەڵەکان خودی هەرێمە و دوای چارەسەرنەکردنی کێشەکانی وەکو بڕینی موچە، سیستەمی هەڵبژاردن و ڕێک نەکەوتن لەسەر کۆتا و چەندانی تر؟ دەبێ ئەو راستیە بزانرێت بەشێکیان جگە لەوەی ویستێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و عێراقیان لە پشتەوەیە، بەشەکەی تری دەرەنجامی بنبەستی سیاسیی هەرێم و نەمانی شەرعییەتی دامەزراوەکانی و پشتگوێ خستنی دەنگە دڵسۆزەکان بوو، خەسڵەتەکانی بێ ئاگایی و گەندەڵی و نادادی و نەبونی حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو و دەسەڵاتێکی ڕەشید لە هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکین. سەرباری ئەوەی بەشێکی هێزە سیاسییەکان تاکڕەوانە هەنگاویان دەنا، لە بری ئەوەی ململانێکانیان ببەنە ناو پەرلەمان، کەچی بۆ دەستشکانەوەی یەکتر هانایان بۆ بەغدا برد، لەکاتێکدا عیراق بۆخۆی بەدەست دەیان کێشەی دەستوری و سیاسییەوە دەناڵێنێ! هێزە سیاسییەکان دەرەقەتی ململانێکانی خۆیان نەدەهاتن لەناو پەرلەمان و حکومەت، بەغدایان بە فریادڕەس زانی تا ململانێکانیان بۆ یەکالا بکاتەوە. لەناو ئەو بەرداشەشدا هاوڵاتیانی هەرێم و ئەزمونەکەی زەرەرمەندی یەکەم بوون. کە ناچار کران بۆ مافەکانی قوت و ژیانیان هانا بۆ بەغدا ببەن. ئێستاش لایەنە سیاسییەکان بەناچاری ئەبێ رازی بن بەوەی

بەسەریاندا سەپێنراوە، چونکە ئەم بڕیارە بە پێی ماددەی (٩٤)ی دەستور پابەند کارە، قابیلی تانەو پێداچوونەوە نیەو تەنها دەبێ جێبەجێ بکرێت.

ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم نیشتمانیانە و دڵسۆزانە کاری بکردایە، خەڵکی بە هی خۆیانیان دەزانی و هانایان بۆ هیچ لایەنێکی تری دەرەکی نەدەبرد! ئەگەر لە هەرێمدا دەستور پەسەند بکرایە، ئێستا نە دەستوری عێراق لە هەموو ڕویەکەوە دەکرایە مەرجەعیەتی یاسایی بۆ کوردستان و نە بەغداش دەبووە قیبلەگای چارەسەر، بەڵام لایەنە سیاسییەکان، ئەوەندەی سەرقاڵی بابەتی لاوەکی و بەرژەوەندی حزبی بوون، نەپەرژانە سەر بەجێگەیاندنی بڕیارە ستراتیژییەکانی تایبەت بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان سیاسەتی نادروستی هێزە سیاسییەکانە لەهەمبەر شەرعیەتی دامەزراوەکان و بێبایەخ کردنیان، کە مامەڵەکردن لەگەڵ پەرلەمان لەلوتکەی ئەو بێ ئەرزش کردنەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیەش بەرپرسیاری یەکەم لەو پاشاگەردانیە مێژووییەی رووی لە ئەزمونەکە کردووە، خولی پێنجەمی پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکەی بوون، کە جێبەجێکاری ئەو سیاسەتە قێزەونە وێرانکەرە بوون. چونکە هیچکام لە گرفتەکانی هەمواری یاسای هەڵبژاردن، بژارکردن و پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، دۆسیەی کۆتاکان، نوێکردنەوەی دامەزراوەو دەستەکانی وەک کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری دارایی ئەوەندە قورس نەبوون تا پەرلەمان نەتوانێ چارەسەریان بکات، لاوازی و دەستەمۆیی و بێ ئیرادەییان وای کرد لەئاست بەرپرسیارێتی و بەجێگەیاندنی ئەرکە سەرەتاییەکانی پەرلەمان و ئەو سوێندە یاساییەدا نەبن کە خواردبوویان!

ئەو پاشاگەردانی و گەرەلاوژەیەی لە هەرێمدا دەگوزەرێت، ئاسۆی بینینی لای تاکی کورد لێڵ کردووە، تا ئاستێک دۆست و دوژمنی لێتێکەڵ ئەبێت و سەرکەوتن و شکست لە یەک جیا ناکاتەوە. پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی سەرەکی، لەبری پاراستنی شوناسی کورد و سەروەریی نیشتمان، خەریکی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن، دەبێ لەو راستیە بگەن، ئەو شێوازە حوکمرانیەی تا ئێستا لە هەرێمدا پەیرەویان کردووە شکستی خواردوە، بەردەوامبوون لەسەری هەم کۆتایی بە ئەزمونەکە دەهێنێت و هەم لەبەردەم مێژوودا تۆمەتبار دەبن بە لەباربردن و بەفیرۆدانی خەبات و قوربانیدانی قۆناغێکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بۆ دەرباز بوون پێویستمان بە لێبوردەیی و بنیاتنانی سیستمێکی سەردەمیانەی نوێ هەیە، پێویستە ئەو مەترسیانەی ببنە هۆی راچڵەکینی سەرکردایەتی کوردستان و بیکەن بە دەرفەتێک بۆ دەرچوون لەو میحنەتانەی بەسەر خەڵکی کوردستان و ئەزمونەکەیاندا هێناوە.

**ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٤/٣/٤**

## پاشکۆی بەلام( ٣٣ )

### یادداشتی ئینستتیوتی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز نێچیروان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## با هیچی تر هەڵبژاردن دوانەخرێ تا شەرعیەتی هەرێم نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە

پاش سلاو و رێز...

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزتان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتیی هەرێم دەکەن و بە ناویەوە دەدوێن، ئەرکی بەڕێزیشتانە هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا بکەن. بە پێی هەمان یاسا کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی گشتی، یان دامودەزگا دەستوورییەکانی بکەونە مەترسییەوەو هەڕەشە لە بوونیان بکرێت، بەڕێزتان بەرپرسن لە پاراستنیان. لە هەمان کاتدا مولزەمیشن بەوەی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیاندا بکرێن و زەمینەی لەبار بۆ ئەنجامدانیان بڕەخسێنرێت.

لە ئێستاشدا پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی هەستیارو مەترسیداردا گوزەر دەکات، ئەم دۆخەی خولقاوە لەبنەڕەتدا وەک پیلان بە هەماهەنگی و ژێر بەژێری دەوڵەتە هەرێمییەکان و بە ئاگاداری عیراق بەرێوە دەچێت بۆ گێڕانەوەی هەرێمی کوردستان بۆ چوارگۆشەی سفر، کە ناکرێ ئەو راستیەش فەرامۆش بکرێت خودی هێزە سیاسییە خۆماڵیەکان (بەتایبەتی پارتی و یەکێتی) رێگەخۆشکەر و هۆکاری سەرەکین، چونکە کارتی بیانویان بەدەستەوە داوە! ئەگەر پێشتر یەکێتی بیانووی جیاجیای هەبوبێت بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان، ئەوەتا ئێستا پارتی بە بیانوی جۆراوجۆرەوە راستەوخۆ بایکۆتی کردووە، ئەم سیاسەتەش هەرێم دەخاتە بەردەم ترازان و تێکچونی پەیوەندییەکان، تا ئەگەری پێکدادان و توندوتیژی و دەستێخستنی زیاتری عیراق و دەوڵەتە هەرێمیەکان لە ناوخۆی هەرێم.

بەردەوام بوونی ئەم رەوشە دەبێتە مایەی ئەوەی چارەنوسی حکومەتی هەرێم خۆی لە کەرتبووندا ببینێتەوە، لەوەش خراپتر دوای ئەم قۆناغە ئەگەری هەموارکردنەوەی دەستور لەعیراقدا دەبێتە دیفاکتۆ، ئەو کاتەش کورد توانای رێگریکردنی نابێت و پەشیمانی داد نادات، بەمەش شتێک بەناوی کیانی سیاسی یەکگرتوو لەباشوری کوردستاندا نامێنێ.

بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە ترسناکە، ئەرکی بەڕێزتانە وەک سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی خۆتان بەکار بێنن و بەرپرسیارێتی مێژوییتان لەبەرچاو بگرن، بە سیاسەتێکی ژیرانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکەیەکەی رووداو و لایەنەکاندا بکەن، بە جۆرێک نە قەوارەی هەرێم زیانمەند بێت و ئەزمونەکە بکەوێتە بەردەم هەڕەشەوە، نە هەڵبژاردنیش بکەوێتە تونێلێکی داخراوەوە. بۆ ئەمەش پێویستە

زەمینەیەکی لەبار بۆ هاوڵاتیان و لایەنە سیاسییەکان برەخسێنرێت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، تا هەم خەڵکی بەشداری بکەن و متمانەیان پێی هەبێت، هەم لایەنە سیاسییەکانیش دوای هەڵبژاردنەکە ئەنجامەکانی قبوڵ بکەن، نەک کێشەی لێ بکەوێتەوە.

هەرچەندە لە رابردوودا بەڕێزتان بەئەرکی یاسایی خۆتان هەڵساون بەوەی چوار جار و بە چوار مەرسومی جیاواز وادەی هەڵبژاردنتان دەستنیشانکردووە، کە بریتیبوون لە (٢٠٢٢/١٠/١)، (٢٠٢٣/١١/١٨)، (٢٠٢٤/٢/٢٥)، لە سێ وادەی یەکەمدا هەڵبژاردن دواخرا، بەپێی ئەو رەوشەی دەگوزەرێت لەوەناچێ دوا وادەش کە (٢٠٢٤/٦/١٠)ە هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان...

ناکرێ بانگەشەی دیموکراسیەت بکەین، کەچی هیچکام لە هەڵبژاردنەکان لە ساتی خۆیاندا ئەنجامنەدرێن و هەمیشە دوابخرێن، هەر جارەی بە بیانو و هۆکارێک، هەرجارەی لایەنێک بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆی، پەکی پرۆسەکە بخات و هەرێم بخرێتە بۆشایی یاساییەوە، چونکە لە غیابی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، غیابی یاسا دێتەکایەوە، دامەزراوەکانی تریش پەکیان دەکەوێت و هەرێم زیانمەند دەبێت، بۆیە دەبێت ئەو دامەزراوانە کارا بکرێنەوە، جگە لەوەی هەرێم پێویستی بە شەرعیەتە، پێویستیشی بەو دامەزراوانە هەیە، جگە لەوەی هەڵبژاردن پێویستیەکی دیموکراسیە، دەستەبەری پاراستنی قەوارەکەشە، چونکە بە هەڵبژاردن جارێکی تر دامەزراوەکان نوێ دەبنەوەو دەستبەکار دەکەنەوە، بۆیە ئەگەر هەر هەنگاوێک دەگیرێتەبەر دەبێ لەپێناو دەستەبەری ئەمجارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردندا بێت.

ئەگەر ئەم رەوشەی دەگوزەرێت بەردەوامبێت، تەواوی پرۆسەی سیاسی لە هەرێم و هاوڵاتیانی رووبەڕووی تەنگژەیەکی تر دەبنەوە، بەرەو تونێلێک دەربردرێن کە کۆتاییەکەی نەک هەر روون نیە، بەڵکو مەترسیداریشە، دوور نیە هەرێمی کوردستان بکەوێتە قەیرانێکی ترەوە کە چارەسەرکردنی ئەستەم بێت. لەبەر ئەوە چاکتر وایە هەوڵبدرێ دەرچەیەکی سیاسی و یاسایی بدۆزرێتەوە و هەرێم و خەڵکەکەی لەو تەنگژە پڕ مەترسیە دەرباز بکرێن، بەجۆرێک کەمترین زیانی لێ بکەوێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی هەرێم...

لەم پێناوەدا داوا لە بەڕێزتان دەکەین بە رۆڵی خۆتان هەڵسن، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی هەردوو تەوەر و ئاراستە بەیەکەوە هاوتەریب بەڕێوە بچن، هەم هەرێم پارێزراو بێت و هەم هەڵبژاردنیش ئەنجامبدرێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەر ئاستی دەرەکیدا راوێژ لەگەڵ یۆنامی و نوێنەرانی کونسولخانەکاندا بکرێت و هاوپەیمانەکان وەک پاڵپشت بخرێنە سەر خەت، دانوستان لەگەڵ عیراقی فیدرالدا بکرێت بۆ چارەسەری گرفتەکان، لەپێناو قوتی هاوڵاتیاندا پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا بۆ قۆناغێکی ئاسایی بگێڕنەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆشدا، کۆبوونەوەیەکی لوتکەی حیزبەسیاسیەکان ئەنجام بدرێت، راوێژ و پرسوڕایان پێ بکرێت، کۆدەنگییەک بهێنرێتە کایەوەو هەموان بەیەکەوە هەرێم و قەوارەکەی لە غیابی شەرعیەت دووربخەنەوە، پێویستە دەرچەیەک بدۆزنەوە بە ئاراستەی پاراستنی ئەزموونەکە و گەشەپێدانی، کە لەسایەیدا هاوڵاتیان ئاشت بکرێنەوە، لەپاڵیشیدا هەڵبژاردنیش بە تونێلێکی نادیار و

داخراو نەسپێردرێت، کە ئەمە تاکە دەستەبەری مانەوەی هەرێم و حکومەتە یەکگرتووەکەیەتی. بە پێچەوانەوە هەرێم دەکەوێتە قۆناغی پیلانگێڕیەکی خۆبەخۆی ناوخۆی ترسناک، کە نە دۆخی کوردستان نە دۆخی ناوچەکەش بەرگەی قەیرانێکی تر ناگرێت، بۆیە ئەرکی یاسایی، سیاسی، مێژوویی و ئەخلاقیی بەڕێزتانە هەرێم لەم دۆخە نەخوازراوە دوور بخەنەوە تا تەڕو وشکی تیادا نەسوتێنرێت، چونکە دواتر پەشیمانی دادی کەس نادات. تکایە با نەوەی ئەمڕۆی کوردستان سەرگەردان نەبن و نەوەکانی داهاتوش نائومێد نەکرێن و تۆمەتبارمان نەکەن بەوەی خودی کورد خۆی هۆکاری پێچانەوەی خوانی بەتەمەنترین ئەزموون و قەوارەی خۆی بووە لە مێژوودا!

لەگەڵ ڕێزماندا

**ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٤/٤/٢**

## لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان

### یەکەم: بە زمانی کوردی:

١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەرکردنیان، نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەکانی خوێندنی باڵا و گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە رووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دووەم، (١/٩/٢٠١٤-٢٨/٢/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سێیەم، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی چوارەم، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٥-٢٩/٢/٢٠١٦)، هەولێر، ٢٠١٦.

١٠-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی شەشەم، (١/٣/٢٠١٦- ٣١/٨/٢٠١٦)، هەولێر، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی حەوتەم، (١/٩/٢٠١٦-٢٨/٢/٢٠١٧)، هەولێر، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری کردنی پەرلەمان لە ڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، ڕاپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا، ڕاپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دەیەم، (١/٣/٢٠١٧- ١٥/١١/٢٠١٧)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥-ڕەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٧- ٦/٣/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دوانزەهەم، (٦/٣/٢٠١٨- ٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١-ڕاپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- ڕاپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سیانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٤-ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٥- ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٦- ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سێیەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٧- ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی چوارەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٨- ڕاپۆرتی چاودێریی دەستەسەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا، ڕاپۆرتی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢١.

٢٩- ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی شەشەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٠-ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، ڕاپۆرتی حەوتەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠٢١.

٣١- ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی هەشتەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٢- ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، ڕاپۆرتی نۆیەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣٣- ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دەیەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣٤- چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان. هەولێر، ٢٠٢٣.

٣٥- ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یانزەهەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٦- ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، ڕاپۆرتی دوانزەهەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٧- پەرلەمانی کوردستان لە کوێوە بۆ کوێ؟ راپۆرتێکی بەراوردکارییە سەبارەت بە کاری پەرلەمانی لەنێوان هەر پێنج خولی پەرلەمانی کوردستاندا (١٩٩٢-٢٠٢٣)، راپۆرتی سیانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٨- پەرلەمانی کوردستان لەدوای درێژکردنەوەی تەمەنی چی کردووە؟ راپۆرتی چواردەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٣٩- دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، راپۆرتی پانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٤٠-خانەنشینی نایاسایی، راپۆرتی شانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.

٤١-لە هەرێمی کوردستاندا ئەزموونی دواخستنی هەڵبژاردن دەوڵەمەندترە لە ئەنجامدانی، راپۆرتی حەڤدەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی:

١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٤.

٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، اربيل، ٢٠١٥.

٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٥.

٤- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، اربيل، ٢٠١٥.

٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، اربيل، ٢٠١٦.

٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٦.

٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، اربيل، ٢٠١٧.

٨- تقرير الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل، ٢٠١٧.

٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال، التقرير التاسع، اربيل، ٢٠١٧.

١٠-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، السليمانية، ٢٠١٧.

١١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، اربيل، ٢٠١٨.

١٢-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٨.

١٣- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٩.

١٤-تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانية، ٢٠١٨.

١٥-تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الثاني، التصويت العام، السليمانية، ٢٠١٨.

١٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، (٢٠١٨/١١/٦-٢٠١٩/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٩.

١٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، (٢٠١٩/٠٩/١-٢٠٢٠/٠٢/٢٩)، اربيل، ٢٠٢٠.

١٨- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث للدورة الخامسة، (٢٠٢٠/٠٣/١-٢٠٢٠/٠٨/٣١)، اربيل، ٢٠٢٠.

١٩-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع للدورة الخامسة، (٢٠٢٠/٩/١-٢٠٢٠/١٢/٣١)، اربيل، ٢٠٢٠.

٢٠-تقرير مراقبة الهيئات المستقلة في اقليم كوردستان بين الالتزام بالقوانين والانتهاكات، التقرير الخامس، اربيل، ٢٠٢١.

٢١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس للدورة الخامسة، (٢٠٢١/٠٣/١-٢٠٢١/٠٨/٣١)، اربيل، ٢٠٢١.

٢٢- تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، التقرير السابع، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢٠ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢١)، اربيل، ٢٠٢١.

٢٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثامن للدورة الخامسة، (٢٠٢١/٩/١-٢٠٢٢/٢/٢٨)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٤-تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، التقرير التاسع، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢١ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢٢)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر للدورة الخامسة، (٢٠٢٢/٣/١-٢٠٢٢/٨/٣١)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٦- مراقبة تنفيذ سياسات واجراءات ضريبة العقار في اقليم كوردستان، اربيل، ٢٠٢٣.

٢٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر للدورة الخامسة، (٢٠٢٢/٩/١-٢٠٢٣/٢/٢٨)، السليمانية، ٢٠٢٣.

٢٨- تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، الثاني عشر، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢٢ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢٣)، السليمانية، ٢٠٢٣.

٢٩- برلمان كوردستان من اين الى اين؟ تقرير مقارن حول النشاط البرلماني خلال الدورات البرلمانية الخمسة (١٩٩٢-٢٠٢٣)، التقرير الثلاثة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣٠- ما الذي قام به برلمان كوردستان بعد تمديد مدته القانونية؟ التقرير الرابعة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣١- وضع سيادة القانون في إقليم كوردستان، التقرير الخامسة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣٢- التقاعد الغير القانوني ، التقرير السادسة عشر، السليمانية، ٢٠٢٤.

٣٣- في إقليم كردستان تجربة تأجيل الانتخابات أكثر من إجرائها، التقرير السابعة عشر، السليمانية، ٢٠٢٤.

## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.

2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.

3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.

4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.

5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.

6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.

7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.

8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.

9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.

10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.

11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.

12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.

13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.

14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.

15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.

16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.

17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.

18- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The third report,(1/3/2020-31/8/2020), Erbil, 2020.

19- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The Fourth report,(1/9/2020-31/12/2020), Erbil, 2020.

20- Independent Boards of Kurdistan Regional Government Between Commitment to the law and violations, , Fifth report, Erbil, 2021.

21- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth report,(1/3/2021-31/8/2021), Sulaymaniy, 2021.

22- MPs Performance Assessment Report, Seventh Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2020-28/2/2021), Erbil, 2021.

23- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eighth report,(1/9/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

24- MPs Performance Assessment Report, Ninth Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

25- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Tenth report,(1/3/2022-31/8/2022), Sulaymaniy, 2022.

26- Real Estate Tax policy monitoring in Kurdistan Region Government- Iraq, Erbil, 2023.

27- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report,(1/9/2022-28/2/2023), Sulaymaniy, 2023.

28- MPs Performance Assessment Report, Twelfth Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2022 -28/2/2023), Sulaymaniy, 2023.

29- Kurdistan pariament from where to where? its a comparative on parliamentary work between the five rounds of kurdistan parliament (1992-2023), Thirteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

30- What did the Kurdistan Parliament do after extending its legal term? Forteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

31- The status of the rule of law in the Kurdistan Region. Fifteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

32- Illegal retirement, Sixteenth Report, Sulaymaniy, 2024.

33- In the Kurdistan region The Experience of Postponing Elections is More Plentiful than Holding Them, Seventh Report, Sulaymaniy, 2024.

PAY FOUNDATION
For Education & Development

## دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

دامەزراوە پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان لە(٢٦ی تشرینی دووەمی٢٠١٣) لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا تۆمارکراوە، رێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، کەسایەتییەکی یاسایی سەربەخۆی هەیە، لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆیە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەواییەکی پێگەیشتوو لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێک بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی دامەزراوەی پەی

١. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

٢. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.

٣. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.

٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٥. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٦. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان.

٧. پرۆژەی چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و رێوشوێنەکانی باجی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان.

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

ژمارە (١٠٧)

www.payinstitute.org